# گەمەی دەرەنجامی سفری

## لە شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیادا



د. جعفرئیبراهیم ئێمینکی *

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو شەڕەی ئێستا لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا بەڕێوەدەچێت، چۆتە قۆناخێکی دیکە کە دەشێت پێی بگوترێت: گەمەی دەرەنجامی سفری (Zero-sum game)، ئەمەش بەو مانایەی لەم گەمەیەدا ڕێژەی دەستکەوتی لایەك یەکسان بێت بە زیانی لایەکەی دیکە، یان بە پێچەوانەشەوە، یان بە دیوێکی دیکە، یان ئەوەتا لە ڕێگەی ئەم گەمەیە هەموو شتێك بەدەست دەهێنێت، یان هەموو شتێك دەدۆڕێنێت. بۆیە کاتێك هاوکێشەکە دەگاتە ئەوەی گەمەی دەرەنجامی سفری پێڕەو بکرێت، بەتایبەتی لە شەڕێکی چەکداری و خوێناویدا، ئەوا بەشی زۆری قوربانییەکان دەبێتە خەڵکی سڤیل و بێتاوان و کاولکردنی شارەکان و دەست نەپاراستن لە هیچ شتێك. بۆیە بۆ دنیای ئەمڕۆ کە هەموو جیهان بانگەشەی مافی مرۆڤ و دوورخستنەوەی شەڕ و ئاشووبە لە خەڵکی سڤیل و بێتاوان، ئەم جۆرە گەمەیە قبوڵ ناکرێت و لەوانەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کاتێکی دیاریکراودا و بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئەم شەڕە دەستێوەردان بکات.

پێشتر سیاسەتی پەکەکە بۆ شەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژە بوو، کە گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی ناچار بێت دانوستاندنی لەگەڵ بکات و یەك مێزی دانوستاندن هەردوولایان کۆبکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆسەی ئاشتی و دانوستاندن لە تورکیا شکستی هێناوە و لەمەش خراپتر بارودۆخەکە بەوە گەیشتووە کە هیچ ئاسۆیەك بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و دانوستاندن دیار نییە، بۆیە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن و رەوتی رووداوەکانیش بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕۆن، کە پەکەکە ئەمجارەیان ستراتیژیەتێکی تازە بگرێتەبەر کە ئەویش گەمەی (دەرەنجامی سفری)یە، ئەمەش

بەو مانایەی یان ئەوەتا لەم شەڕەدا سەردەکەوێت و هەموو شت بەدەست دەهێنێت، یان ئەوەیە هەموو شتێك دەدۆڕێنێت و کۆتایی پێدێت. لەبەرامبەریشدا کاتێك سەیری کاردانەوەی حکومەتی تورکیا دەکەین، دیسان هەست دەکەین ئەوانیش هەمان گەمەی (دەرەنجامی سفری) لە دژی پەکەکە دەکەن و ئامانجی ئەوانیش لەم شەڕەدا ئەوەیە، یان بە تەواوەتی شکست بە سەر پەکەکەدا دەهێنن، یان پارتی دادوگەشەپێدان تووشی شکستێکی گەورە دەبێت.

ئەم بارودۆخە ژینگەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆی دروستکردووە کە هەردوولا (پەکەکە و تورکیا) ناچاربن گرەو لەسەر فاکتەری دەرەکی بکەن، بۆیە هەر لایەکیان بتوانن زیاتر سۆزی دەوڵەتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی رابکێشێت، ئەو لایەنە زیاتر چانسی بردنەوەی ئەم شەڕەی دەبێت.

دەوڵەتی تورکیا هەتا ئێستا لەو هەوڵانەیدا سەرکەوتوو بووە کە نەهێڵێت هیچ دەوڵەتێکی جیهان راستەوخۆ هاریکاری پەکەکە بکات، لەمەش زیاتر تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە شەڕی دژی پەکەکە وەك شەڕی تیرۆر پێناسە بکات و جیهان زیاتر پشتگیری لە تورکیا بکات، بەڵام لە بەر ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە و سیاسەتی نێودەوڵەتیش لەگەڵ رەوتی خێرای رووداوەکان جۆرێك لە دینامیکیەتی وەرگرتووە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا ئەویش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە پێدەچێت ئەم بارودۆخەی ئێستا کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بۆ بەرژەوەندی تورکیا شکاوەتەوە، بەردەوام و تاسەر وەك خۆی نەمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

ناتوانرێت شەڕی ئێستای نێوان چەکدارانی پەکەکە و تورکیا، لە دەرەوەی گۆڕانکاری و ئەو رووداوا خێرایانەی لە ناوچەکەدا هەن، جیابکەینەوە، یان بە دیدێکی جیاواز لە دیدێکی گشتگیر بۆ خوێندنەوەی کۆی گشتی هاوکێشەکە بخوێنینەوە. ئاشکرایە فاکتەری سەرەکیی گۆڕانکاری و رووداوەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەندە بە شەڕی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش، دیارە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی ئەو راستییەیان نەشاردۆتەوە، کە ستراتیژیەتی سەرەکییان پێش هەموو شت شکستپێهێنان و رووخانی خەلافی دەوڵەتی ئیسلامی داعشە، ئەمەش بەو مانایەی شەڕی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆتە مەحەکێك بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی دۆست و دوژمن لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە، ئەوەی زیاتر خۆی لە بەرەی داعش ببینێتەوە و زیاتر بەشداری لە شەڕی دژی داعش بکات و رۆڵی هەبێت لە تێکشکاندن و رووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعشدا، ئەوا بێگومان ئەو لایەنە زیاتر متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشتگیریی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بەدەست دەهێنێت، ئەمەش دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ یەکلاییکردنەوەی شەڕەکە و بردنەوەی لە بەرژەوەندی ئەو لایەنەدا.

کەواتە ئێستا هەردوولا( تورکیا و پەکەکە) لە چوارچێوەیەکی زۆر سنووردار و هەستیاردا گەمەی دەرەنجامی سفری بەرامبەر یەکتری پیادە دەکەن، لەم چوارچێوەشدا هەم بژارەکانی بەردەمیان سنووردارە، هەمیش وەك ئەوەیە بەناو کێڵگەیەکی بە مین چێنراودا هەنگاو هەڵبگرن، بۆیە هەر لایەك بچووکترین هەڵە، یان خراپ دەستنیشانکردنی بژاردەیەك بکات، ئەوا ئەمە وادەکات گەورەترین شکست بەسەر خۆی و کارەساتێکی گەورە لە ناوچەکە دروست بکات.

بۆ تورکیای ئاك پارتی کە ئومێد بۆ ئەوە دەخوازێت رۆڵێکی گەورە لەسەر ئاستی رووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بگێڕێت، دەبێت هەنگاوی یەکەمی ئەوە بێت، رۆڵێکی بەرچاوتر و گەورەتر لە پێشان لە شەڕی دژی داعش بگێڕێت و سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی هاوتای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لێبکات و ببێتە ئەندامێکی چالاك و کاریگەر لە هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش، ئەگەر تورکیا بەم ئاراستەیە سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی بگۆڕێت، ئەوا ئەم هەنگاوەی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ کردنەوەی دەرگای بە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش دووبارە ئەو ژینگەیەی لە ناوخۆی تورکیا بۆ دروست دەکاتەوە، کە سەرلەنوێ لە بری شەڕ، دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکاتەوە، بەمەش شەڕەکە بە بەرژەوەندی تورکیا کۆتایی دێت. بەڵام ئەگەر لەم کاتە هەستیارەدا خۆی دوورەپەرێز بگرێت، یان نەیەوێت رۆڵێکی کاریگەر لە شەڕی دژی داعشدا بگێڕێت، ئەوا هەمان هەڵەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دووبارە دەکاتەوە.

---

***جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

### کاتێک قسەی سووک و جنێودان جێگەی دیالۆگ دەگرێتەوە

# سیاسەت بێ مانا دەبێت و زەمینە بۆ فیتنە خۆش دەبێت


KNN

**کێشەی گۆڕان لەگەڵ پارتی، کێشەی سیاسی نییە، بەڵکو کێشەی تەعبیرکردنە لە بیروبۆچوونی جیاواز بە ڕێگەی جنێودان و قسەی سووک و ناشیرینکردنی بەرامبەر، لەم حاڵەتەدا کە پرسەکە بگاتە ئەم ئاستە، ناکرێت چارەنووسی نەتەوەیەک بکرێتە قوربانیی ئەقڵی جنێوفرۆشیی نەوشیروان مستەفا**

**لەو ماوەیەی سەرۆک بارزانی سەرۆک بووە، کام دەسەڵاتەی بەکارهێناوە کە جێگەی مەترسی بێت؟ تەنانەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، ئەو مافەی نەبووە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی کۆبانێ بکات، وەک بینیمان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو سەرۆکی پەرلەمانە بڕیاری دا پێشمەرگە بچێت بۆ کۆبانی کە کادری بزووتنەوەی گۆڕان بووە**

**دوای ئەوەی کۆمپانیای وشە بۆ بەرهەمهێنانی قسەی سووک و جنێو دامەزرا، ئیستفزازی پارتییان کرد، بەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەڵبژێردراوە و شەرعییەتی گەلی نییە و دەبێت لەلایەن گەلەوە هەڵبژێرێت، بۆیە جەنابی سەرۆک بارزانی داوای کرد لە خولی دووەمدا سەرۆک لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت**

گرنگە تەعبیرکردن لە جیاوازی بە جنێودان و قسەی سووک و ناشیرینکردنی بەرامبەر، لە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسیی نێوان حزبە سیاسییەکان جیابکرێتەوە. ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان یان نەوشیروان مستەفا جیاوازی، یان کێشەیەکی سیاسی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبێت، ئەوا ئەگەر کێشەکە سیاسی بێت، ناگاتە چەقبەستوویی و بنبەست و بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و دانوستاندن چارەسەر دەکرێت، بەڵام نەوشیروان مستەفا جنێودان و قسەی سووک و سڕینەوەی بەرامبەری کردووە بە ئەلتەرناتیفی سیاسەت، ئەمەش نەك تەنیا بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر بە هەر کەسێك کە لە بۆچوونێکدا لەگەڵ نەوشیروان مستەفا یەکنەگرێتەوە، ئێستا کاتی ئەوەیە تەعبیرکردن لە جیاوازی بە جنێو و قسەی سووك، لە جیاوازی و ململانێی سیاسی نێوان حزبە سیاسییەکان جیابکرێتەوە. هەتا ئەقڵی نەخۆشی ئەم کەسە، جنێودان و قسەی سووك بکاتە ئەلتەرناتیفی سیاسیەت، ئەوا نەك هەر کێشەی نێوان حزبە سیاسییەکان چارەسەر نابێت، بەڵکو کوردستان ڕووبەڕووی فیتنە و موسیبەتی گەورەش دەبێتەوە.

**● بۆچی قسەی سووک و جنێودان بۆتە بەشێك لە سیاسەتکردن لە کوردستاندا؟**

جنێودان و قسەی ناشیرین و هەوڵدان بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەت سووك بکەیت، هەتا ساڵی ١٩٦٤ لەناو سیاسەت و شۆڕشەکانی کوردستان و پەیوەندیی نێوان سەرکردەکانی کوردستان هەر لە شێخ عوبێدوڵای نەهری-یەوە تا دەگاتە شێخ عەبدولسەلام و شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەد و تەواوی سەرکردەکانی کوردستان، بوونی نەبووە، هەموو کات سەرکردەکانی کوردستان بیروبۆچوونی جیاوازیشیان لەگەڵ یەکتر هەبووبێت، بە چاوی ڕێز و دەست لەسەر سنگ لەگەڵ یەکتری قسەیان کردووە و خۆیان بە تەواوکاری یەکتری داناوە، بۆیە لەناو هەموو مێژووی سیاسەت و شۆڕشەکانی کوردستاندا تەنیا دێڕێك نادۆزیتەوە کە ئاماژە بێت بۆ قسەی سووك و جنێودان بەرامبەر بە یەکتری، تەنانەت جەمیل سائیب-یش کە لە چوارچێوەی چیرۆکی (لە خەوما) و وەك دەقێکی ئەدەبی ڕەخنەی توند لە حکومەتەکەی شێخ مەحمودی حەفید دەگرێت، ڕەخنەکانی دوورن لە کەلتووری قسەی سووك و جنێودان.

کەواتە چۆن کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی شیعری هەجوی کوردی، ئەوا هیچ چار نییە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دیوانەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئەوا بە هەمان شێوە کاتێك بگەڕێینەوە بۆ مێژووی قسەی سووك و جنێودانیش لە سیاسەتی کوردیدا، ئەوا دیسان هیچ چار نییە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤ کاتێك باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مستەفا بارزانی یاخیبوون و زمانی سیاسەت وەلانرا و کەوتنە هەڵبەستنی قسەی درۆ و ناشیرین و سووك و جنێودان لە دژی مستەفا بارزانی و شۆڕشی کوردستان، بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ئەو فیتنەیەی باڵی مەکتەبی سیاسی دژی کوردستان دروستیان کرد و بۆ ئەوەی نەوەی ئێستا لێی ئاگاداربێت، ئەوا ڕۆژنامەنووسێکی بیانی کە ناوی داڤید ئادامسن-ە و لە ساڵی ١٩٦٤ خۆی لە کوردستان بووە و ڕووماڵی شۆڕشی کوردستانی بۆ میدیاکانی جیهانی کردووە، لە کتێبی (شەڕی کورد و لێکترازانی ١٩٦٤)، باس لەو پڕۆپاگەندە ناشیرینانە دەکات کە باڵی یاخیبووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکرتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ماوەت لە دژی مستەفا بارزانی پەنایان بۆ بردووە، ئادامسن لەسەر زاری عەلی شنگالی کە ئەو کات بەرپرسی لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و باڵی یاخیبووی مەکتەبی سیاسی بانگهێشتیان کردبوو بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەی بە بەیاننامەیەك سەرۆکایەتی پارتی و شۆڕش لە مستەفا بارزانی وەربگرنەوە، لەو کتێبەدا نووسیویەتی و دەڵێت: «عەلی شنگالی پێیوتم: لە کۆبوونەوەی ماوەت داوایان لێکردم منیش ئەو بەیاننامەیە ئیمزا بکەم کە دژی مستەفا بارزانی نووسیبوویان، منیش پێمگوتن: هۆکاری دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە دژی مستەفا بارزانی چییە؟ ئەوان گوتیان: مەلا مستەفا کوردستانی فرۆشتووە و هێزی پێشمەرگە هەڵدەوەشێنێتەوە و تەسلیمی حکومەتی عێراق دەبێتەوە. منیش لێم پرسین: لەسەر ئەم پرسە قسەتان لەگەڵ مستەفا بارزانی کردووە؟ لە وەڵامدا گوتیان: نەخێر، پێویست ناکات قسەی لەگەڵ بکەین. بۆیە منیش پێموتن: من دەچمە لای مستەفا بارزانی ئەگەر ئەو نیەتەی هەبوو، ئەوا منیش دێمەوە. کاتێك چوومە لای مستەفا بارزانی و لێم پرسی: ئایا بەڕاست ئەو قسانەی باڵی مەکتەبی سیاسی دەیکەن ڕاستە و بەنیازیت

پێشمەرگە هەڵبوەشێنیتەوە؟ جەنابی مستەفا بارزانی پێی گوتم: عەلی تۆ باوەڕ دەکەی، شتێك خۆم دروستم کردبێت، بە دەستی خۆم هەڵیبوەشێنمەوە؟ بۆیە منیش بۆم دەرکەوت، ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی دەیڵێت، هەمووی قسەی درۆ و هەڵبەستراو بوون و لەبەر ئەوەی چاویان بە شکۆ و پێگەی جەنابی مستەفا بارزانی هەڵنەدەهات، بۆیە پەنایان بۆ ئەو قسە سووك و ناشیرینانە بردبوو.»

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ئەم شاهیدییە مێژووییەی ئادامسن بدەین و وردتر لەسەری هەڵوەستە بکەین، ئەوا راشکاوانە ئەو راستییەمان پێدەڵێت، کە دەرگای بارەگای مستەفا بارزانی کراوەبووە بۆ ئەوەی بە دیالۆگ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی فیتنە و قسەی سووك و جنێودان جێگەی دیالۆگ و چارەسەری سیاسی گرتەوە، بە هەرحاڵ دوای دروستکردنی ئەو فیتنەیە لە ساڵی ١٩٦٤، بەشێك لە ئەندامانی باڵی مەکتەبی سیاسی بە خۆیاندا چوونەوە و گەیشتنە قەناعەت کە ئەوەی پێشتر دژی مستەفا بارزانی کردوویانە، هەمووی بوختان و درۆ و دەلەسە بووە، بەشێکی دیکەشیان لە دوای رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ گەڕانەوە لای مستەفا بارزانی و بە دەنگی تۆمارکراوی خۆیان ئەو شاهیدییە دەدەن، کە ئەوەی دژی مستەفا بارزانی کردیان، ئەوە نە سیاسەت بووە و نە کوردایەتی بووە. جەنابی سەرۆك مام جەلال لە دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٠ لە بەغدا لەگەڵ بەڕێزی ئەنجامدان دا، خۆزگەی بۆ ئەوە دەخواست ئەو تەبایی و برایەتییەی لەگەڵ جەنابی بارزانی نەمر هەیبووە، تێکنەچووبایە و پێیگوتین: «من بەش بە حاڵی خۆم یەکێك لە سەروەرییەکانی ژیانی خۆم بەوە دەزانم کە توانیومە لەگەڵ کاك مسعود لەسەر هەموو شتێك تەبا بین و رێکبکەوین، زۆرجار دەڵێم خۆزیا ئەو تەباییەی وەختی خۆی لەگەڵ بارزانیی نەمریش هەمبوو، تێکنەچووبا، بەڵام ئەوەی ئێستا کە پێکهاتووە لە نێوانی جەنابی سەرۆك بارزانی و بەندەی موخلیستان، باوەڕبکەن جۆرە پێکهاتنێکی ستراتیژی توندوتۆڵی وا قایمە کە هیچ بوومەلەرزەیەك نایهەژێنێت. ئەوە خێری کوردی تێدایە، خێری گەلی کوردی تێدایە، خێری نەتەوەی کوردی تێدایە. من هەموو جارێك کە وردەمەسەلە دێتەپێشەوە، یان وردە گیروگرفت لە نێوان پارتی و یەکێتی دێتەپێشەوە، لەناو برایانی یەکێتیدا دەڵێم بیر لەوە بکەنەوە ئەو تەبایی و برایەتیەی نێوان من و کاك مسعود و نێوان پارتی و یەکێتی، چ خێرێکی بۆ کورد هەبووە و پێچەوانەکەی چ زەرەرێکی بۆ کورد هەبووە، بۆیە حەزدەکەم بە سەربەستی ئەو راستییە بڵێم، پشتیوانی کاك مسعود بۆ من سەدی سەدە، هی منیش بۆ ئەو سەدی سەدە، واتە لە٩٩٪یش زیاترە، من حەزدەکەم شتێکتان پێبڵێم و جارێکی دیکەش وتوومە، باوەڕبکەن من ئاگام لێ نەبووە کە کاك مسعود منی کاندید کردووە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، هەتا ئیلحاحی کرد. لێرەدا دەمەوێت نهێنییەکتان بۆ ئاشکرا بکەم، گیروگرفتێك هەبوو لە نێوانی پارتی و یەکێتیدا، کاك مسعود وتی: (من هەقم بەسەر ئەو گیروگرفتەوە نییە و هەر مام جەلال کاندید دەکەم بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و من هەر پشتیوانی ئەو دەکەم)، هەر بۆیە من حەزدەکەم ئێوەش و خەڵکی کوردستانیش بزانن، کە نێوانی من و کاك مسعود زۆر باش و پتەوە، لەسەر بنەمای دەستکەوتەکانی گەل و لەسەر بنەمای بیروباوەڕی یەکێتی رەئی و هەڵوێستمان لە سەر مەسەلەکان دامەزراوە.» لەمەش زیاتر سەرۆك مام جەلال پێی گوتین: «من رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بە موقەدەس دەزانم، لەبەر ئەوەی خێری کوردی تێدایە.

ئەگەر بە وردی سەرنج لە قسەکانی سەرۆك مام جەلال بدەین، بە ئاشکرا هەست دەکەین جەنابیان تێکچوونی نێوان خۆی و جەنابی بارزانیی نەمری وەك فیتنە و ئاژاوە بۆ کوردستان وەسفکردووە، بۆیە وەك خۆی دەڵێت: «یەکێك لە سەروەرییەکانی ژیانم بەوە دەزانم کە توانیومە لەگەڵ کاك مسعود لەسەر هەموو شتێك تەبا بین.» ئەمەش مانای ئەوەیە جەنابی مام جەلال ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگەر ئەو کاتیش دەرگای دیالۆگ و سیاسەت دانەخرایە، ئەوا رێککەوتن بە زمانی سیاسەت و دیالۆگ لەگەڵ بارزانیی نەمر ئاسان بووە، بەڵام کە ئەو دەرگایە داخرا، فیتنە و ئاژاوە یەخەی کوردستانی گرتەوە. بۆیە لە قسەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەبێت زەمینە خۆشکردن بۆ فیتنە و ئاژاوەگێڕی لە کوردستاندا کۆتایی بێت، هەروەها جەخت لەسەر تەبایی و برایەتی نێوان خۆی و سەرۆك مسعود بارزانی دەکاتەوە، بەوەی تەنیا رێگەیە بۆ خێری کورد.

**گرنگە تەعبیرکردن لە بیروڕای جیاواز بە جنێو و قسەی سووك و ناشیرین، لە تەعبیرکردن لە جیاوازی بۆچوون و بیروڕای سیاسی جیابکرێتەوە و جنێودان و قسەی سووك لەگەڵ جیاوازیی بیروڕای سیاسی تێکەڵ نەکرێت**

**ئەو کاندیدانەی نەوشیروان مستەفا بە شەخسی هەڵیبژاردوون بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان، بەشی هەرە زۆریان لەو کەسانە بوون کە خەڵکی کەم ئەزموون بوون لە ژیانی سیاسی و ئیداری و حکوومی و پەرلەمانیدا، سەیرکەن بزانن چۆن ئەم ئەندام پەرلەمانانەی ئاراستە دەکرد بۆ ئەوەی بێڕێزی بە پەرلەمانی کوردستان بکەن**

**نەوشیروان مستەفا پەرلەمانتارەکانی گۆڕانی رۆژێك ئاراستە دەکرد دژی زۆرینەی پەرلەمانی بن و داوای سازانی نیشتمانی بکەن، هەرچی قسەی سووك و ناشیرین و جنێوە بۆ زۆرینەی پەرلەمانی دروست دەکرد، رۆژێکی دیکە ئاراستەی دەکردن لەگەڵ زۆرینەی پەرلەمانی بن و ئەوەی کەمینەیە، یان لەگەڵ ئەو بڕیارەی ئەوان نییە و بۆچوونێکی دیکەی هەیە، ئەوا بۆ ئەمیشیان چەندین قسەی سووك و جنێو حازر بوو، بەوەی ئەوانە خائین و خۆفرۆشن و هەزار ناو و ناتۆرەی دیکەی بۆ دروست دەکردن**

**نەوشیروان مستەفا بە جۆرێک قسەی سووک و جنێودانی کردۆتە ئەلتەرناتیفی سیاسەت و پرۆسەی سیاسی، ئەوەی بۆنی دامەزراوەی سیاسی و حزبی سیاسی و دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەتی لێ بێت، لەبەر چاوی خەڵک سووکی کردوون**

**پەرلەمانی کوردستان کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی هەموو کوردستانی دەزانن، بزانن بزووتنەوەی گۆڕان لە ماوەی دوو خولی پەرلەمانیدا چ کەلتوورێکی ناشیرین و قێزەون و شەڕەجنێوی بردە ناو پەرلەمانەوە و چی بەو پەرلەمانە کردووە**

**ئایا نەوشیروان مستەفا توانی بێجگە لە جنێودان و قسەی سووک تەعبیر لە بیروڕای جیاوازی خۆی لەگەڵ مام جەلال بکات؟ یان ئایا ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە جنێودان و قسەی سووک بە پارتی و جەنابی سەرۆک بارزانی کرد، خراپتری بە مام جەلالیش نەکردووە؟**

بە درێژایی ئەم مێژووە لەناو هەموو حزبەکانی کوردستان و لە نێوان هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا کێشە و ململانێی و تەنانەت شەڕکردنیش هەبووە، بەڵام پاش ماوەیەك لاپەڕەیەکی تازە هەڵدراوەتەوە و تەبایی و برایەتی باڵی بە سەر نێوماڵی کورد و کوردستاندا کێشاوەتەوە، تەنیا کەسێك کە لە ماوەی ئەم ٥٢ ساڵەدا گۆڕانکاری بە سەر ئەقڵ و بیرکردنەوەیدا نەهاتووە و ئێستا بە میتۆدی ٥٠ ساڵ لەمەوپێش کارخانەیەکی دروست کردووە کە ڕۆژانە هەزار قسەی سووك و جنێو و ناشیرینکردنی بەرامبەر بەرهەم دەهێنێت، شەخسی نەوشیروان مستەفایە، ئەم کەسە ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە خەریکی ئەوەیە بە بەرهەمهێنانی جنێو و قسەی سووك و ناشیرین، شتێك دروست بکات کە جێگەی سیاسەت بگرێتەوە، هەوڵدەدات بە هیچ جۆرێك ڕێز و حورمەت لە نێوان حزبەکان و سەرکردەی حزبەکانی کوردستان نەمێنێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چیتر وەڵامی جنێو و قسە سووکەکانی نەوشیروان مستەفا نەدرێتەوە و ئەو پرسیارە لە خەڵك بکەین کە ئایا بەرهەمهێنانی قسەی سووك و جنێو جێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دەگرێتەوە؟ هەروەها دەبێت هەڵمەتێك دەستپێبکەین بۆ ئەوەی کەلتووری جنێودان و قسەی سووك لە سیاسەتدا ریسوا بکەین.

## ● ئیرهابی فیکری و سەپاندنی مەرج بە سەر بەرامبەردا

دیارترین سیمای کەلتووری جنێودان و داتاشینی قسەی سووك و ناشیرین لەلایەن فیکری نەوشیروان مستەفاوە ئەوەیە کە جنێو و داتاشینی قسەی سووك و ناشیرین بۆ سڕینەوەی بەرامبەرەکەی تیۆریزە دەکات و، بە نەفەسێکی درێژ مەشق و ڕاهێنان بە ئەندام و هەڵسووڕاوانی خۆی دەکات بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەو جنێو و قسە سووکانە بەکاربهێنن و بەرامبەری پێ ئیزعاج و نارەحەت بکەن و کەسایەتی مەعنەوی ئەو کەسە تیرۆر بکەن. بۆ نموونە ئێستا لە ناو شاری سلێمانی بە سەدان کەسایەتی و ڕۆشنبیر و نووسەر هەن لە ترسی ئەو ئیرهابە فیکرییەی نەوشیروان مستەفا دروستی کردووە، ناوێرن هەڵوێستی خۆیان بنووسن، یان لە تیقییەکانەوە دەری ببڕن، لەبەر ئەوەی نەوشیروان مستەفا سوپایەکی جنێوفرۆشی دروستکردووە، هەر کەسێك بەدڵی ئەو بیرنەکاتەوە، ئەو جنێوفرۆشانە لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەسایەتی ئەو کەسایەتییە، یان ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرە لەکەدار و تیرۆر دەکەن.

بەڕێز سۆران سێوکانی یەکێکە لە سیاسەتمەدارەکانی ناو شاری سلێمانی لە دیمانەیەکی گوڵاندا پێیگوتین: بچن سەیری لاپەڕەی فەیسبووکەکەم بکەن، بزانن ئەم جنێوفرۆشانە چیم پێدەکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی سەدان جنێوی ناشیرینیشم لە لاپەڕەکەی خۆم سڕیومەتەوە. هەروەها سەیر بکەن، بزانن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چییان بەو ئەندام پەرلەمانانە کرد کە لە کۆبوونەوەی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ ئامادەنەبوون دەنگ بۆ فیتنە و ئاژاوە بدەن، بچن لە خۆیان بپرسن چییان پێکردوون و چۆن هەوڵیانداوە ناشیرینیان بکەن و کەسایەتییان تیرۆر بکەن.

ئەو شێوازەی نەوشیروان مستەفا لە تیۆریزەکردنی جنێو و قسەی سووك کاری پێدەکات، دوورکەوتنەوەیە لە توراسی مێژووی شۆڕشگێری و توراسی شۆڕشەکانی کوردستان. ئەگەر سەرنج لە گوتاری نەوشیروان مستەفا بدەین، بە ئاشکرا هەست دەکەین، دوور و نزیك ئەم توراسە نە لە گوتاری خۆیدا، نە لە گوتاری بزووتنەوەکەی، یان حزبەکەیدا بوونی نییە. ئەمە لە کاتێکدا هەموو سەرکردە سیاسییەکانی جیهان، بە کردنی توراس بە بنەما، ئێستا دەخوێننەوە و هەنگاو بۆ ئایندە هەڵدەگرن. هەر بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨ کە دروشمی ئۆباما گۆڕان (Change) بوو، لە یەکەم گوتاریدا کە وەك سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەستبەکار بوو، ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت وەك باوکانی دامەزرێنەری کۆماری ئازادی ئەمریکا بیر بکەینەوە و بە هەمان شێوازی ئەوان لە ئاسمانی تەمومژاویدا بە دوای خۆردا بگەڕێین. هەروەها لە ٢٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی ئەبراهام لنکۆڵن-دا کە دامەزرێنەری حزبی کۆماری ئەمریکایە، نەك دیموکراتی، زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێت لە لنکۆڵنەوە فێربین چۆن ئازادی دەپارێزین.

بەڵام با ئەو پرسیارە لە ویژدانی هەر کوردێکی ئەم کوردستانە بکەین، ئایا بە درێژایی ئەم ٥٠ساڵەی ڕابردوو لە کام گوتاری نەوشیروان مستەفادا ئاماژە بە توراسی شۆڕشگێڕیی شۆڕشەکانی کوردستان کراوە؟ ئایا لە کام لێدوانی ئەم پیاوەدا گوتراوە با لە شێخ عوبێدولڵای نەهری-یەوە فێربین خەباتی ئێمە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، یان کوا گوێمان لێبووە بڵێت با لە

شێخ مەحموودی حەفیدەوە، یان لە قازی محەمەدەوە فێری بڕیار دروستکردن بین.

ئەم غائیب بوونەی توراس لە گوتاری نەوشیروان مستەفا و حزبەکەیدا، کارێکی لائیرادی و یان بەسەردا تێپەڕبوون نییە، بەڵکو ئەو زۆر باش دەزانێت تیۆریزەکردنی جنێو و قسەی سووک لەناو توراسی شۆڕشگێری کورد و کوردستاندا جێگەی نابێتەوە، هەروەها توراسی شۆڕشگێڕی کوردستان بە درێژایی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان ڕێگەی ئەوەی نەداوە، بە جنێو و قسەی سووک و بەرامبەر ناشرینکردن و سڕینەوە، تەعبیر لە جیاوازی بیروڕای سیاسی بکرێت.

ئەوانەی شاهیدی مێژووی ئەم پەنجا ساڵە، یان بەشێکی ئەم مێژووەی سیاسەت و حزبایەتین لە کوردستاندا، ئاگاداری ئەوەن کە هیچ حزبێك نییە لە کوردستان کێشەی لەگەڵ حزبێکی دیکەدا نەبووبێت، بەڵام بێجگە لەو حزبە، یان لەو باڵەی کە پەروەردەی دەستی نەوشیروان بوون، هیچ کەس و لایەنێك بە جنێودان و قسەی سووك تەعبیری لە بیروبۆچوونی جیاواز نەکردووە.

ئەوجا لەبەر ئەوەی جنێودان و قسەی ناشیرین، بۆتە بەشێك لە بیرکردنەوەی نەوشیروان مستەفا و هەر لەسەر ئەم پرۆگرامەش بەرنامەی بۆ حزبەکەی داناوە و کادیرانی خۆی پەروەردە کردووە، ئەوا لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسی کێشەیەکی بۆ دروست بێت، بە بێ جیاوازی، بە جنێودان و قسەی سووك ڕای جیاوازی خۆی دەخاتەڕوو و پیشانی خەڵکی دەدات، لەمەش زیاتر تەنانەت ئەو کاتەی کە لە یەکێتیش جیابووەوە، ئەو حزبەی کە خۆی بە یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی دەزانێت، نەیتوانی بە شێوەیەکی جیاواز لە جنێو و قسەی سووك، بیروڕای جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەندامی حزبەکەی خۆی بخاتەڕوو، ئەو هات کاری یەکەمی ئەوە بوو کە کەسایەتیی مەعنەوی هەموو هاوڕێ و هەڤاڵانی سەردەمی شاخ و ئێستای تیرۆر کرد، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ نموونە (مەلا بەختیار) بڵێت: ئەگەر ئەو قسە و دروشمانەی تۆ بەرزت کردوونەتەوە ڕاستن، فەرموو با لە بەر چاوی خەڵك و لە سەر تەلەفزیۆن مونازەرەیەکی سیاسی بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی نەوشیروان مستەفا ناتوانێت بە شێوەیەکی سیاسییانە تەعبیر لە بیروبۆچوونی خۆی بکات، ئەوا وەك لە ٢٠٠٩ بینیمان زۆر سەیر وەڵامی ئەم داوا مودێڕنەی دایەوە و گوتی: (ئێمە لەگەڵ یەکێك مونازەرە ناکەین نەتوانێت بڕیار بدات)! با بڵێین ئەو بەڕێزە بە حیسابی نەوشیروان ناتوانێت بە تەنیا بڕیار بدات، بەڵام ئایا نەوشیروان مستەفا توانی بێجگە لە جنێودان و قسەی سووك تەعبیر لە بیروڕای جیاوازی خۆی لەگەڵ مام جەلال بکات؟ یان ئایا ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوو لە جنێودان و قسەی سووك بە پارتی و جەنابی سەرۆك بارزانی کرد، خراپتری بە مام جەلالیش نەکردووە؟ ئەوە ئەرشیفی KNN: تەلەفزیۆنەکەی زمانحاڵی نەوشیروان ماوە، بچن سەیری بکەن، بزانن ئایا ئەوەی بە مام جەلال و بنەماڵەی مام جەلالی کردووە، لە هێرشی ئەو یەك دوو رۆژەی خراپتر نییە کە بەرامبەر پارتی و سەرۆك بارزانی کردوویەتی؟

لەمەش زیاتر کە لەوانەیە کاتێك خوێنەر دەیخوێنێتەوە بزەیەك بیگرێت، لەبەر ئەوەی نەوشیروان مستەفا ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە کاری سەرەکی بەرهەمهێنانی قسەی سووك و جنێوە، کاتێك بیەوێت باسی ناوچەیەك، یان شارێکی کوردستانیش بکات، بە جنێو، یان قسەی سووك وەسفی دەکات. ئێرە جێگەی نووسینەوەی ئەو قسە سووك و ناشیرینانەی نەوشیروان مستەفا نییە، بەڵام خەڵکی هەولێر دەزانن چی پێگوتوون، خەڵکی کەرکووك دەزانن چۆن وەسفی کردوون، هەروەها خەڵکی دهۆك و بادینانیش دەزانن چییان پێدەڵێت، ئینجا ئەمە لە شنگالەوە بیگرە تا خانەقین بۆ هەر یەکەیان چەند قسەیەکی سووکی هەیە کە وەسفی شار و ناوچەکانی کوردستانی پێدەکات.

## ● ریسواکردنی کەلتووری جنێودان و قسەی سووك

نەوشیروان مستەفا بە جۆرێك قسەی سووك و جنێودانی کردۆتە ئەلتەرناتیفی سیاسەت و پرۆسەی سیاسی، ئەوەی بۆنی دامەزراوەی سیاسی و حزبی سیاسی و دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەتی لێ بێت، خەڵك بە چاوی سووك سەیری دەکات، یان لەبەر چاوی خەڵك سووکی کردوون، بۆ پەرلەمانی کوردستان کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی هەموو کوردستانی دەزانن، بزانن لە ماوەی دوو خولی پەرلەمانیدا چی بەو پەرلەمانە کردووە و چ کەلتوورێکی ناشیرین و قێزەوەن و شەڕەجنێوی بردە ناو پەرلەمانەوە.. سەیرکەن لەو دوو خولەدا چۆن ئەوەی پێی بڵێن

**ئەرشیفی KNN تەلەفزیۆنەکەی زمانحاڵی نەوشیروان ماوە، بچن سەیری بکەن، بزانن ئایا ئەوەی نەوشیروان مستەفا بە مام جەلال و بنەماڵەی مام جەلالی کردووە، لە هێرشی ئەو یەک دوو رۆژەی خراپتر نییە کە بەرامبەر پارتی و سەرۆک بارزانی کردوویەتی؟**

**نەوشیروان مستەفا تەنانەت ئەو کاتەی کە لە یەکێتی جیابووەوە، ئەو حزبەی کە خۆی بە یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی دەزانێت، نەیتوانی بە شێوەیەکی جیاواز لە جنێو و قسەی سووک، بیروڕای جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەندامی حزبەکەی خۆی بخاتەڕوو، کاری یەکەمی ئەوە بوو کە کەسایەتیی مەعنەوی هەموو هاوڕێ و هەڤاڵانی سەردەمی شاخ و ئێستای تیرۆر کرد**

**ئەو شێوازەی نەوشیروان مستەفا لە تیۆریزەکردنی جنێو و قسەی سووک کاری پێدەکات، دوورکەوتنەوەیە لە توراسی مێژووی شۆڕشگێری و توراسی شۆڕشەکانی کوردستان. ئەگەر سەرنج لە گوتاری نەوشیروان مستەفا بدەین، بە ئاشکرا هەست دەکەین، دوور و نزیک ئەم توراسە نە لە گوتاری خۆیدا، نە لە گوتاری بزووتنەوەکەی، یان حزبەکەیدا بوونی نییە**

**ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چیتر وەڵامی جنێو و قسە سووکەکانی نەوشیروان مستەفا نەدرێتەوە و ئەو پرسیارە لە خەڵک بکەین کە ئایا بەرهەمهێنانی قسەی سووک و جنێو جێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن دەگرێتەوە؟ هەروەها دەبێت هەڵمەتێک دەستپێبکەین بۆ ئەوەی کەلتووری جنێودان و قسەی سووک لە سیاسەتدا ریسوا بکەین**

**تەنیا کەسێک کە لە ماوەی ئەم ٥٢ ساڵەدا گۆڕانکاری بە سەر ئەقڵ و بیرکردنەوەیدا نەهاتووە و ئێستا بە میتۆدی ٥٠ ساڵ لەمەوپێش کارخانەیەکی دروست کردووە کە رۆژانە هەزار قسەی سووک و جنێو و ناشیرینکردنی بەرامبەر بەرهەم دەهێنێت، شەخسی نەوشیروان مستەفایە**

**ئێستا لە ناو شاری سلێمانی بە سەدان کەسایەتی و رۆشنبیر و نووسەر هەن لە ترسی ئەو ئیرهابە فیکرییەی نەوشیروان مستەفا دروستی کردووە، ناوێرن هەڵوێستی خۆیان بنووسن، یان لە تیڤییەکانەوە دەری ببڕن، لەبەر ئەوەی نەوشیروان مستەفا سوپایەکی جنیوفرۆشی دروستکردووە، هەر کەسێک بەدڵی ئەو بیرنەکاتەوە، ئەو جنێوفرۆشانە لە سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کەسایەتی ئەو کەسایەتییە، یان ئەو رۆشنبیر و نووسەرە لەکەدار دەکەن و تیرۆری دەکەن**

رێزگرتن لە نێوان ئەندام پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی وڵات بوونی نەما، لەمەش زیاتر سەرنج بدەن ئەو کاندیدانەی نەوشیروان مستەفا بە شەخسی هەڵیبژاردوون بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان، بەشی هەرە زۆریان لەو کەسانە بوون کە خەڵکی کەم ئەزموون بوون لە ژیانی سیاسی و ئیداری و حکوومی و پەرلەمانیدا، سەیرکەن بزانن چۆن ئەم ئەندام پەرلەمانانەی ئاراستە دەکرد بۆ ئەوەی بێڕێزی بە پەرلەمانی کوردستان بکەن، رۆژێك ئاراستەی دەکردن دژی زۆرینەی پەرلەمانی بن و داوای سازانی نیشتمانی بکەن، هەرچی قسەی سووك و ناشیرین و جنێوە بۆ زۆرینەی پەرلەمانی دروست دەکرد، رۆژێکی دیکە ئاراستەی دەکردن لەگەڵ زۆرینەی پەرلەمانی بن و ئەوەی کەمینەیە، یان لەگەڵ ئەو بڕیارەی ئەوان نیە و بۆچوونێکی دیکەی هەیە، ئەوا بۆ ئەمیشیان چەندین قسەی سووك و جنێو حازر بوو، بەوەی ئەوانە خائین و خۆفرۆشن و هەزار ناووناتۆرەی دیکەی بۆ دروست دەکردن. ئەگەر سەرنج لە کۆبوونەوەی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ بدەین، کە ئامادەبوونی ٥٩ ئەندام پەرلەمان کۆبوونەوەی پەرلەمان بێ ئامادەبوونی پارتی و چەند لایەنێکی سیاسیی دیکە بەڕێوەچوو، با بپرسین چۆن ئەو ئەندام پەرلەمانانەی ئاراستە کردبوو؟ ئەوەی لەسەر زاری پەرلەمانتارێکی یەکێتی-یەوە لە رۆژی ٢٣ی حوزەیران لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن گوێمان لێ بوو، ئەوە بووە، شەوی پێش کۆبوونەوەکە هەموو پەرلەمانتارانی یەکێتی و گۆڕانی سوێند داوە کە پەشیمان نەبنەوە و ئامادەی کۆبوونەوەکە بن، پاشانیش دوای ئەوەی کۆبۆنەوەکە کرا، نە پارتی و نە هیچ کام لەو لایەنانەی لەو کۆبوونەوەیە بەشدار نەبوون، نە کەسیان تەخوین کرد و نە بە کەسیشیان وت تۆ کۆیلەی نەوشیروانی، بەپێچەوانەوە ئەوان بۆ ئیستفزازکردنی پارتی و لایەنەکانی دیکە، پەنجەی سەرکەوتنیان بەرز دەکردەوە و وێنەی سێلڤییان بڵاودەکردەوە، بەڵام با سەرنج بدەین لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ کە تەنیا نیسابی یاسایی بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمان دروست نەبوو، بزانن ئەو سوپا جنێوفرۆشەی نەوشیروان مستەفا دروستی کردووە، چییان بەو پەرلەمانتارانەی حزبەکانی دیکە کردووە کە ئامادەنەبوون فیتنە لە کوردستان دروست بیت.

لێرەوە گرنگە تەعبیرکردن لە بیروڕای جیاواز بە جنێو و قسەی سووك و ناشیرین، لە تەعبیرکردن لە جیاوازیی بۆچوون و بیروڕای سیاسی جیابکرێتەوە و جنێودان و قسەی سووك لەگەڵ جیاوازیی بیروڕای سیاسی تێکەڵ نەکرێت.

هەر بۆ نموونە ئەو کێشەی ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیەتی، کێشەیەکی سیاسیی نییە، بەڵکو کێشەی قسەی سووك و جنێودانە لەگەڵ بنەمای سیاسەت و توراسی شۆڕشگێڕی لە کوردستاندا. با راشکاوانەتر قسەبکەین، ئەگەر کێشەی گۆڕان لەگەڵ پارتی کێشەیەکی سیاسییە و پارتی بۆچوونێکی هەیە و گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە و لەگەڵ بۆچوونەکەی پارتی یەکناگرێتەوە، ئەوا ئەم کێشە سیاسییە لە چوارچێوەی بنەماکانی سیاسەتدا ناگاتە چەقبەستوویی و بنبەست. با بزانین جیاوازی نێوان نەوشیروان مستەفا و پارتی چییە؟ ئەوەی نەوشیروان ئیدعای بۆ دەکات و دەڵێت: دەبێت سیستمی حوکمڕانی لە کوردستان پەرلەمانی بێت. پرسیار ئەوەیە ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان گوتوویەتی نابێت پەرلەمانی بێت؟ ئەمە مانای ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا هیچ جیاوازییەك نییە، با بچینە هەنگاوی دووەم، کە نەوشیروان دەڵێت: دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت؟ ئایا لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، سەرۆکی هەرێم چۆن هەڵبژێردراوە؟ ئەمەش مانای ئەوەیە ئەسڵەن لەسەر پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك لە پەرلەمانەوە هیچ کێشەیەك نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کۆمپانیای وشە بۆ بەرهەمهێنانی قسەی سووك و جنێو دامەزرا، ئەوان ئیستفزازی پارتییان کرد، بەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەڵبژێردراوە و شەرعییەتی گەلی نییە و دەبێت لەلایەن گەلەوە هەڵبژێرێت، بۆیە جەنابی سەرۆك بارزانی داوای کرد لە خولی دووەمدا سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت. سەرنج بدەن لە بنەڕەتدا بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردراوە و ئەسڵەن کەس باسی ئەوەشی نەکردووە کە سەرۆك راستەوخۆ هەڵبژێردرێت، بەڵام هەر خودی نەوشیروان وایکرد سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت و ئەم بەزمەی دروست کرد، ئێستاش دەیەوێت جارێکی دیکە هەڵبژاردنی سەرۆك بەرێتەوە پەرلەمان، لەلایەکی دیکەوە باس لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك



دەکات، گوایە ئەو دەسەڵاتانە سەرۆك دەکاتە دیکتاتۆر، باشە با پرسین لەو ماوەیەی سەرۆك بارزانی سەرۆك بووە، کام دەسەڵاتەی بەکارهێناوە کە جێگەی مەترسی بێت، یان کام دەسەڵاتەی هەیە کە جێگەی مەترسی بێت، تەنانەت سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە، ئەو مافەی نەبووە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی کۆبانێ بکات، وەك بینیمان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو سەرۆکی پەرلەمانە بڕیاری دا پێشمەرگە بچێت بۆ کۆبانی کە کادری بزووتنەوەی گۆڕان بووە. لەمەش زیاتر باشە با وای دابنێین جیاوازیی بۆچوونی سیاسیمان هەیە لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك، ئایا ئەم جیاوازییە بەوجۆرە تەعبیری لێ دەکرێت، هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن گەلەوە دیکتاتۆر دروست دەکات؟ ئایا لە هەموو دنیادا کەس بیستوویەتی سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، دیکتاتۆر دروست دەکات؟ ئایا تەنیا لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا چەند دەوڵەتی دیموکراتی سەرۆکەکانیان ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت؟ بۆیە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ پارتی کێشەی سیاسی هەبووایە، کێشەی سیاسی چارەسەر دەکرا و نەدەگەیشتە بنبەست. گرنگە زۆر ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە کێشەی گۆڕان لەگەڵ پارتی، کێشەی سیاسی نییە، بەڵکو کێشەی تەعبیرکردنە لە بیروبۆچوونی جیاواز بە ڕێگەی جنێودان و قسەی سووك و ناشیرینکردنی بەرامبەر، لەم حاڵەتەدا کە پرسەکە بگاتە ئەم ئاستە، ناکرێت چارەنووسی نەتەوەیەك بکرێتە قوربانیی ئەقڵی جنێوفرۆشیی نەوشیروان مستەفا! لەمەش زیاتر ئایا دەکرێت واز لە هەموو توراسی شۆڕشگێڕیی سەرجەم شۆڕشەکان و سەرجەم سەرکردە مێژووییەکانی گەلەکەمان بهێنین و جنێودان و قسەی سووك و ناشیرینکردنی بەرامبەر و سڕینەوەی بەرامبەر بکەین بە ئەڵتەرناتیفی سیاسەت و کوردایەتی؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێت هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت و هەموو لایەکیش بە جددی وەڵامی بداتەوە.

**دیارترین سیمای کەلتووری جنێودان و داتاشینی قسەی سووک و ناشیرین لەلایەن فیکری نەوشیروان مستەفاوە ئەوەیە کە جنێو و داتاشینی قسەی سووک و ناشیرین بۆ سڕینەوەی بەرامبەرەکەی تیۆریزە دەکات و، بە نەفەسێکی درێژ مەشق و ڕاهێنان بە ئەندام و هەڵسووڕاوانی خۆی دەکات بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئەو جنێو و قسە سووکانە بەکاربهێنن و بەرامبەری پێ ئیزعاج و نارەحەت بکەن و کەسایەتی مەعنەوی ئەو کەسە تیرۆر بکەن**


S.BARZANi
KURDISTAN
PÊŞMERG

## سیروان بارزانی

ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی میحوەری گوێڕ-مەخموور بۆ گوڵان:

# نەوشیروان مستەفا هەوڵیدا پەرلەمان بکات بە ئامرازێک بۆ دروستکردنی فیتنە لە کوردستاندا



هەرێمی کوردستان بە درێژایی ١١٠٠ کیلۆمەتر بەرەیەکی شەڕی فراوانی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش هەیە، داستانی نەبەردی و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە وایکرد جیهان وەك فریادڕەسی شارستانیەت و مرۆڤایەتی سەیری کوردستان و پێشمەرگە بکەن، هەر ئەمەش وایکرد فیلمی دیکۆمینتاری پێشمەرگە لە گەورەترین فیستیڤاڵی سینەمای جیهانی نمایش بکرێت و هەموو ئامادەبووان لە سەرانسەری جیهانەوە بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە پێشمەرگە بکەن، زیاد لەمەش سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بە ئاستێك هاوسۆزیی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان دروستکردووە کە ببێتە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ئەوەی کورد بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان کێشەی سیاسیی نێوان حزبەکان جۆرێك چەقبەستوویی تێکەوتووە و مەترسیی ئەوەی دروستکردووە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە سەردانی میحوەری گوێڕ- مەخموورمان کردو ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ سیروان بارزانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی میحوەری گوێڕ- مەخموور ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

**ئێمە وەک کورد و کوردستانی گەلێکی بەوەفاین و ئەوەی خزمەتمان بکات، قەت لەبیری ناکەین، ئەو خزمەتەی ئەم بیرمەندە گەورەیە بیرنارد هنری لیڤی بە پێشمەرگە و کوردستانی کردووە، شایەنی ئەوەیە خۆمان بە قەرداری بزانین، چونکە لەوەتەی شەڕی داعش دەستی پێکردووە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵیداوە پشتگیری بۆ کورد و پێشمەرگە دابین بکات**

**لە پێشوازی پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا بۆ پێشمەرگە دووجار هەموو ئامادەبووان پێکەوە بە چەپڵەڕێزان بۆ پێشمەرگە هەستانەوە، ئەوان پێیان گوتین ئەمە یەکەمجارە لە پەرلەمانی ئەوروپا هەموو پێکەوە دووجار بە چەپڵەڕێزان بۆ پێشوازی هەستنەوە، پێشوازی ئامادەبووانی فیستیڤاڵی کان لەوەش گەرمتر بوو، هەموویان بەچەپڵەڕێزان پێشوازییان لە دیمەنەکانی فیلمەکە دەکرد**

**ئەو چەکەی کە ئێستا پێشمەرگە شەڕی پێدەکات هی ٤٠-٤٥ ساڵ لەمەوپێشە، ئەو چەکە هی ئەوەیە لە مۆزەخانە دابنرێت، نەک شەڕی لەگەڵ ئەو دوژمنە دڕندەیە پێبکرێت**

*** ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆ کۆمەڵێك كێشەی سیاسی بوونیان هەیە و جۆرێکیش لە چەقبەستوویی پێوەدیارە. ئایا وەك ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن سەیری ئەو كێشە سیاسییە ناوخۆییانە دەکەیت لە كاتێكدا زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕمان لەگەڵ داعش هەیە؟**

- سەبارەت بەو نەتەوانەی کە هێشتا دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان رانەگەیاندووە، ناکۆکی و كێشە سیاسییەکان دوو جۆرن، یەکەمیان پەیوەستە بە ململانێی سیاسی لە نێوان حزبەکان، ئەمەیان شتێکی سروشتییە و لە هەموو وڵاتێکی دیموکراتی بوونی هەیە، كێشەی دووەمیان پەیوەستە بە کاریگەریی دەستێوەردانی دەرەکی لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتن بۆ ئەو نەتەوەیە، بۆیە ئەم جۆرە كێشانە بە تەواوەتی چارەسەر نابن، تا ئەو نەتەوەیە نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەمە بۆ ئێمەش هەروایە، هەتا نەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، ئەوا ناتوانین كێشەی دووەمیان چارەسەر بکەین، بەڵام سەبارەت بە جۆری یەکەمیان کە ململانێی سیاسیی نێوان حزبە سیاسییەکانە، ئەوا ئەمەیان ئاساییە و دەبێت پەرەی پێبدرێت بۆ ئەوەی رەوتی پەرەپێدانی دیموکراتی جوانتر بێت، بۆیە من ئومێد دەخوازم كێشەی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان ململانێی سیاسی بێت لە سەر پۆستێك لە حکومەت و پەرلەمان، یان بیروبۆچوونی جیاواز بێت لەسەر پرسێك، ئەم جۆرە ململانێیە هەر چارەسەر دەبن و ناگەنە بنبەست، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە كێشەی نێوان حزبەکان لەژێر کاریگەری فاکتەری دەرەکی دژایەتی دەوڵەتی کوردستان بێت، ئەمەیان دژایەتیکردنی خوێنی شەهیدانە و هەتا نەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ چارەسەر ناکرێن، ئومێد دەخوازم كێشە سیاسییەکانی حزبەکانی کوردستان لەسەر ئەم پرسە نەبێت.

*** بەڵام ئێستا کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت، دەرفەتێك بۆ نەتەوەکەمان هاتۆتەپێشەوە بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، ئایا ئەگەر ئەم چەقبەستووییە نەکرێتەوە ئەم هەلەمان لەدەست ناچێت؟**

- لە سیاسەتدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە و دووبارەی دەکەمەوە کە ململانێی سیاسی لە نێوان حزبەکاندا بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە دەستی دەرەکی لە پشتەوە بێت بۆ دژایەتی دەوڵەتی کوردستان، ئەوا بەڕاستی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت و لەوانەیە ئەو دەرفەتەی ئێستا بۆ نەتەوەکەمان هاتۆتە پێشەوە لە دەستمان بچێت، ئەگەر ئەم دەرفەتەشمان لەدەست بچێت من پێموایە هەتا سەد ساڵی دیکەش دەرفەتی ئاوا لەبار بۆ کورد دروست نابێتەوە.

*** ئەگەر راشکاوانە هاوكێشەی سیاسیی کوردستان بخوێنینەوە، وادەردەکەوێت، كێشەکان تەنیا ململانێی حزبی نین، بەڵکو بزووتنەوەی گۆڕان بەڕاستی دەیەوێت مەرجی خۆی بە سەر پارتیدا فەرز بکات، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی رێککەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتی ئیمزا کردووە، نەوشیروان دەیەوێت یەکێتیش لە كێشەی نێوان گۆڕان و پارتی تێوەبگلێنێت، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت؟**

- ئەگەر نییەتی نەوشیروان مستەفا ئەوە بێت کە یەکێتی لە كێشەی نێوان پارتی و گۆڕان تێوە بگلێنێت، ئەوا راستە بارودۆخەکە ئاڵۆز دەبێت، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆی بکاتە بەشێك لە كێشەی نێوان پارتی و گۆڕان، یەکێتی تا ئێستا رۆڵێکی باشی گێڕاوە و هیوادارم لەسەر ئەو رۆڵەی بەردەوام بێت، سەبارەت بەكێشەی نێوان پارتی و گۆڕانیش بەڕاستی ئەو سیاسەتەی نەوشیروان مستەفا لەناو گۆڕان پیادەی دەکات، وڵاتەکەی لە هەموو روویەکەوە تێکداوە، پێش هەموو شت ئەو سیاسەتە وایکردووە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لای لاوانی کوردستان لاواز بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەجۆرێك لاوانی کوردستانی نائۆمید کردووە کە سەری خۆیان هەڵبگرن و بەرەو هەندەران بڕۆن، ئەگەر دیراسەتێکی وردی هۆکاری چوونی لاوانی کوردستان بۆ هەندەران بکرێت، دەردەکەوێت ٩٠٪ی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشم و بەڵێنە درۆیانەی کە گۆڕان و نەوشیروان مستەفا خەڵکی ئەم وڵاتەیان پێ فریوداوە، ئاشکرایە لە ساڵانی رابردوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی مام جەلال بووە سەرۆك کۆمار و چووە بەغدا، نەوشیروان خۆی حاکمی رەهای سلێمانی بووە، با سەیر بکەین و بپرسین ئایا لەو کاتەی کە بودجەش هەبوو، نەوشیروان چی بۆ سلێمانی کردووە؟ کە لە یەکێتیش جیابووەوە هەوڵیدا ئەوەشی کرابوو، کاولی بکات، بۆیە قسە و کردەوەی نەوشیروان مستەفا یەکناگرنەوە و لە پێناوی ئەو ئامانجە خراپەی هەیەتی، هەموو شێتێك دەکات.

*** نەوشیروان مستەفا دەیەوێت مەرج بەسەر پارتیدا فەرز بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە دەیەوێت بە جارێك دەرگای دیالۆگ و چارەسەری سیاسی دابخات، ئایا پارتی لە هەمبەر ئەو مەرجانە چی دەڵێت؟**

- بە درێژایی مێژووی خەباتی رێبازی بارزانی و پارتی، هیچ دەوڵەت و لایەنێك نەیتوانیوە مەرجی خۆی بەسەر پارتیدا فەرز بکات، بۆیە هیچ کەس و لایەنێك نەك هەر ناتوانێت مەرج لەسەر پارتی

فەرزبکات، بەڵکو ئەگەر مەرجی پێشوەختەشی هەبێت، پارتی لەگەڵی دانانیشێت، دوای ئەوەش پارتی ناهەقی بەرامبەر کەس نەکردووە، ئەوەی کرا هەوڵێك هەبوو فیتنە لە کوردستاندا دروست بێت، بەڵام پارتی ئەو فیتنەیەی دوورخستۆتەوە. نەوشیروان هەوڵیدا پەرلەمانی کوردستان بکاتە ئامرازێك بۆ دروستکردنی ئاژاوە و فیتنە لە کوردستاندا، لە کاتێکدا بە درێژایی مێژووی پەرلەمانی کوردستان، هەموو کات پەرلەمان هەوڵیداوە بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکان چارەسەر بکات، لەسەر ئەم بنەمایە کە پەرلەمان شکۆ و پێگەی خۆی وەربگرێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە پەرلەمان کارابکرێتەوە و رۆڵی خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستاندا بگێرێت، بەڵام ئەوەی نەوشیروان مستەفا داوای دەکات، ئەوەیە کە دەیەوێت پەرلەمان هەر بەوجۆرە بێت و کەسێکی هەرزەکاری کەم ئەزموون لە سیاسەت و کاری پەرلەمانی بکاتەوە بە سەرۆکی پەرلەمان، بەوەش بێگومان هەمان ئەزموونی فاشیلی ساڵانی رابردوو دووبارە دەکەینەوە، ئەگەر پەرلەمانیش بووە سەرچاوەی کێشە لە وڵاتەکەماندا، ئەوا ئەو پەرلەمانە نەبوونی باشترە، ئێوە خۆتان لە ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو بینیتان، لەو کاتەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بە درێژایی ١١٠٠ کیلۆمەتر بەرگرییان لە سنووری کوردستان دەکرد و خوێنیان لە سەنگەرەکاندا دەرژا، بزووتنەوەی گۆڕان خەڵکی هاندەدا بچنە سەر بارەگاکانی پارتی و لەناو بارەگاکاندا کادری ئێمەیان شەهید و بریندار دەکرد و سەرۆکی پەرلەمانیش زیاتر ئاگرەکەی خۆش دەکرد و دەیویست کوردستان کاول بکات، بۆیە ئەو کەسەی کە گۆڕان کردبوویە سەرۆکی پەرلەمان لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستان تێناگات کە پیایدا تێدەپەڕێت. بزووتنەوەی گۆڕان لەم بارودۆخە تێناگات، نازانن بارودۆخی هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگریدا چۆنە، دانیشتوون لە دوورەوە و لە سایەی ئەو کەشە ئارامەی بە خوێنی پێشمەرگە دروست بووە، موزایەدەی سیاسی و بێ مانا دەکەن، بزووتنەوەی گۆڕان لە بری ئەوەی وەك حزبێکی سیاسی نیشتمانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بێت، هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی دژی داعش ورەو ئیرادەی بەهێزتر بێت، ئەو لە پشتەوە خەریکی دروستکردنی فیتنە و ئاژاوەیە بۆ ئەوەی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لاواز بێت و پێشمەرگە نەتوانێت بەرگری بکات. من لێرەدا زۆر بە راشکاوی دەڵێم، بە درێژایی ئەو ١١٠٠ کیلۆمەترەی کە بەرەی شەڕە دژی داعش، تیرۆریستانی داعش هەست بکەن لە هەر بەرەیەکەوە پێشمەرگە لاوازە، دوای نیوکاتژمێر هێرش دەکەنە سەری، بۆیە ئەگەر نەوشیروان مستەفا لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان تێبگەیشتایە، کادرەکانی بەوجۆرە پەروەردە نەدەکرد و هەموو هەوڵی بۆ ئەوە نەدەبوو، سەنگەرەکانی پێشمەرگە لاواز بکات.

*** بەڵام بەپێی ئەو رێککەوتنەی گۆڕان لەگەڵ یەکێتی ئیمزای کردووە، یەکێتیش بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکەوێتە ژێر ئیلتزاماتی ئەو رێککەوتنە و سیاسەتی گۆڕانەوە، ئایا لەم حاڵەتەدا پارتی دەتوانێت وەك پێشان تەفەهوم لەگەڵ یەکێتی دروست بکاتەوە؟**

- ئەوەی ئێستا لە رووکەش دیارە، بەڵێ بەپێی ئەو رێککەوتنە یەکێتی دەکەوێتە ژێر ئیلتزامات و سیاسەتی گۆڕان، بەڵام لە سیاسەت و پراکتیزەکردنی لەسەر ئەرزی واقیع هەموو شتێك قابیلی گۆڕانە، بۆیە ئەو واقیعە سیاسییەی لە کوردستاندا هەیە بواری ئەوە نادات کە بتوانن ئەو رێککەوتنە بە تەواوەتی جێبەجێ بکەن.

*** بەڵام ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنەی گۆڕان و یەکێتی ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، کە نەوشیروان مستەفا پیلانی بۆ دووئیدارەیی هەبێت؟**

- هەر کەسێك بیەوێت دووئیدارەیی دروست بکاتەوە، خیانەت لە خوێنی هەموو شەهیدانی کوردستان دەکات، ئەوەی جێگەی ئومێدە و گوێمان لێدەبێت ئەوەیە هەموو لایەنەکان دەڵێن ئێمە دژی دووئیدارەییین لە هەرێمی کوردستاندا، لەمەش زیاتر پاشان چۆن دەتوانێت دووئیدارەیی دروستبکاتەوە؟ سوپاس بۆ خوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبێ جیاوازی ئەوەی سەر بەکام لایەنی سیاسییە، هەر هەمووی دژی دوو ئیدارەییە، دژی شەڕی ناوخۆییە و نەفرەتی لێدەکەن، بۆیە هەر پیلانێك بەو ئاراستەیە دابڕێژرێت پێشوەختە فاشیل دەبێت و هیچیشی بۆ ناکرێت.

*** ئەو دەرفەتە مێژووییەی ئێستا بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە، دیارە دوای پشتیوانی خوا، لەو بڕیارە بوێرەی جەنابی سەرۆك بارزانی-یەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە تابی ٢٠١٤ بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش دا، دوای ئەم بڕیارە قارەمانیەتی و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بووە سیمبول لەسەر ئاستی هەموو جیهان، بەڵام لەم کاتەدا کە پێشمەرگە بۆتە ناسنامەی نەتەوییەك لەسەر ئاستی جیهان، حزبە سیاسییەکان کێشەی لاوەکی دروست دەکەن و دەیانەوێت ژینگەی سیاسی ئارام نەبێت بۆ ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام نەدرێت و پرۆسەی سەربەخۆیی نەگاتە ئامانجی خۆی، ئایا ئێوە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە سیاسییە سەختە دەکەن؟**

- راستە هەندێك جار گوێمان لە هەندێك لێدوان و هەڵوێستی سیاسی دەبێت کە بۆنی ئەوەی لێدێت کە

**تیرۆریستانی داعش ئەو هەموو چەك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێل و ئامێری سەربازی ٤ فیرقەی سوپای عێراق و ٢ فیرقەی پۆلیسی فیدراڵی و ئەوەندەشی لە سوپای سووریا کەوتەدەست، کەچی بە هەموو بەراوردێك پێشمەرگە بێچەکە لە ژمارەیەك چەکی کۆنی تەقلیدی و تەقەمەنییەکی کەم هیچی دیکەی لەبەر دەست نەبوو، بەڵام کە رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بووەوە، توانی ئەفسانەیەك دروست بکات کە ببێتە سیمبولی ئازایەتی و خۆڕاگری، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێش راپەڕین پێکهاتبوو لە مەفرەزەی پارتیزانی، کە گەڕاشینەوە، کەوتینە ژێر باری دوو گەمارۆی ئابووری هەتا ٢٠٠٣، لە دوای ٢٠٠٣ کە بەپێی دەستووری عێراق دەبوو، بودجە و مووچەی پێشمەرگە لەسەر بودجەی سەروەریی عێراق بێت، ئەوە ١٢ ساڵە حکومەتی ناوەند ئەو بودجە و مووچەیەی پێشمەرگەی نەناردووە**

**لە ئێستادا هەوڵێک لەسەر ئاستی ناوخۆ هەیە بۆ ئەوەی وێنەی کوردستان لە دەرەوە ناشیرین بکرێت، ناحەزانی سەربەخۆیی کە ئامانجیان ئەوەیە پرۆسەی سەربەخۆیی نەگاتە مەنزڵ، خەڵک هاندەدەن بەوەی لە دەرەوە بڵێن لەناو ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا ناتەبایی سیاسی هەیە و هەر لایەک دژی ئەوی دیکەیە و پێکەوە ژیان نییە**

**من راگەیاندنی پارتی بە لاواز نازانم، لەبەر ئەوەی دەیان جار بەرپرسانی دەزگاکانی راگەیاندن گۆڕان، بەڵام میتۆدی راگەیاندنی پارتی نەگۆڕاوە، بۆیە من ئەوە دەگێڕمەوە بۆ سروشتی پەروەردەکردنی ڕێبازی بارزانی نەک لاوازیی راگەیاندنی پارتی**

**ئەنجامدانی ریفراندۆم بەشێکە لە پرۆسەی سەربەخۆیی، ئەم پرۆسەیە گەیشتۆتە ئاستێک هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت لە دژی رابوەستێت**

دەیانەوێت ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی دروست بکەن، بەڵام خەڵکێك هەر تۆزێك هەستی کوردایەتی و نیشتمانی هەبێت وابیر ناکاتەوە، سەبارەت بەوەشی کە ئەو خەڵکانە بۆیە دژایەتی دەکەن، لەبەر ئەوەی سەرۆك بارزانی ڕێبەرایەتی ئەم پرۆسەیە دەکات، ئەوا پێش هەموو شت دەبێت ئەوە بزانن کە سەرۆك بارزانی وەك ڕێبەر و کاریزمای نەتەوەیەك نەك هەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان ئەرکی سەرشانیەتی ڕێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکەی بکات، ئاشکراشە هەموو نەتەوەیەك لە ماوەی ٥٠ ساڵ جاری واهەیە ١٠٠ ساڵ ئەوجا ڕێبەرێکی کاریزمای تێدا هەڵدەکەوێت بۆ ئەوەی وەرچەرخان لە مێژووی نەتەوەکەی دروست بکات، بۆیە ئەگەر دەیانەوێت وای پیشانبدەن، ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی تەنیا یەك لایەنە، ئەوا ئەم پرۆسەیە پرۆسەی یەك لایەن نییە، راستە پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی سەربەخۆیی خەبات و قوربانییەکی زۆری داوە، بەڵام پرۆسەکە پرۆسەی هەموو گەلی کوردستانە، ئەوجا کەدێن گێچەڵ بە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەگێڕن، دیارە جەنابی سەرۆك پێویستی بە پۆستی سەرۆکی هەرێم نییە، ئەوان کاتێك ئەم فیتنە و ئاژاوەیان دەست پێکرد، تەنیا ٢٠کم بەرەی شەڕ لە هەولێرەوە دوور بوو، ئەو کات و ئێستاش لە شەڕێکی سەخت و خوێناویداین لەگەڵ دڕندەترین دەوڵەتی تیرۆریستی لە جیهاندا، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی یەکڕیزی کوردستان تێکنەچێت، جەنابی سەرۆك بارزانی راشکاوانە پێی گوتوون، فەرموون کەسێك بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا پۆستەکەی تەسلیم بکەم، بەڵام لایەنە سیاسییەکان کاندیدیان نەبووە، خۆیان دەڵێن کەس لەم بارودۆخە سەختەدا ناتوانێت ئەو ئەرکە قورسە وەربگرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ناتوانن شان بدەنە بەر ئەو ئەرکە، ئەی چیتان دەوێت؟ ئایا دەتانەوێت وڵاتەکە کاول بکەن؟ بۆیە هەر کەسێك لەسەر ئەم ئەقڵییەتە دواکەوتووە بەردەوام بێت، خیانەت لە خوێنی شەهیدانی کوردستان دەکات و دەبێت ریسوا بکرێت.

*** ئەی سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم، ئایا پێتوانییە ئەم بارودۆخە ئاستەنگ دروست دەکات بۆ ئەوەی نەتوانین ریفراندۆم ئەنجام بدەین؟**

- ئەنجامدانی ریفراندۆم بەشێکە لە پرۆسەی سەربەخۆیی، ئەم پرۆسەیە گەیشتۆتە ئاستێك هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت لە دژی رابوەستێت، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر لایەنێك، یان کەسێك لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم نەبێت، ئەی لەگەڵ کێ دەبێت؟ لەگەڵ ئەو تیرۆریستانە دەبێت کە نەك هەزار ساڵ پێش ئێستا، بەڵکو لە ئێستا و لە ساڵی ٢٠١٦دا خەڵك بە زیندوویی دەسووتێنێت و خەڵك سەردەبڕن، بۆیە بارودۆخە وای لێهاتووە هەڵبژاردنەکە لە نێوان دوو پرسدایە، ئایا لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان دەبێت، یان لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە بە زیندوویی خەڵك دەسووتێنن و خەڵك سەردەبڕن، سەبارەت بەو ئەقڵ نەخۆشانەش کە دژایەتی ئەم پرۆسەیە دەکەن، لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات، ئەوا خەڵکی کوردستان لەوە هۆشیارترە بکەوێتە داوی ئەو ئەقڵە نەخۆشانە و هەموویان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، بۆیە ئەوانە بەوجۆرە بیردەکەنەوە دەبنە کەمایەتییەکی زۆر کەم، خۆ پێشتریش خەڵکانێك هەبوون لە گەڵ ڕژێمەکانی پێشووی عێراق بوون و دژی شۆڕش و پێشمەرگە بوون.

*** زۆرجار لەسەر ئەم پرسە، بەرپرسانی پارتی گلەیی لە راگەیاندنی پارتی دەکەن بەوەی نەیتوانیوە وەك پێویست کار بۆ گوتاری سەربەخۆیی بکات، یان بە مانایەکی دیکە نەیتوانیوە گوتاری پارتی بۆ سەربەخۆیی پیشانبدات، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- لە رووکەشدا بەڵێ، بەڵام کادرانی پارتی بە کادرانی راگەیاندنیشەوە پەروەردەی ڕێبازی بارزانین، ئەم قوتابخانەیە کادرانی خۆی بەو جۆرە پەروەردە کردووە کە نەتوانن منەت بە سەرخەڵکدا بکەن، راشکاوانەتر کادرانی راگەیاندنی ئێمە وا پەروەردە کراون گوتاری نەتەوەیی پارتی، ئەوە ئەرکی سەرشانی پارتییە و پێویست بەوە ناکات بازاڕگەرمی بۆ بکەن، خەباتکردن و قوربانیدان بۆ دەوڵەت ئەرکی سەرشانی پارتییە و دەبێت بیکات، بۆیە من راگەیاندنی پارتی بە لاواز نازانم، لەبەر ئەوەی دەیان جار بەرپرسانی دەزگاکانی راگەیاندن گۆڕان، بەڵام میتۆدی راگەیاندنی پارتی نەگۆڕاوە، بۆیە من ئەوە دەگێڕمەوە بۆ سروشتی پەروەردەکردنی ڕێبازی بارزانی نەك لاوازیی راگەیاندنی پارتی.

*** لایەنێکی دیکەی پرۆسەی سەربەخۆیی، لۆبیی کردنە لەسەر ئاستی دەرەوە بۆ پشتگیری لە دەوڵەتی کوردستان، دیارە ئەم بوارە پێویستی بە یەکدەنگی و یەك هەڵوێستی هەیە، ئایا ئەم کێشە ناوخۆییانەی کوردستان تا چەند کاریگەری سلبی لە سەر ئەم لایەنە هەبووە؟**

- پێش هەموو شت، کورد خۆی لەسەر ئاستی لۆبیکردن لاوازە، بە بەراوردکردن بەو نەتەوانەی لۆبی بەهێزیان هەیە، بۆیە ئێمە بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لەم بوارەدا زۆر لە دواوەین، بەڵام ئەوەی تا ئێستا کراوە و ئەو هەلومەرجەی هاتۆتەپێشەوە دەرفەتێکی

باشی بۆ کوردستان ڕەخساندووە، لە ئێستادا هەوڵێك لەسەر ئاستی ناوخۆ هەیە بۆ ئەوەی وێنەی کوردستان لە دەرەوە ناشیرین بکرێت، ناحەزانی سەربەخۆیی کە ئامانجیان ئەوەیە پرۆسەی سەربەخۆیی نەگاتە مەنزڵ، خەڵك هاندەدەن بەوەی لە دەرەوە بڵێن لەناو ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا ناتەبایی سیاسی هەیە و هەر لایەك دژی ئەوی دیکەیە و پێکەوە ژیان نییە، بەداخەوە هەندێك لایەنی سیاسی کە دەچنە دەرەوە بەم شێوەیە خەڵکی دەرەوە تێدەگەیەنن، دەیانەوێت وێنەکە بەوجۆرە پیشانبدەن کە میللەتێکی نەزانین، وڵاتەکەمان ناسەقامگیرە، گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بوونی نییە، هەر بۆ نموونە لە سەردانێکمدا بۆ ئەمەریکا کە چەندین کەسی سیاسەتمەدار و بەرپرسم بینی، هەندێکیان پێیانگوتم: (بیستوومانە مامەڵەتان لەگەڵ کریستیانەکانی کوردستان باش نییە.) بێگومان خەڵکانێك لە کوردستانەوە چوون ئەو پڕوپاگەندەیان بڵاوکردۆتەوە، بۆیە من لە وەڵامدا پێمگوتن، باشە ئەگەر مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کریستیانەکان باش نییە، چۆن کاردینالی کەنیسەی ڕۆژهەڵات کە ٧٩ ساڵە لە عێراق دەرچووە و لە شیکاگۆ نیشتەجێبووە، ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و لە عەینکاوە نیشتەجێبووە، هەروەها زیاتر لە یەك ملیۆن عەرەبی سوننە کە پێشتر هەموویان لەگەڵ ڕژێمی پێشوو بوون، ئێستا ئاوارەبوون و کوردستان پێشوازی لە هەموویان کردووە، پاشان ٩٥٪ی هەموو کریستیانەکانی عێراق هاتوونەتە کوردستان، ئایا ئەگەر مامەڵەمان خراپ بێت، چۆن ڕوودەکەنە کوردستان؟ بۆیە جارێکی دیکەش دەڵێم بەکارهێنانی کێشەی سیاسی بۆ ناشیرینکردنی وێنەی کوردستان لە دەرەوە خیانەتی نیشتمانی و خیانەتە بەرامبەر خوێنی شەهیدان، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش بارودۆخەکە لەبارە و دەرفەتێکی زێڕین دروست بووە، نابێت بە هەر نرخێك بێت ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین.

*** لەو ماوەیەی کە داعش هێرشی کردۆتە سەر کوردستان، ئێوە وەك بەرپرسی میحوەرێکی گەورەی ئەم شەڕە، سەرپەرشتی بەشێکی گرنگی بەرەکانی ئەم شەڕە دەکەن. ئایا لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، تاچەند گۆڕانکاری بەسەر ئیرادەی پێشمەرگەی کوردستاندا هاتووە بەو مانایەی کە وەك سوپای بەرگریی کوردستان سەیری بکەین؟**

- ئیرادەی پێشمەرگە هەموو کات ئیرادەیەکی پۆڵایین بووە، هەر ئەو ئیرادەیەش وایکردووە کە تیرۆریستانی داعش تێکبشکێندرێن، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بکەین کە پێشمەرگە بووبێتە سوپایەك بە مانای وشە، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە سوپا بە ئیمکانییەت دروست دەکرێت، شەڕیش هەر بە ئیمکانییەت دەکرێت، سەیر بکەن، جۆرج دەبلیو بوش کە بە پاڵەوانی شەڕی عێراق و ئەفغانستان دادەنرێت، گلەیی ئەوەی لەسەرە کە ئەو دوو شەڕە کاریگەری هەبووە لەسەر ئابووریی ئەمریکا، ئەوجا ئەگەر سەیری بارودۆخی خۆمان بکەین، دیارە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێش ڕاپەڕین پێکهاتبوو لە مەفرەزەی پارتیزانی، دوای ڕاپەڕینیش کەوتینە ژێر باری دوو گەمارۆی ئابووری هەتا ٢٠٠٣، لە دوای ٢٠٠٣ کە بەپێی دەستووری عێراق دەبوو، بودجە و مووچەی پێشمەرگە لەسەر بودجەی سەروەریی عێراق بێت، ئەوە ١٢ ساڵە حکومەتی ناوەند ئەو بودجە و مووچەیەی پێشمەرگەی نەناردووە، هەروەها پێویست بوو بەپێی دەستووری عێراق ٢٠٪ی ئەو چەك و تەقەمەنی و ئامێرە سەربازییانەی بۆ سوپای عێراق دەکڕدرێن، بدرێتە پێشمەرگە، بەڵام ئەوەشیان بۆ پێشمەرگە نەناردووە، لەم بارودۆخە قورسە کە شەڕی داعشیشی بەسەردا هات، خۆتان دەزانن تیرۆریستانی داعش ئەو هەموو چەك و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێل و ئامێری سەربازی ٤ فیرقەی سوپای عێراق و ٢ فیرقەی پۆلیسی فیدڕاڵی و ئەوەندەشی لە سوپای سووریا کەوتەدەست، کەچی بە هەموو بەراوردێك پێشمەرگە بێجگە لە ژمارەیەك چەکی کۆنی تەقلیدی و تەقەمەنییەکی کەم هیچی دیکەی لەبەر دەست نەبوو، بەڵام کە ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بووەوە، توانی ئەفسانەیەك دروست بکات کە ببێتە سیمبولی ئازایەتی و خۆڕاگری، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش. بۆیە ئەم شەڕە بۆ پێشمەرگە بووە ئەزموونێکی سەخت بۆ چۆنیەتی پارێزگاریکردن لە خاکی کوردستان، بەڵام ئێستاش بە بەراورد بە سوپایەکی هاوچەرخ پێداویستی زۆرە و ناتوانین بڵێین بۆتە سوپایەکی هاوچەرخ.

*** ئایا هەوڵتان نەداوە پێداویستیی چەك و تەقەمەنی وەك پێویست بۆ پێشمەرگە لە دەوڵەتانی هاوپەیمانان دابین بکەن؟**

- هەوڵدراوە و ڕۆژانەش ئەو هەوڵانە بەردەوامن، لەگەڵ ئەوەی ئەو چەکەی دەدرێتە پێشمەرگە جێگەی سوپاس و ڕێز و پێزانینە، بەڵام ڕێژەی ئەو چەك و تەقەمەنییە زۆر کەمە، زۆر جار کە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی هاوپەیمانان کۆدەبینەوە بە ڕاشکاوانە پێمان گوتوون، ئەگەر وەك فەرماندەیەکی سەربازی باسی کەموکورتییەکانی خۆمان بکەین، ئەوا ئەو ئیمکانییەتەی لەبەردەستی منە تەنها ٢٥٪ی ئەو ئیمکانییەتەیە کە پێویستە لەبەر دەستم بێت، ٩٠٪ی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بەکاریان دەهێنین، ئۆتۆمبێلی مەدەنین، لە کاتێکدا

**سەرۆک بارزانی وەک ڕێبەر و کارێزمای نەتەوەیەک نەک هەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان ئەرکی سەرشانیەتی ڕێبەرایەتی پرۆسەی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکەی بکات**

**کاتێک ئەم فیتنە و ئاژاوەیان دەست پێکرد، تەنیا ٢٠کم بەرەی شەڕ لە هەولێرەوە دوور بوو، ئەو کات و ئێستاش لە شەڕێکی سەخت و خوێناویداین لەگەڵ دڕندەترین دەوڵەتی تیرۆریستی لە جیهاندا، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی یەکڕیزی کوردستان تێکنەچێت، جەنابی سەرۆک بارزانی ڕاشکاوانە پێی گوتوون، فەرموون کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا پۆستەکەی تەسلیمی لەگەڵ بکەم، بەڵام لایەنە سیاسییەکان کاندیدیان نەبووە، خۆیان دەڵێن کەس لەم بارودۆخە سەختەدا ناتوانێت ئەو ئەرکە قورسە وەربگرێت**

**گۆڕان لە بری ئەوەی وەك حزبێكی سیاسی نیشتمانی هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بێت، هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەكانی دژی داعش ورەو ئیرادەی بەهێزتر بێت، ئەو لە پشتەوە خەریكی دروستكردنی فیتنە و ئاژاوەیە بۆ ئەوەی سەنگەرەكانی پێشمەرگە لاواز بێت و پێشمەرگە نەتوانێت بەرگری بكات**

**ئەوەی نەوشیروان مستەفا داوای دەكات، ئەوەیە كە دەیەوێت پەرلەمان هەر بەوجۆرە بێت و كەسێكی هەرزەكاری كەم ئەزموون لە سیاسەت و كاری پەرلەمانی بكاتەوە بە سەرۆكی پەرلەمان، بەوەش بێگومان هەمان ئەزموونی فاشیلی ساڵانی ڕابردوو دووبارە دەكەینەوە، ئەگەر پەرلەمانیش بووە سەرچاوەی كێشە لە وڵاتەكەماندا، ئەوا ئەو پەرلەمانە نەبوونی باشترە**

**دوای ئەوەی مام جەلال بووە سەرۆك كۆمار و چووە بەغدا، نەوشیروان خۆی حاكمی ڕەهای سلێمانی بووە، با سەیر بكەین و بپرسین ئایا لەو كاتەی كە بودجەش هەبوو، نەوشیروان چی بۆ سلێمانی كردووە، كە لە یەكێتیش جیابووەوە هەوڵیدا ئەوەشی كرابوو، كاولی بكات**

ئێمە لەگەڵ دوژمنێك شەڕدەكەین كە بە خۆكوژ و ئۆتۆمبێلی مینرێژكراو ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، هەر لەم میحوەرەی ئێمە تا ئێستا ٧٩ ئۆتۆمبێلمان سووتاوە، هەروەها ئەو چەكەی كە ئێستا پێشمەرگە شەڕی پێدەكات هی ٤٠-٤٥ ساڵ لەمەوپێشە، ئەو چەكە هی ئەوەیە لە مۆزەخانە دابنرێت، نەك شەڕی لەگەڵ ئەو دوژمنە دڕندەیە پێبكرێت.

*** وەك فەرماندەیەك زۆر جار لەگەڵ شاندی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و ڕاوێژكارەكانیان كۆدەبیتەوە، ئایا هۆكاری پێنەدانی چەكی پێویست بە پێشمەرگە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- ئەو هاوكارییەی كە زۆر گرنگ بووە هەتا ئێستا، هاوكاری ئەمریكایە بۆ دابینكردنی پێداویستی تەواو بۆ ٢ لیوای ئێمە و دابینكردنی بڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار، ئەمەش وەك بناخەیەك بۆ سوپای كوردستان گرنگە، بەڵام بونیادنانی سوپا بەبێ هاوكاری جددی دەوڵەتێكی گەورە كارێكی ئاسان نییە.

*** بەڵام ئێستا ئامادەكاری دەكرێت بۆ ئازادكردنەوەی موسڵ، بەپێی ئەوەی گوێمان لێی دەبێت، پێشمەرگە بەشێك دەبێت لەو پرۆسەیە، ئێوە كە چەكی دەستان تەنیا چەكی بەرگرییە، چۆن بەشداری ئەو شەڕە گەورەیە دەكەن؟**

- سەبارەت بە شەڕی ئازادكردنەوەی موسڵ هەتا ئێستا ٢-٣ جار پلانی ئەو شەڕە گۆڕاوە، دیار نییە پێشمەرگە بە چ شێوەیەك بەشداری دەكات، بەشداریكردنیشمان لەو شەڕە بە مەرج دەبێت، شەڕی ناو موسڵ پێویستی بە چەكی هێرشبەر هەیە، ئەگەر چەك دابین نەكەن بۆ پێشمەرگە چۆن بەشداری بكات؟

*** بەڵام سوپای عێراقیش ئەو ئامادەباشییەی نییە كە بتوانێت بە تەنیا ئەو شەڕە بكات، ئایا پێتوانییە شەڕێكی قورس دەبێت؟**

- بێگومان شەڕەكە قورس دەبێت، تەنیا لەو حاڵەتە نەبێت كە داعش چۆن هات ئاواش لەبەریەك هەڵبوەشێت، ئەمەیان شتێكی ترە، ئەگەر حەشدی شەعبیش بەشداری بكات، ئەوا لەوانەیە هەمان كارەساتی فەلوجە و ڕومادی و تكریت دووبارە ببێتەوە، بەڵام هەتا ئێستا جەخت لەسەر ئەوە دەكرێتەوە كە نابێت حەشدی شەعبی بەشداری بكات، ئەگەر حەشدی شەعبی بەشداری نەكات، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی هاوپەیمانان تا چەند هاوكاری دابین دەكەن و مەرجەكانی پێشمەرگە جێبەجێ دەكەن. هەروها مەسەلەی موسڵ تەنیا ئازادكردنەوەی نییە بە شێوەیەكی سەربازی، بەڵكو بۆ ئێمە وەك كوردستان پرسەكە ئەوەیە دوای ئازادكردنەوەی ئەو شارە چۆن موسڵ بەڕێوەدەبرێت، دەبێت لەسەر ئەم پرسە ڕێكبكەوین، چونكە پێش ئەوەی داعش موسڵ داگیر بكات، ٦ ساڵ پێش ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی عێراقیان لە موسڵ ڕاگەیاندبوو، هەموو شتێك لە موسڵ لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان بوو، تەنانەت یەك تەقینەوەش لە موسڵ ڕوونەدەدا، بۆیە بە ئازادكردنەوەی موسڵ داعش كۆتایی نایەت، لەوانەیە ناوەكەی بگۆڕێت، ناكرێت موسڵ بگەڕێتەوە بۆ پێش ئەو كاتەی داعش هات، هەروەها ناكرێت عێراقیش بگەڕێتەوە بۆ ئەو كاتە، ئەوەی ئێستا دەوڵەتانی ئەمریكا و هاوپەیمانان جەخت لەسەر یەكپارچەیی عێراق دەكەن، یەكپارچەیی عێراق هەر لەسەر نەخشە بوونی ماوە و لە سەر واقیع بوونی نەماوە.

*** ئەندامی دوو شاندی وەزارەتی پێشمەرگە بوویت كە سەردانی پەرلەمانی ئەورووپا و كۆشكی ئەلیزێتان كردووە، ئایا تاچەند لەو دوو سەردانەدا توانیتان پێداویستی پێشمەرگە دابین بكەن و گرنگی ئەو دوو سەردانە لە چیدابوو؟**

- لەو دوو سەردانە، ئێمە چەند لیستێكمان ئامادەكردبوو كە بریتی بوون لە پێداویستی زۆر پێویست و كاتی، ئەم لیستانەمان داوە بە پەرلەمانی ئەورووپا و هەموو وڵاتەكان، بەڵام كە لە من دەپرسن ئایا وەك پێشمەرگە چیتان پێویستە؟ من دەڵێم پێشمەرگە وەك سوپایەك هەموو ئیمكانیەتێكی سەربازی پێویستە، هەر بۆ نموونە ئێمە وەك پێشمەرگە لە مانگی نیسانی ٢٠١٥ـەوە بودجەی جووڵەكردنی سەربازیمان (نسریە الحركات) وەرنەگرتووە، بۆیە پێشمەرگە بەڕاستی پێویستی بە ئیمكانییەتە، ئەوان هەموویان بەڵێنیان داوە هاوكاری پێشمەرگە بكەن، بەتایبەتی فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا هاوكاری باشیان كردووین، ئەڵمانیا چەكی میلانی دژەتانكی ڕاستەخۆ ناردووە بۆ پێشمەرگە، بەڕاستی كاریگەر بووە و دەتوانم بڵێم بۆتە هۆكاری ئەوەی ژیانی سەدان پێشمەرگەی كوردستان بپارێزێت، ئێمە سوپاسیان دەكەین، لە ئێستا تیمی ڕاوێژكاری چەندین وڵاتی هاوپەیمان لە هەولێرن و مەشق و ڕاهێنان بە پێشمەرگە دەكەن. لەسەردانیشمان بۆ كۆشكی ئەلیزێ كە سەرۆك هولاندمان بینی زۆر بە گەرمی پێشوازی لێكردین، لەوكاتەوە تائێستا سێ جاری دیكە سەرۆك هۆلاندم بینیوە، جار لە دوای جار زیاتر ئامادەباشی پیشانداوە هاوكاریی پێشمەرگە بكات، دوایین جاریان دوای نمایشكردنی فیلمی دیكۆمێنتاری (پێشمەرگە) بوو لە فیستیڤاڵی كان، لەو دیدارە جەختی لەسەر ئەوە كردەوە لەو پێداویستییانەی داوامانكردووە و جێبەجێ نەكراون، هەمووی جێبەجێ بكرێن.

*** وەك باستان كرد بەشداری نمایشكردنی فیلمی پێشمەرگە بوویت لە فیستیڤاڵی كان لە فەرەنسا، ئایا كاریگەریی ئەم فیلمە لەسەر پێشمەرگە و كوردستان چی بوو؟ تاچەند بیرنارد هێنری لیڤی ڕۆڵی لە**

**ئامادەکردنی ئەم فیلمە هەبووە و چۆن ئەم فیلمە دیکیۆمێنتارییە لە فیستیڤاڵێکی گەورەی سینەمایی وەك کان نمایش کرا؟**

- دیارە بیرنارد هنری لیڤی خۆی یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی فەرەنسا و جیهانیش، واتە کەسایەتێکی جیهانییە، دوای هاتنی داعش و بیستنی قارەمانیەتی پێشمەرگە، هەوڵیدابوو بە رێگەی چەند برادەرێکی ئێمە لەگەڵ پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا باسی کردبوو دەیەوێت سەردانی کوردستان بکات، کە هاتنە کوردستان دوای ئەوەی جەنابی سەرۆك وەزیرانی کوردستانیان بینی، سەردانی ئێمەیان کرد، ئێمە دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵی ئەنجامدا، پێکەوە سەردانی بەرەکانی شەڕمان کردو لەوێ چاوی بە پێشمەرگە قارەمانەکان کەوت، لە میانەی ئەو سەردانانەی خۆی گوتی بەڕاستی من ئێستا تێگەیشتم پێشمەرگە چ قارەمانێکە، گوتیشی من بە هەموو شێوەیەك پشتگیری پێشمەرگە دەکەم و کە گەڕاشمەوە هەوڵدەدەم سەرۆك هۆلاند لە کۆشکی ئەلیزێ پێشوازی لە شاندیکی پێشمەرگە بکات. هەر لەو سەردانە باسی کرد کە بیرۆکەی فیلمێکی دیکیۆمینتاری هەیە و دەیەوێت لەگەڵ سەرۆك وەزیران باسی بکەن، من پێشوازیم لە بیرۆکەکەی کرد و ئەویش لەگەڵ سەرۆك وەزیران باسی کرد، سەرۆك وەزیرانیش خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و ئامادەباشیشی پیشاندا هەموو هاوکارییەکی بکات، دیارە دوای ئەم سەردانەی هنری لیڤی گەڕایەوە بۆ فەرەنسا و تیمی خۆی ئامادەکرد، وەزارەتی پێشمەرگەش شاندیکی ئامادەکرد و سەردانی کۆشکی ئەلیزێمان کرد و چاومان بە سەرۆك هۆلاند کەوت. دوای ئەوەی جارێکی دیکە بیرنارد هنری لیڤی گەڕایەوە، دەستی کرد بە ئامادەکردنی فیلمەکە، ئەم فیلمە دیکیۆمێنتارییە، دیمەنەکانی راستەقینەن، بریتین لە دیمەنی هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر داعش، بەرگری قارەمانەی پێشمەرگە لە کاتی هێرشکردنی داعش، بەگشتی دیمەنەکانی ئەم فیلمە پیشاندانی بارودۆخی راستەقینەی پێشمەرگەی لە هەموو بەرەکانی شەڕ هەتا دەگاتە شنگال.

*** چۆن ئەم فیلمە دیکیۆمێنتارییە خرایە بەرنامەی فیستیڤالی کانەوە؟**

- بەڕاستی دانانی ئەم فیلمە دیکیۆمێنتارییە لە بەرنامەی فیستیڤاڵی کان، دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی بیرنارد هنری لیڤی، کە چوونە فیستیڤاڵی کان، هەندێك لە راگەیاندنە عەرەبییەکان پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد، بەوەی گوایە واسیتەمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو فیلمە بخرێتە بەرنامەی کانەوە، لە خۆمیان پرسی، منیش لەوەڵامدا پێمگوتن: هۆکاری رانەگەیاندنی ئەم فیلمە دیکیۆمێنتارییە لە بەرنامەی کان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم فیلمە لەسەر پێشمەرگەیە و بۆ پاراستنی ئاسایشی فیستیڤاڵەکە بووە، پاشانیش کە ئێوە دەڵێن ئێمە واسیتەمان کردبێت بۆ ئەوەی ئەو فیلمە بخرێتە بەرنامەی ئەو فیستیڤاڵەوە، ئەمە خۆزگە راست بوایە لەبەر ئەوەی ئەمە مانای ئەوەیە لۆبی کورد ئەوەندە بەهێزە بەرنامەی فیستیڤاڵێکی ئاوا گەورە بگۆڕێت.

*** حەماسی ئامادەبووانت دوای نمایشکردنی فیلمی پێشمەرگە چۆن بینی؟**

- ئەو حەماسەی لە پێشوازی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بۆ پێشمەرگە بینیمان کە دووجار هەموو ئامادەبووان پێکەوە بە چەپڵەڕێزان بۆ پێشمەرگە هەستانەوە، ئەوان پێیان گوتین ئەمە یەکەمجارە لە پەرلەمانی ئەورووپا هەموو پێکەوە دووجار بە چەپڵەڕێزان بۆ پێشوازی هەستنەوە، بێگومان پێشوازی ئامادەبووانی فیستیڤاڵی کان لەوەش گەرمتر بوو، هەموویان بەچەپڵەڕێزان پێشوازییان لە دیمەنەکانی فیلمەکە دەکرد، داوایان کرد بۆ رۆژی دوایی دووبارە نمایش بکرێتەوە، خۆشتان دەزانن ئەوانەی لەو جۆرە فیستیڤاڵە بەشداری دەکەن، بەشێکیان کەسایەتی سیاسین، بەشێکیان ئەکتەری گەورە و دەرهێنەری جیهانی و رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانن، هەروەها هەموو شەقامەکانی فەرەنسا بە ریکلامی پێشمەرگە رازێندرابوونەوە و هەر دوای ئەم فیلمەش چاومان بە سەرۆك هۆلاند کەوت.

*** بیرنارد هنری لیڤی بێجگە لە فیلمە دیکیۆمێنتارییە، بە نووسینەکانیشی خزمەتی زۆری پێشمەرگە و کوردستانی کردووە، ئایا دەتوانین بڵێین کورد قەرداری ئەم دۆستەیەتی؟**

- ئێمە وەك کورد و کوردستانی گەلێکی بەوەفایین و ئەوەی خزمەتمان بکات، قەت لەبیری ناکەین، ئەو خزمەتەی ئەم بیرمەندە گەورەیە بیرنارد هنری لیڤی بە پێشمەرگە و کوردستانی کردووە، شایەنی ئەوەیە خۆمان بە قەرداری بزانین، چونکە لەوەتەی شەڕی داعش دەستی پێکردووە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵیداوە پشتگیری بۆ کورد و پێشمەرگە دابین بکات، هەروەها کەسایەتیی ئەو کاریگەری لەسەر سیاسەتی فەرەنسا بەتایبەتی هەیە و هەروەها کاریگەری لەسەر رای گشتی جیهانیش هەیە، سەبارەت بەم فیلمەش بێجگە لەوەی لە کان نمایش کرا، لە پەرلەمانی بەریتانیاوە داواکراوە پێش ئەوە بنێردرێت بۆ سینەماکان، لەوێش نمایش بکرێت، هەروەها لەوانەیە لە کۆنگرێسیش نمایش بکرێت، بۆیە ئەم کارە و هەموو کارەکانی دیکەی بیرنارد هنری لیڤی شایەنی ئەوەیە کورد تەقدیری بکات و خۆی بە قەرداری ئەو فەیلەسوفە بزانێت.

**یەکێتی تا ئێستا رۆڵێکی باشی گێڕاوە و هیوادارم لەسەر ئەو رۆڵەی بەردەوام بێت، سەبارەت بەکێشەی نێوان پارتی و گۆڕانیش بەڕاستی ئەو سیاسەتەی نەوشیروان مستەفا لەناو گۆڕان پیادەی دەکات، وڵاتەکەی لە هەموو روویەکەوە تێکداوە**

**ململانێی سیاسی لە نێوان حزبەکاندا بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە دەستی دەرەکی لە پشتەوە بێت بۆ دژایەتی دەوڵەتی کوردستان، ئەوا بەڕاستی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت و لەوانەیە ئەو دەرفەتەی ئێستا بۆ نەتەوەکەمان هاتۆتە پێشەوە لە دەستمان بچێت**

**ئەگەر دیراسەتێکی وردی هۆکاری چوونی لاوانی کوردستان بۆ هەندەران بکرێت، دەردەکەوێت ٩٠٪ی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشم و بەڵێنە درۆیانەی کە گۆڕان و نەوشیروان مستەفا خەڵکی ئەم وڵاتەیان پێ فریوداوە**

# دوژمنە کوردەکانی کوردایەتی



ئاریان فەرەج

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بە درێژایی مێژووی نوێی نەتەوەی کورد، ڕووینەداوە مورتەزەقە و چەکبەدەستانی شۆڕشی چەواشە لە دژایەتیکردنی شۆڕشی سەربەخۆییخوازی کوردستاندا، پشتیان بە تیۆری و ئایدیا بەستبێ و تەنزیریان بۆ هەڵوێستەکەیان کردبێ و وەك ڕێباز و دنیابینییەك وێنایان کردبێ و هەوڵیان دابێ داکۆکی لە ڕاستی و دروستیی ڕەفتارەکەیان بکەن. چەکبەدەستانی دژە شۆڕش هەمیشە لە عەوامێکی نەفام و ناهۆشیار و سەرۆك جاشانی ناپاك و کاسەلێس و پارەخواز پێکدەهات و لە هەندێك قۆناغیشدا گەنجانی بێچارەی هەڵاتوو لە بەسەربازگرتن و شەڕ و مەرگ دەکەوتنە ئەو خانەیەوە و جاروباریش شۆڕشگێڕی بەرگەنەگر و ڕووخاو و خۆبەدەستەوەدەریشی تێدەکەوت. ئەمانە لە هیچ قۆناغێکدا زاتی ئەوەیان نەبوو بەهانەی ئایدیۆلۆجی بۆ هاوسەنگەرایەتیی دوژمن و داگیرکەران بهێننەوە، یان تەنزیرات بۆ پێگە شەرماوەرەکەیان داتاشن. ئەوان وەك هەر بەکرێگیراوێك خزمەتی خۆیان پێشکەش دەکرد و کرێ و ئیمتیازاتی خۆیان وەردەگرت، لەو پێناوەشدا بە سەرشۆڕی و بێزراویی نێو میللەت ڕازی بوون و تەماعی ئەوەیان نەبوو پاساوبێننەوە و خەڵك بە پاساوەکانیان قایل بێ، چ جای ئەوەی هەوڵ بدەن کوێرە ڕێگەکەیان وەك ڕێبازێکی سیاسی وێنا بکەن و خەڵکی بۆ بانگ بکەن. ئاخر بانگکردنی ئینسانی کورد بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، هەم لای داگیرکەران و هەم لای کرێ گرتەکانیشیان دەزانرا کە بانگێکی کپ و بێ دەنگدانەوە و بێ جەدوایە.

مانفێستی دژە سەربەخۆیی و دژ بە نەتەوە کە پەکەکە و لقەکانی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرزیان کردەوە، خاڵێکی وەرچەرخانی مەترسیداری چاوەڕواننەکراو بوو. تا چرکە ساتی ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی ئەم مانفێستە و بە درێژایی تەمەنی شۆڕشی کوردستان، ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوخۆیی کورد لەسەر ڕێ و ڕێچکەکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان بوو، نەك لەسەر خودی سەربەخۆیی وەك ئامانجێکی نەتەوەیی باڵا. ڕەنگە لەسەر کات و ناکاتی هەڵگرتنی دروشمەکە بووبێت، لەسەر قۆناغبەندییەکانی خەباتی سەربەخۆییخوازی بووبێت، بەگشتی ناکۆکی و ململانێیەك بوو لە باشترین حاڵەتدا لەسەر ئەوەی بە کامە ئایدیۆلۆجیا و دنیابینی و بە ڕابەرایەتی کام چین و دەستەبژێر دەگەین بەو ئامانجە و لە خراپترین حاڵەتیشدا زادەی ئەو دەردە کوردە بوو کە کەسمان ڕابەرایەتی ئەوی دیکەمان لەو کاروانەدا قبوڵ نەدەکرد و شەڕمان لەسەر زەعامەت دەکرد. بەڵام تا ساتەوەختی بەگۆهاتنی (مانفیستی دژە نەتەوە)ی پەکەکە، ناکۆکیی نوخبەی سیاسیی کورد هەرگیز لەسەر کوردایەتی و ناکوردایەتی، سەربەخۆییخوازی و بندەستیخوازی نەبووە. تەنانەت چەپی کورد کە تا سەر نەیتوانی بەشێکی خەباتی نیشتمانیی عێراقی و ئوممەمیەت بێت و ماڵی کوردستانیی خۆی جیاکردەوە، هەر لەبەر ئەوە بوو کە باڵێك بوو لە خەباتی سەربەخۆییخوازیی کوردستانی و پێشمەرگەکانی ڕۆڵەی نەتەوەی کورد

و گەلی کوردستان بوون.

پەکەکە و لقەکانی لە پارچەکانی کوردستان نەك هەر یەکەمین تەشکیلەی سیاسیی کوردن کە بە هۆشیارییەوە دژ بە سەربەخۆیی و خەباتی نەتەوەیی میللەتی کورد وەستاونەتەوە و سەربەخۆیی بە شۆڤێنیزم و کوردایەتی بە نەژادپەرستی دەزانن و راشکاوانە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان تیۆریزەدەکەن و بانگ لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکەن بچنەریزی ئەو دژایەتییە، بەڵکو لە ئان و ساتێکیشدا ئەم کارە دەکەن کە کوردستان لە ئاستانەی سەربەخۆییدایە و جیهان و تەنانەت ناوچەکەش خەریکی دەستەوپەنجەنەرم کردنن لەگەڵ وەها پێشهاتێکی سیاسی و حەتمییەتی بە وجودهاتنی دەوڵەتی کوردستان.

پەکەکە لە کاتێکدا دژی کوردایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دەوەستێتەوە و پاساو بەوە دێنێتەوە کە کوردستانی سەربەخۆ واتا زیادبوونی دەوڵەتێکی دیکەی نەژادپەرستی وەك دەوڵەتانی تورك و فارس و عەرەب، کە هیچ کام لە تورك و فارس و عەرەب نەك هەر دەستیان لە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەڵنەگرتووە، بەڵکو دەستبەرداری پارچە داگیرکراوەکانی کورد و میللەتانی دیکەش نابن کە بە تۆبزی کردوویانە بەشێکی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی خۆیان. لەوبەری جیهانیش ئەورووپییەکان هەمیشە لەخەمی ئەوەدان کۆبوونەوەیان لە یەکێتییەکی کیشوەریدا، شوناس و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان کاڵ نەکاتەوە و وڵاتێکی وەك ئینگلستان لەو پێناوەدا وا شوناسە ئەوروپاییەکەی دەخاتە راپرسییەکی نەتەوەییەوە.

پەکەکە سووك و ئاسان دەیەوێ مێژوویەکی دوور و درێژ و حەکایەتی هێشتا نەبڕاوەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەرانسەری دنیای مۆدێرندا لەبیر خەڵك بباتەوە. دەیەوێ پرەنسیپی جیهانیی مافی دیاریکردنی چارەنووس، چیرۆکی بێبەشبوونی چوارەمین گەورە نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو مافە، رازی نەبوون و نەسرەوتنی سەد ساڵی میللەتی کورد بۆ گێڕانەوەی ئەو مافە و گێڕانەوەی پێگە و ئیعتبار بۆ چوارەمین گەورە نەتەوەی ناوچەکە، نادیدە بگرێ.

پەکەکە وەك حزبێکی پۆلپۆتی کە هەوادارەکانی بە منداڵی پەروەردە دەکات و ئیعتماد لەسەر مێشك شوشتنەوە دەکات، بە هەمان لۆژیکی منداڵ فریودان بابەتی سەربەخۆیی تیۆریزە دەکا، بۆیەش زۆر سادە و ساکارانە دەیەوێت پێمان بڵێ دەوڵەتی کوردستان دەبێتە دەوڵەتی چەوساندنەوەی تورکمان و سریان و ئاشوور و کلدان و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بەدەستی کوردەوە، بۆیە نابێ دروست بێ. وەك ئەوەی فەرەنسا و ئینگلستان و ئیسپانیا و تەواوی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی دیکە زیندان و ئەشکەنجەخانەی گەلانی غەیرە فەرەنسی و غەیرە ئینگلیز و غەیرە ئیسپانی و میللەتانی دیکە بن کە هاوژیانیانن .

بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان کە لە جەوهەر و کەلتووردا خەباتێکی پێکەوەیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستانە، هەر لە سەرەتاوە ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە و ناوەڕۆکە دیموکراتی و لیبراڵەکەی گرەنتی بەخش بووە بۆ هەموو ئەو پێکهاتانە کە کوردستانی سەربەخۆ بە وێنەی هەر وڵاتێکی دیموکرات و لیبراڵ دەبێتە سەرزەمینی هەمووان و هەرگیز زۆرینەیی کورد، کەمینەیی ژمارەیی و ماف و کۆتا و بەرکەوتی ئەوان ناخاتە مەترسییەوە و ئەم راستییە لە پێش سەربەخۆییشەوە لە هەرێمی کوردستاندا بەرجەستەیە.

سەربەخۆیی نە تەنیا حەزێکی رۆمانسی و خولیایەکی حەماسی و خەونی وەك گەلانی دیکە ژیانە، بەڵکو کەمترین هۆشیاری بەسە بۆ تیگەیشتن لەوەی بێ سەربەخۆیی، خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و بنیادنانی ئایندە و گەشەپێدانی وڵات مومکین نییە. دەوڵەتانی داگیرکەر گەر بیانتوانیایە بە حوجەت و قەناعەت پێهێنان و پاساوهێنانەوە، میللەتانی ژێردەست لە داواکردنی سەربەخۆیی سارد و پەشیمان بکەنەوە، پەنایان بۆ رێی سەختی ئاگر و ئاسن و قەتڵ و عام نەدەبرد. چ جای حزبێك لە هەمان میللەت بیەوێ میللەتی خۆی بە بندەستی و رەتکردنەوەی ئازادی قایل بکات. پەکەکە لە دوای زنجیرەیەك هەڵوێستی دژ بەیەك و سەرلەخۆشێواندن و کلك گرێدان و بژاردەی هەڵە و لێکدانەوەی دۆگما ئێستا لەو پێگە سەختە و لەبەردەم ئەو ئەرکە مەحاڵەدایە.

پەکەکە دەزانێ دژایەتی راستەوخۆی سەربەخۆیی و مافی نەتەوەیی، دژایەتی کۆی نەتەوەی کورد و مێژووی سەد ساڵ خەباتیەتی و چاوقایمییەکی لە رادە بەدەری دەوێت، بۆیە پەنا بۆ قێزەونکردن و ناشرینکردنی کوردایەتی و سەربەخۆیی دەبات، تا پەلاماردانی مومکین بێت. چەمکە سەیر و سەمەرەکانی وەك (بەسەر چوونی سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی، دروستکردنی نەتەوەی دیموکراتیك لە


لە کۆهەستی خۆڕسکانەی ئینسانی کورددا، هەر کەس و لایەنێک دژی سەربەخۆیی کوردستان بێت، دوور لە هەر پاساو و تەنزیرێکی سیاسی، وەک ناپاک و هاوسەنگەریی دوژمن دەبینرێ، لەلای داگیرکەرانی کوردستانیش هەر تاک و گروپێکی لەو چەشنە دەبێتە شایستەی هاندان و دەستگیرۆیی ودەست لە پشتدان

سەربەخۆیی نە تەنیا حەزێکی رۆمانسی و خولیایەکی حەماسی و خەونی وەک گەلانی دیکە ژیانە، بەڵکو کەمترین هۆشیاری بەسە بۆ تیگەیشتن لەوەی بێ سەربەخۆیی، خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و بنیادنانی ئایندە و گەشەپێدانی وڵات مومکین نییە

پەکەکە سووک و ئاسان دەیەوێ مێژوویەکی دوور و درێژ و حەکایەتی هێشتا نەبڕاوەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەرانسەری دنیای مۆدێرندا لەبیر خەڵک بباتەوە. دەیەوێ پرەنسیپی جیهانیی مافی دیاریکردنی چارەنووس، چیرۆکی بێبەشبوونی چوارەمین گەورە نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو مافە، رازی نەبوون و نەسرەوتنی سەد ساڵی میللەتی کورد بۆ گێڕانەوەی ئەو مافە و گێڕانەوەی پێگە و ئیعتبار بۆ چوارەمین گەورە نەتەوەی ناوچەکە، نادیدە بگرێ

# پلان بی

## سیستمی کۆنفیدراڵی



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

جێی ئینتمای نەتەوەیی، خۆسەریی دیموکراتی لە جیاتی نیشتمان) لە هەوڵە بێ جەدواکانی ئەو حزبە و لقەکانیەتی بۆ ساردکردنەوەی کوردستانییان لە سەربەخۆییخوازی و قایل بوون بە کەمتر لە ئازادی.

لە کۆهەستی خۆڕسکانەی ئینسانی کورددا، هەر کەس و لایەنێك دژی سەربەخۆیی کوردستان بێت، دوور لە هەر پاساو و تەنزیرێکی سیاسی، وەك ناپاك و هاوسەنگەریی دوژمن دەبینرێ، لەلای داگیرکەرانی کوردستانیش هەر تاك و گروپێکی لەو چەشنە دەبێتە شایستەی هاندان و دەستگیرۆیی ودەست لە پشتدان. ئێستا پەکەکە و لقەکانی بە کردەوە لەو پێگەیەدان. دژ بە دەرفەتی ڕەخساو بۆ میللەتەکەیان و دەست تێکەڵ لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و دژبەری سەرسەختی بەرەی سەربەخۆییخوازین.

بەڵام پاساو و هەوڵەکانی پەکەکە بۆ تیۆریزەکردنی دژایەتی سەربەخۆیی وەك هەر ئایدیایەك کە دژ بە خواست و ئاواتی خۆڕسکانەی ئینسانەکان بێت، هەمیشە کورت دێنێ. دوایین لێدوانی ساڵح موسلیم-ی سەرۆکی لقی ڕۆژئاوای پەکەکە نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو کورتهێنانەیە. موسلیم دەڵێ: مادام کورد لە عێراقدا ئیعتراف بە وجودی کراوە و بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکە زۆرترین مافەکانی وەرگرتووە، دەبێ لەگەڵ بەغدا کۆك و تەبا بێت و لێی جیانەبێتەوە و کوردانی دیکەش بەغدا بکەنە دەروازەی ستراتیژیی خۆیان.

ئەم لێدوانەی موسلیم کرۆکی تێڕوانینی سەرلێشێواوانەی پەکەکەیە بۆ دۆزی کورد، ئەو نەك هەر کۆی خەبات و قوربانییەکانی کورد بە هۆکاری بەدەستهێنانی لانیکەمی مافەکانی لە باشووری کوردستاندا نازانێ و بە خێر و سەدەقەی ڕژێمەکانی دەزانێ، نەك هەر گیانەلای دەوڵەتی فاشیل و لەبەریەك ترازاوی عێراق و حەتمییەتی هەڵوەشانەوەی نابینێ و داوادەکات لێی جیانەبینەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەو لۆژیکە سەرەتاییەش دژبەرە کە کورد لە هەر پارچەیەك زۆرترین ماف و پێشکەوتنی بەدەستهێنابێ، لە پارچەکانی دیکە نزیکترە لە سەربەخۆیی و دەبێ هەوڵی جددی بۆ بخاتە گەڕ. نەك بسرەوێ و دەست هەڵگرێ و سارد بێتەوە.

گرفتی بنەڕەتی مانفێستی پەکەکە لەوەدایە کە کورد بە شایانی سەربەخۆیی نازانێ و کەمترین مافی پێ زۆرە. قسەکانی موسلیم ڕوونترین گوزارشتە لەو ڕوانگەیە .

**پەکەکە و لقەکانی لە پارچەکانی کوردستان نەک هەر یەکەمین تەشکیلەی سیاسیی کوردن کە بە هۆشیارییەوە دژ بە سەربەخۆیی و خەباتی نەتەوەیی میللەتی کورد وەستاونەتەوە و سەربەخۆیی بە شۆڤێنیزم و کوردایەتی بە نەژادپەرستی دەزانن و ڕاشکاوانە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان تیۆریزەدەکەن**

**مانفێستی دژە سەربەخۆیی و دژ بە نەتەوە کە پەکەکە و لقەکانی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرزیان کردەوە، خاڵێکی وەرچەرخانی مەترسیداری چاوەڕواننەکراو بوو. تا چرکە ساتی ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی ئەم مانفێستە و بە درێژایی تەمەنی شۆڕشی کوردستان، ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوخۆیی کورد لەسەر ڕێ و ڕێچکەکانی گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان بوو**

**چەکبەدەستانی دژە شۆڕش هەمیشە لە عەوامێکی نەفام و ناهۆشیار و سەرۆک جاشانی ناپاک و کاسەلێس و پارەخواز پێکدەهات و لە هەندێک قۆناغیشدا گەنجانی بێچارەی هەڵاتوو لە بەسەربازگرتن و شەڕ و مەرگ دەکەوتنە ئەو خانەیەوە و جاروباریش شۆڕشگێڕی بەرگەنەگر و ڕووخاو و خۆبەدەستەوەدەریشی تێدەکەوت**

هەر کاتێک باسی کۆنفیدراڵی بکرێت، ئەم پرسیارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە: ئەگەر سیستمی کۆنفیدراڵی بریتیی بێت لە کۆی زیاتر لە دەوڵەتێك و ئێمەش کە دەوڵەتی سەربەخۆ بووین، ئەوسا چ پێویستییەکمان بە سیستمی کۆنفیدراڵی دەبێت؟

ئەم پرسیارە ڕەوایە و وەڵامەکەشی ئەوەیە کە لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی رای نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، وەك قۆناغێکی راگوزەر هەندێك جار ناچار دەبیت بە دوو هەنگاو بگەیت بە ئامانجێك کە یەك هەنگاوت بۆ تەرخان کردووە لە پێشتردا.

لێرەوە قسە دێتە سەر ئەوەی پێی دەڵێن: پلان بی.

لە کۆی ئەو پێناسانەی بۆ زاراوەی (پلان بی)کراون، دەتوانین تێکڕایەك وەربگرین کە دەڵێت: پلان بی وەك جێگرەوە، یان ئەڵتەرناتیڤ، بریتییە لە کردەیەکی دیکە، یان زنجیرەکردەیەکی دی بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە ڕێگەی گەیشتنی پێشووت پێی کورت دەهێنێت.

مەبەست لەم پێشەکییە زۆر کورتە ئەوەیە کە ئێمە سوورین لە سەر راگەیاندنی سەربەخۆیی تەواو، کە ئەمەش مافێکی رەها و رەوای خۆمانە، بەڵام ئەگەر ئەوەش رای فەرمی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا بێت کە دەڵێن ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدان بە هەر نرخێك بێت، ئەوسا پێویستە ئێمەش پلان بی، یان پلانی یەدەکمان ئامادە بێت.

لای من وەك لە زۆرێك لە سیمینارەکانی ئەم دواییانەدا ئاماژەم پێکردووە، پلان بی بریتییە لە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە چوارچێوەی سیستمی کۆنفیدراڵیدا، کە ئەمەش بژاردەیەکە ئاسانترە بۆ قەبوڵکردن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆی عێراقیشدا.

بە لێکدان و کۆکردنەوە کورتکردنەوەی زۆر راپۆرت و شیکردنەوەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، کە لە چەندین سەنتەری توێژینەوە و دیراساتی عەرەبی و بیانی بەرچاوم کەوتوون، وا دیارە کورتەی سیناریۆی ئایندەی عێراق بەرەو ئەم گریمانانەی لای خوارەوە دەچێت، یان دەبرێت:

١. قەناعەتپێکردنی عێراقییەکان بەوەی کە مانەوەی عێراق بەم شێوەیەی ئێستای لە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییدا زۆر زەحمەتە، تا ڕادەی مەحاڵ.

٢. هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئازادکرنی ناوچە سوننییەکان بەپێی مەرجەکانی ئەمریکا و ڕێککەوتنی نێوان پێکهاتەکانی.

٣. کردنەوەی پردێکی ئاسمانی بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە سوننییەکان لە ماوەیەکی پێوانەیی و گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان.

٤. لادانی دەم و چاوە سیاسی و ئیدارییە سوننییە کۆنەکان، کە چیدی سوننەکان بە نوێنەری خۆیانیان نازانن.

٥. راگەیاندنی ماوەیەکی ئینتیقالی بۆ گواستنەوە لە فیدراڵییەوە بۆ کۆنفیدراڵی لە ڕێگەی هەمووارکردنەوەی دەستوور و ڕێکارە یاساییەکانەوە.

٦. راگرتنی کارکردن بە دەستوور و یاسا کۆنەکان.

٧. بەردەوامبوونی هەوڵەکان بۆ ئەوەی عێراق بۆ سێ دەوڵەتی کوردی و سوننی و شیعی دابەش بکرێن.

٨. کۆتاییهێنان بە میلیشیا و دەسەڵاتە لاوەکییەکانی نێو عێراق.

٩. هێشتنەوەی عێراق وەك یەکێتییەکی لاواز لە رووی دەرەوە و دروستکردنی سێ دەوڵەتی بەهێز بۆ هەر سێ پێکهاتەکە.

١٠. پێدانی دەسەڵاتی نیمچە ڕەها بە هەر سێ دەوڵەتەکە.

١١. بەهێزکردنی ئابووری و وەبەرهێنانی دەرەکی لە هەر سێ دەوڵەتەکەدا.

١٢. هاتنەوەی ئەمریکا بۆ بینینی رۆڵی خۆی لە پاراستنی ئەم سیستمە نوێیەی حوکمڕانی.

١٣. داواکردنی ئەمریکا لە ئێران بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێش ساڵی ٢٠٠٣ و کەمکردنەوەی پەلهاویشتنەکانی لە نێوخۆی عێراقدا.

١٤. هەوڵدانی دەوڵەتانی پێوەندیدار بۆ وەرگرتنی پاڵپشتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنەوەی عێراق بە سیستمی کۆنفیدڕاڵی، نزیك لە سیستمی یەکێتیي ئەورووپا.

١٥. پاڵپشتیی و هاندانی توانا زانستی و ئابوورییەکان بۆ گەڕانەوە و بەشداربوون لە بونیادنانی وڵاتی خۆیاندا.

١٦. ناساندنی عێراقی کۆنفیدڕاڵی وەك ناوچەیەکی ستراتیژیی بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا.

بۆ هەموو ئەمانەش هەوڵەکان بەم میکانیزمانەدا دەڕۆن:

١. ئامادەکرنی ڕای گشتی و قەناعەتپێکردنی پێکهاتەکان بەم بژاردەی کۆنفیدڕاڵییە.

٢. روونکردنەوەی خاڵە ئیجابییەکانی ئەم بژاردەیە بۆ حزبە شیعی و بزاڤە سوننییەکان.

٣. ئاگادارکردنەوەی وڵاتانی عەرەبی و بیانیی پێوەندیدار لەم بژاردەیە.

٤. هەوڵدان بۆ قەناعەتکردن بە سوننییەکان بۆ راگەیاندنی هەرێمی سوننەکان.

٥. ناولێنانی هەردوو هەرێمی شیعە و سوننەکان بە ناوی نزیك لە ڕەهەندی جوگرافی و دوور لە تائیفی.

٦. جارێکی دی دارشتنەوەی سنووری نێوان ناوچەکانی هەر سێ پێکهاتەکە لە بەر رۆشنایی بارودۆخە نوێیەکەی دوای شەڕی وەدەرنانی داعش.

دیندار دۆسکی چاودێر و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# گۆڕان پرسەکە بەو شێوەیە دەخەنەڕوو وەک ئەوەی نابێت هیچ موناقەشەی لەسەر بکرێت و کەس ڕەتی بکاتەوە

**لە ١٩ی ئابی ساڵی رابردوو ئەو پەرلەمانتارانەی دەنگیان نەدا، گۆڕان هەموویانی بە خۆفرۆش و خائین ناوزەد کرد، ئەوەی ئەوان دەیکەین جۆرێکە لە ئیرهابی فیکری و دەیانەوێت رای خۆیان فەرز بکەن**

**یەکێتی لەم قۆناخەدا ئەرکی قورسی لەسەر سەرشانە و دەبێت رۆڵی بۆ چارەسەر بێت، نەک تەنیا گواستنەوەی داواکارییەکانی پارتی و گۆڕان، دەبێت لە هەموو لایەکەوە هەوڵبدرێت پارتی و گۆڕان پێکەوە دانیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن**

*** ئێستا کوردستان بە قۆناخێکی هەستیار و ناسك و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، ئایا وەك سیاسەتمەدارێك چۆن واقیعی ئێستای کوردستان دەخوێنێتەوە؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیر بکەین، ئەوا ئەم پێگەی ئەمڕۆ کوردستانی تێدا دەبیندرێت، پێگەیەکی گەش و موژدەبەخشە، سەرکەوتنی پێشمەرگە قارەمانەکان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ ئەم پێگەیەی کوردستان لە جیهاندا و جیهان هەمووی شانازی بە سەرکەوتنی پێشمەرگە قارەمانەکانەوە دەکات، بۆیە بە دیتنی من پێویستە ئێمە ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین، دەرفەتی لەم شێوەیە لەوانەیە لە مێژوودا بۆ کورد دروست نەبووبێت و ناشزانرێت ئایا لە ئایندە بۆی دروست دەبێتەوە، یان نە، بۆیە حەیفە کورد، یان حزبە سیاسییەکانی کوردستان، وێڕای ئەو هەموو قوربانییەی پێشمەرگە، نەتوانێت ئەم دەرفەتە ئیستیسمار بکات. بەڕاستی ئەم دەرفەتە نیعمەتی خوایە و ئەگەر سەر لە خۆمان تێکنەدەین، خەون و ئاواتی میللەتەکەمان دێتەدی. لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە ئەوەیە دەبێت بزانین کە ئەم دەرفەتە هەڕەشە و تەحەددایشی لەسەرە. ئێمە لە جوگرافیایەکدا دەژین هەر چواردەورمان تەحەددا و هەڕەشەیە و حەزناکەن کورد بگاتە ئەو ئاستەی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت و وەك دوژمن و مەترسی لەسەر ئایندەی خۆیان سەیرمان دەکەن. بۆیە خاڵی گرنگ و چارەنووسساز بۆ حزبە سیاسییەکان ئەوەیە واز لەم کێشە و ململانێ ناوخۆییانە و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی بهێنن و هێڵە گشتییەکانی بیری نەتەوەیی بخەنە سەرووی بەرژەوەندی حزبییەوە و دەبێت لەسەر ئەو هێڵە گشتییانە رێکبکەون و بۆ هەموو لایەك هێڵی سوور بن و رێزی لێبگرن. راشکاوانەتر دەبێت کێشە و ناکۆکی نێوان حزبەکان هەتا ئەو هێڵە سوورە بێت و نەیبەزێنێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە کوردستان دەیبینین لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان، یان ئەو هێڵە گشتییانە لە نێوان حزبەکاندا رێککەوتن نییە، بۆیە کاتێك دەرفەتێکمان بۆ دێتە پێشەوە، لە بەرامبەرمان خەڵکی دیکەش هەن دەیانەوێت ئەو دەرفەتە لەدەست کورد بدەن، بۆیە پێویستە ئێمە هەمووومان ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا ئێمە وەك پارتە سیاسییەکان لە ئیسلامییەوە تا عەلمانی بۆچی دروست بووین و ئامانجمان چییە؟ دیارە ئامانجی هەموو کوردایەتییە و ئامانجی سەرەکیمان ئەوە بووە خزمەتی خاك و خەڵکی خۆمان بکەین، بۆیە ئەگەر ئەو میکانیزمەی ئێستا سیاسەتی



**بارودۆخی کوردستان بە قۆناخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕێت، ئێستا دەرفەتێك بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە کە بە درێژایی مێژوو دەرفەتی لەوجۆرەی بۆ نەهاتۆتەپێشەوە، بەڵام ئەم دەرفەتە گەورەیە دوور نییە لە هەڕەشە و تەحەددای ناوخۆ و دەرەکی، بەتایبەتی کە لە هەر چواردەورمان هەڕەشە بۆ سەر سەربەخۆیی هەیە، ئەمەش کەم تا زۆر کاریگەری لە سەر حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەیە و کێشە ساسییەکانی قووڵتر کردووەتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی سیاسیی ئێستای کوردستان و چۆنیەتی ئیدارەدانی کێشە ساسییەکان و چارەسەرکردنیان، سەردانی دیندار دۆسکی سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسیمان کرد و ئەم دیمانە تایبەتەمان لە دهۆك لەگەڵی ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

پێدەکەین نەمانگەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا وەك حزبی سیاسی دامەزراوین، ئەوا دەبێت حزبە سیاسییەکان پێداچوونەوە بە خۆیاندا بکەن، هەروەها دەبێت هەموو حزبەکان دان بەو راستیەدا بنێن، کە زۆر جار حزب لە سیاسەتی تاکتیکدا دەکەوێتە هەڵەوە و دەبێت ئەو ئامانجەی کە لە پێناویدا دامەزراوە، لە بیری نەکرێت و بە خۆیاندا بچنەوە.

*** ئەگەر سەیری پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەین، هەست دەکەین پرۆسەکە جۆرێك لە چەقبەستوویی پێوە دیارە، پێشتر کێشەکە لە نێوان پارتی و گۆڕان بوو، بەڵام ئێستا و دوای رێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی، بە جۆرێك لە جۆرەکان یەکێتیش خەریکە دەبێتە تەرەف. ئایا کرانەوەیەك لەم پرسە دروست دەبێت؟**

- بێگومان پرۆسەی سیاسی لە کوردستان کەوتۆتە جۆرێك لە حاڵەتی چەقبەستوویی، پێشتر کێشەکە لە نێوان پارتی و گۆڕان بوو، بەڵام دوای ئەم رێککەوتنەی نێوان گۆڕان و یەکێتی، ئێستا ئەوان لە بەرەیەکن و پارتی لە بەرەیەکی تر، دیارە کێشەکە لەسەر رێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی نییە، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە لە سەر چ بنەمایەك گۆڕان و یەکێتی ئەم رێککەوتنەیان ئیمزا کردووە؟ ئەگەر رێککەوتنی نێوانیان هەر ئەوەندە بوایە کێشەی نێوان خۆیان لە زۆنی سلێمانیان پێ چارەسەر بکردایە، بەتایبەتی کە هەردوولایان دەسەڵاتدارن لەو دەڤەرە، ئەمە شتێکی باش بوو، بەڵام لەناو رێککەوتنەکەی یەکێتی و گۆڕان هەندێك خاڵی تێدایە کە تایبەت نییە تەنیا بە نێوانی ئەو دوو حزبەوە، بۆ نموونە پرسی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و کاراکردنەوەی پەرلەمان، دەبوو بیانزانیایە لە دەرەوەی ئەو دووحزبەش، حزب و هێزی دیکە هەیە وەك ئەوان بیرناکەنەوە و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەتایبەتی برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆچوونی من دەبوو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بری ئەوەی ببوایە بە بەشێك لە کێشەی نێوان پارتی و گۆڕان، دەبوو لە سەر رۆڵی خۆی بەردەوام بوایە و ناوبژیوانی لە نێوان پارتی و گۆڕان بکردایە بۆ ئەوەی لێکیان نزیك بکاتەوە. ئێستا رای من هەر بەو جۆرەیە، باشترین لایەن کە بتوانێت میانگیری لە نێوان پارتی و گۆڕان بکات، یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ پارتی رێککەوتنی ستراتیژی هەیە و بە دیفاکتۆش حاکمی دەڤەری سلێمانییە و دەسەڵاتی فیعلی هەیە، لە ئێستادا نازانم یەکێتی بۆتە تەرەفێکی ئەو کێشەیە، یان نە، بەڵام پێموایە هێشتا بوار ماوە بۆ ئەوەی

**هەمووومان دەزانین کە غەدری لێکراوە، بەڵام چۆن غەدری لێکراوە و کێ ئەو غەدرەی کردووە، دەبێت دیاری بکرێت. بەڵام لەسەر ئەمە شووشتنەوەی مێشک بۆ خەڵکی دروست بکرێت بەوەی بەڕاستی غەدرت لێکراوە و ئەوەی وا غەدریشی کردووە، ناوی نەبرێت، ئەمە کارێکی خراپە**

یەکێتی نەبێتە تەرەف و کرانەوەیەك لە بارودۆخەکە دروست بکات.

*** ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایکرد بزووتنەوەی گۆڕان پەنا بۆ ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ یەکێتی ببات؟**

- بزووتنەوەی گۆڕان بەتایبەتی دوای ئەوەی لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٩ لەسەر پرسی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان شکستی هێنا، کەوتە ناو گێژاوێکی سیاسی و دوای ئەوەش زۆر بە تەشەنج و نیگەرانی مامەڵەی لەگەڵ ئەو پرسە کرد و نەیتوانی بە ڕێگەی سیاسی و لۆژیك چارەسەری بکات، بۆیە ناچار بوو پەنا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی ببات، بەم ڕێککەوتنەش ئیدی بزووتنەوەی گۆڕان وەك پرۆژەیەکی چاکسازی کە دروشمەکانی ئەوە بوون چاکسازی بکات و دژایەتی گەندەڵی بکات، تەواو بوو، واتە ئەو دروشمانە بوونی نەما و کۆتایی هات، ئەمەش جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ ناو یەکێتی، بۆ ئەوەی بتوانێت لەو کێشەی لەگەڵ برادەرانی پارتی هەیانە، خۆیان ڕزگار بکەن. دیارە بزووتنەوەی گۆڕان وەك لێدوان و بەیاننامە ئەوەیان نەگوتووە، بەڵام سەرکردەکانی گۆڕان ئەوەیان نەشاردۆتەوە و گوتوویانە کە ئەوان وەك هێزێکی جەماوەری و بە ڕێگەی سیاسی نەیانتوانی کێشەکە چارەسەر بکەن، ئێستاش یەکێتی خاوەنی هێزی سەربازییە، بۆیە بە ڕای سەرکردەکانی گۆڕان بەم ڕێککەوتنە دەبنە خاوەنی هێزی سەربازی بۆ ئەوەی گوشار دروست بکەن و کێشەکەی لەگەڵ پارتی پێ چارەسەر بکەن. دیارە ئەمەش زەمینەخۆشکردنە بۆ دووبارەکردنەوەی شەڕی براکوژی لە کوردستاندا، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی و شەڕی داعش وەك فاکتەرێك بوونی لە کوردستاندا هەیە، ئەوا ئەمە مەحاڵە، لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتیدا، کێشەی دەسەڵات لە کوردستان چارەسەرکراوە، بۆیە ڕاستە چەقبەستوویی سیاسی هەیە، لەگەڵ ئەوەی ناکرێت نائومێد بین، بەڵام بە سووربوونی هەردوولا (پارتی و گۆڕان) لە سەر مەرجەکانیان بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بووە، سەبارەت بە پارتی، دیارە پارتی ڕێککەوتنی دووقۆڵی لەگەڵ هەموو لایەنەکان (یەکێتی، کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆڕان) کردووە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی پێکەوە لەگەڵ هەموو حزبەکان دانەنیشتووە، بۆیە ئەگەر ئێستا بڵێت چاو بە ڕێککەوتنەکەدا دەخشێنمەوە، مافی خۆیەتی، گۆڕانیش مافی خۆی بوو کە پێشتر دەیگوت من لە حکومەت دەکشێمەوە، ئەویش هەر مانای ئەوەیە ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام گۆڕان بە تەشەنج و نیگەرانی مامەڵە دەکات، بۆیە بە ڕای من تەنیا چارەسەر ئەوەیە، یان دەبێت هەڵبژاردنێکی پێشوەختە بکرێت، کە ئەمەش بە بێ ڕێککەوتنێکی سیاسی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە ئاسان نییە، یان دەبێت بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو، یان دەبێت حزبەکان بەتایبەتی یەکێتی و یەکگرتوو ببنە میانگیر بۆ ئەوەی گۆڕان و پارتی لەسەر بنەمایەکی تازە ڕێکبکەون.

*** وەك چاودێرێکی سیاسی ئاگاداری ماوەیەك پێش ئێستا حزبە سیاسییەکان داوایان کرد لەگەڵ سەرۆك بارزانی کۆببنەوە، ئەم کۆبوونەوەیەش کرا، لیژنەیەکیش بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پێکهات، بەڵام گۆڕان شکستی بەوەش هێنا، ئێستا دەبێت پارتی چی بکات بۆ ئەوەی دەروازەیەکی دیکە بکاتەوە؟**

- لە چەند ڕۆژی ڕابردوو جارێکی دیکە پارتی و یەکێتی پێکەوە کۆبوونەوە، بەڵام وەك لە ڕاگەیاندنەکان گوێبیستی بووین، ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە، پارتی سوورە لەسەر ئەوەی د.یوسف محەمەد نەبێتەوە بە سەرۆکی پەرلەمان، گۆڕانیش لەسەر مەرجەکانی خۆی سوورە، بۆ کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیە، ئەگەر من لە جێگەی یوسف محەمەد بوومایە، خۆم دەستم لەکار دەکێشایەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەم کێشەیە لە کوردستان بێت و ئەم چەقبەستووییە نەمێنێت، من ڕێزم بۆ یوسف محەمەد هەیە، بەڵام دەبێت بزانێت هەموو پۆستەکان بە سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانەوە، ئەمانە بەرەنجامی ڕێککەوتنی سیاسین، ڕاستە یوسف محەمەد بە دەنگی خەڵك بۆتە ئەندامی پەرلەمان، ئێستاش هەر ئەندامی پەرلەمانە و کەس ناتوانێت ئەندامیەتی پەرلەمانی لێوەر بگرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە جیابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی یوسف محەمەد بە دەنگی خەڵك نەبۆتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵکو سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران و هەموو وەزیرەکانیش بە ڕێککەوتنی سیاسی ئەو پۆستەیان وەرگرتووە و ئاساییە بە ڕێککەوتنی سیاسیش جێگۆڕکێیان پێ بکرێت. ئەمە چۆن بۆ پارتی ڕەوایە کە دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنەکە دەکات، بۆ گۆڕانیش ڕەوایە داوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنەکە بکات. پێشتر گۆڕان ئەو داوایەی کردووە و دەیگوت لە حکومەت دەکشێمەوە، ئەمە واتە گۆڕان بانگەشەی بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ پارتی کردووە. بۆیە من ئەم پرسە وادەبینم، ئەمە کێشەیەکی کۆنە لە نێوان پارتی و گۆڕان، تەنانەت دوو حزبە ئیسلامییەکەش (کۆمەڵ و یەکگرتوو) کە ماوەی چوار ساڵ لەگەڵ گۆڕان ئۆپۆزسیۆن بوون، کە

**هەموو دەزانین لامەرکەزییەت پێشکەوتنێکی ئیدارییە و هەموومان لەگەڵیداین، بەڵام دەبێت ئەمە لە دەرفەتێکی باشتر و لە ژینگەیەکی سیاسی و دوور لە ناکۆکی سیاسی ڕابگەیەندرێت**

**بۆنی فیتنەیەک دێت کە یەخەی کوردستان دەگرێت، ئێستا هەموومان دەزانین ئەو دروشمی لامەرکەزییەتەی لە سلێمانییەوە لای هەندێک کەس بەرزکراوەتەوە، بانگەشەیە بۆ گەڕانەوەی دووئیدارەیی، ئەو لایەنەشی ئێستا باسی لامەرکەزیەت دەکات، پێشتر دروشمیان ئەوە بوو کە نابێ ئاسەواری دووئیدارەی لە کوردستان بمێنێت**

**شاهیدی ئەوە دەدەم گوتاری نەتەوەیی پارتی بە ڕێگەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕوونترە لە گوتاری لایەنەکانی دیکە**

هاتنە ناو حکومەت، بە هەمان ئەقڵییەتی ئۆپۆزسیۆن بوون مامەڵەیان کرد و هەوڵیان دا بۆ ئەوەی حکومەت لەبەرچاوی خەڵك ناشیرین بکەن، راستە پەرلەمان رۆڵی چاودێر لەسەر حکومەت دەبینێت، بەڵام ناشیرینکردنی حکومەت، واتە نەمانی متمانە بەو حکومەتە لەبەر چاوی خەڵك، کە متمانەش نەما، واتە سیستمە سیاسییەکە تێکدەچێت و ئەوکاتە وڵاتەکە دەڕووخێت، بۆیە لەو قەناعەتەم مەسەلەکە لەوە دەرچووە بەم عینادییە مەسەلەکە چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی لەم کێشەیەش دەرباز بین، دەچینە سەر کێشەیەکی دیکە، ئێستا پرسی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ماوە، پرسی دەستوور ماوە، بەتایبەتی کە یەکێتی و گۆڕان لە رێککەوتنی خۆیان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، دەبێت سیستمەکە پەرلەمانی بێت بە هاوشێوەی عێراق، ئەمە لە کاتێکدا سیستمی عێراق خۆی فەشەلی هێناوە، سەرۆك کۆمارێکی کورد هەیە، بێدەسەڵاتە، سەرۆك پەرلەمانێکی سوننە هەیە بێ دەسەڵاتە، دەسەڵات هەموو لای یەك کەس و یەك حزبی شیعەیە، بۆیە کاتێك دەڵێن دەبێت سەرۆك لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت و هیچ دەسەڵاتی نەبێت، ئەمە رای خۆیانە، بەڵام لە دەرەوەی ئەوان رای دیکەش هەیە، ئەوان پرسەکە بەو شێوەیە دەخەنەڕوو وەك ئەوەی نابێت هیچ موناقەشەی لەسەر بکرێت، نابێت کەس رەتی بکاتەوە، تەنانەت لە دانیشتنی ساڵی رابردووی پەرلەمان، ئەو پەرلەمانتارانەی دانیشتنەکەیان بایکۆت کرد، یان دەنگیان نەدا، هەموویان بە خۆفرۆش و خائین ناوزەد کردن و شتی ناشیرینیان بەرامبەر کردن، ئەمە کەی دیموکراتییە، نەخێر ئەوەی ئەوان دەیکەین جۆرێکە لە ئیرهابی فیکری و دەیانەوێت رای خۆیان بە سەر پەرلەمانتاری حزبەکانی دیکەدا فەرزبکەن. لە ژینگەی دیموکراتیدا پرسی سیستمی سیاسیی وڵات کراوەیە بۆ دیالۆگ و وتووێژ و بیروڕاگۆڕینەوە. پرسی دەستوور پێویستی بە نەفەسێکی سیاسیی درێژ و دانوستاندن هەیە، بەڵام ئەو شێوازەی گۆڕان پیادەی دەکات، هەوڵێکە بۆ تێکدانی کوردستان، ئەوەی ئێستا لە راگەیاندن دەبیندرێت، ناشیرینکردن و سووکایەتیکردنە و ئەوە بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە. ئێستا کێشەکە لە کێشەی نێوان گۆڕان وەك حزب، تەجاوزی کردووە بۆ کێشەی نێوان سلێمانی و هەولێر، سلێمانی و دهۆك، یان سلێمانی و بادینان، گەیشتووەتە ئەوەی لەبەریەك هەڵوەشانێکی جڤاکی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا دروست بکات.

*** دیارە وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا، پرسەکە لە مەسەلەی کێشەی سیاسی وەك حزب دەرچووە، بۆیە پرسیار ئەوەیە، ئەم رق و کینەیەی شەخسی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر پارتی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- کێشەی گۆڕان و پارتی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەشێك لەم کێشەیەش باکگراوندەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤ و ئێستا بەشێکی بووە بە گۆڕان و بەشە توندڕۆیەکەی گۆڕانیش رقێکی قووڵیان بەرامبەر بە پارتی و ماڵباتی بارزانی هەیە، ئێستاش ئەم باکگراوەندە ماوە، پاشان لە رووی ئایدیۆلۆژیەتیشەوە جیاواز بوون، ئەوان چەپ بوون، پارتیش حزبێکی لیبراڵی تەقلیدی بووە، ئێستا ئەم باکگراوەندە لە لاشعوری ئەوان ماوە، بۆیە کە بڕیاردەدەن، ئەو لاشعورە کاریگەری لەسەر شێوازی بڕیارەکەیان هەیە. دیارە نەوشیروان مستەفا کەسی یەکەمە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان، لە کوردستانیش لەناو هەموو حزبەکاندا کەسی یەکەم رۆڵی سەرەکی لە بڕیار دروستکردنەدا دەگێڕێت، بۆیە بڕیارەکانی گۆڕانیش کاریگەری نەوشیراوان مستەفای لەسەرە. بۆیە دەڵێم ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو خراپتر بڕوات، ئەوە پشکی شێری ئەو بارودۆخە بەر نەوشیروان دەکەوێت، ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بارودۆخە ئاسایی بکاتەوە، دیسان پشکی شێری ئەو ئاساییکردنەوەیە هەر بەر ئەو دەکەوێت. لەبەر ئەوەی ئێستا کوردستان لە کاتێکی هەستیاردایە و پێویستە هێزە سیاسییەکان زۆر وریا بن، ئەم دەرفەتە لەدەستی کورد نەدەن، کە رەنگە دەرفەتێکی وا جارێکی دیکە بۆ کورد دووبارە نەبێتەوە. لەوانەیە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش ئەو قەبارە و قورساییەی ئێستامان نەمێنێت، دەبێت باش بیر لەمە بکرێتەوە و باز بە سەر ناکۆکی و بەرژەوەندی حزبیدا بدەین، من هیچ حزبێك تۆمەتبار ناکەم، بەڵام لە گەرمەی ناکۆکی و ململانێکاندا هەندێکجار شت لەبیر دەکرێت.

*** ئایا لەگەڵ هاتنە پێشەوەی پرسی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کێرڤی ئەم ناکۆکی و ململانێیانەی نێوان حزبەکان زیاتر رووی لە هەڵکشان نەکردووە؟ ئایا تاچەند وڵاتانی ئیقلیمی رۆڵیان لە خراپبوونی دۆخەکە بینیوە؟**

- بێگومان دەوڵەتانی ئیقلیمی دژایەتیکردنیان لە بەرامبەر بە بەخاون دەوڵەت بوونی کورد نەشاردۆتەوە و ئەمڕۆ پێیان خۆش نییە گەلی کورد دەستکەوتێکی وا گەورەی دەست بکەوێت. لە مێژوودا دیار و لە بەرچاوە ئەمانە دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بوون، لەناو ویب سایت و پێگە ئەلکترۆنییەکانی ئەم دەوڵەتانە بە ئاشکرا چەندین لێدوانیان دژ بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هەیە و دەڵێن ئێمە دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردین،

**پرسەکە بگاتە ئەوەی بەوجۆرە سەیربکرێت، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاک مسعود بارزانی-یە و لە هەمانکاتدا سەرۆکی پارتییە، ئیتر ئەو فرسەتە مێژووییە لە دەست بدەین، تەنیا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی مسعود بارزانی رانەگەیەندرێت، بە بۆچوونی من ئەمە قەت هەستی نەتەوەیی نییە**

**دەبێت پرسی راگەیاندنی دەوڵەت وەک پرسێکی نیشتمانیی سەیربکرێت و ببێتە پرسێکی نیشتمانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە هێزە سیاسییەکانی کورد و غەیرەکوردیش وەک لایەنەکانی تورکمانی و کلد و ئاشووری بەشداری تێدا بکەن**

**هەرگیز لەگەڵ ئەودا نین بچینە بەغدا و دەوڵەتی عێراق دروست بکەینەوە، کورد لە بنەڕەتدا دژی دروستبوونی ئەم دەوڵەتە دەستکردەی عێراق بووە، بۆیە ئێستا کە کاک مسعود بارزانی باسی ریفراندۆم و دەوڵەت دەکات، وەکو سەرۆکی حزب باسی ناکات، بەڵکو وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی دەکات، کە ئەرکی ئەوە ئەم ریفراندۆمە ئەنجام بدرێت**

**ئەوەی لەکوردستان هەیە، کێبڕکێ نییە لە گەمەی دیموکراتییەتدا، بەڵکو دژایەتییە لە نێوان حزبەکان بۆ سڕینەوەی یەکتری، کە بووە دژایەتیش واتا دیموکراتییەت بوونی نییە**

**نەوشیروان مستەفا کەسی یەکەمە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان، لە کوردستانیش لەناو هەموو حزبەکاندا کەسی یەکەم ڕۆڵی سەرەکی لە بڕیار دروستکردنەدا دەگێڕێت، بۆیە بڕیارەکانی گۆڕانیش کاریگەری نەوشیراوان مستەفای لەسەرە. بۆیە دەڵێم ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو خراپتر بڕوات، ئەوە پشکی شێری ئەو بارودۆخە بەر نەوشیروان دەکەوێت، ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بارودۆخە ئاسایی بکاتەوە، دیسان پشکی شێری ئەو ئاساییکردنەوەیە هەر بەر ئەو دەکەوێت**

**کێشەی گۆڕان و پارتی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەشێک لەم کێشەیەش باکگراوندەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٤ و ئێستا بەشێکی بووە بە گۆڕان و بەشە توندڕۆیەکەی گۆڕانیش ڕقێکی قووڵیان بەرامبەر بە پارتی و ماڵباتی بارزانی هەیە**

ئەمە ئاشکرایە و هیچ پێویستی بە بەڵگە نییە، لەم هەرێمەشدا هەموو حزبەکان پێوەندییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ هەیە، تەنانەت ناکۆکی کوردی–کوردی وایکردووە هەندێك حزبی کوردستانی بچن بۆ وڵاتانی دەوروبەر بۆ ئەوەی خۆیان لە یەکتر بپارێزن، هەموومان مامەڵە لەگەڵ ئەم فرەییەدا دەکەین نەك بە شێوەیەکی دیموکراتی، بەڵکو فرەیی حزبی و سیاسی لە کوردستان بریتییە لە فرەیی لە دژایەتی یەکتری، لە کاتێکدا لە دیموکراتیدا ڕێز لە فرەیی دەگیرێت، بۆیە ئەوەی لەکوردستان هەیە، کێبڕکێ نییە لە گەمەی دیموکراتییەتدا، بەڵکو دژایەتییە لە نێوان حزبەکان بۆ سڕینەوەی یەکتری، کە بووە دژایەتیش واتا دیموکراتییەت بوونی نییە. بۆ بوون بە دەوڵەت پێویستە ئامانجێکی ستراتیژیی کوردانە بێت، دواتر بیر لە دەستکەوت و ئیمتیازات بکەینەوە، نابێت ئیمتیازات و دەستکەوتی حزبی پێش ستراتیژیەت بکەوێت. هەندێك کە باسی دەوڵەت دەکەن، دەڵێن: ئەگەر دەوڵەت وابێت، ئەمە هەڵەیە، بۆیە دەڵێم: نەخێر، من ئێستا دەوڵەتم دەوێت، دواتر بیروبۆچوونی خۆم لەسەر ئەو دەوڵەتە باس دەکەم. بۆ نموونە چین دەوڵەتێکی پێشکەوتووی ئابوورییە، بەڵام دەوڵەتێکە دیموکراتی تێدا نییە، ئایا دەبێت خەڵکی ئەو وڵاتە بڵێن: دەوڵەتی چینم ناوێت لەبەر ئەوەی دیموکراتیەتی تێدا نییە، یا دەوڵەتم ناوێت لەبەر ئەوەی فڵان حزب دەسەڵاتدارە و کۆنترۆڵی کردووە و هەموو ئیشەکان بە دەستی ئەون، خۆ ناکرێت ئەمە ببێتە هۆی دروستبوونی کۆسپ لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردستاندا. ئەمە لەکاتێکدا دەرفەتێك هاتۆتەپێشەوە، هەموو لێدوان و بۆچوونەکان کە لە ناوەندەکانی دەسەڵات و دامەزراوەکانی توێژینەوەو ڕای گشتی جیهان دەردەچن، ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە دەگۆڕێت و دابەش دەکرێتەوە و جارێکی دیکە مومکین نییە عێراقی کۆن بگەڕێتەوە، یان مومکین نییە سووریای کۆن بگەڕێتەوە و هەردەبێت دەستکارییەك بکرێت، ئەو دەستکارییەش بەپێی بۆچوونی هەمووان لەگەڵ ئەوەدان لە بەرژەوەندی کوردە و کوردیش دەبێت بەرنامە و پلانی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت، خوانەخواستە ئەگەر بەرنامەمان نەبێت، ئەوا سایکس پیکۆ و لۆزانێکی دیکە بەسەرماندا دووبارە دەبێتەوە.

*** ئاشکرایە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە ئەوەی بە جیهان ڕاگەیاندووە کە کورد مافی خۆیەتی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت، بۆ ئەمەش هەوڵێکی زۆری داوە، ئایا چۆن سەیری ئەو هەوڵانە دەکەیت؟**

- لەم ماوەیەدا ئەو لایەنەی دەستپێشخەر بووە باسی دەوڵەت و ئامانجی دەوڵەتی کوردستان بکات، جەنابی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەوان دەستپێشخەر بوون و باسی ڕیفراندۆم و دەوڵەتی کوردستانیان کردووە، بەڵام ئەگەر بێین و ئەم دەستپێشخەرییە تەوزیفێکی سیاسی بۆ بکەین و بڵێین جەنابی بارزانی و پارتی ئەمە بۆ خۆی دەکات. من ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەو لایەنانە دەکەم کەوا دەڵێن و لێیان دەپرسم: باشە ئێوە بەدیلتان چییە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا؟ ئایا بیجگە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی شتێکی دیکەتان هەیە؟ ئایا دەچنەوە بۆ بەغدا و دەوڵەتی عێراق دروست دەکەنەوە؟ هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نین بچینە بەغدا و دەوڵەتی عێراق دروست بکەینەوە، کورد لە بنەڕەتدا دژی دروستبوونی ئەم دەوڵەتە دەستکردەی عێراق بووە، بۆیە ئێستا کە کاك مسعود بارزانی باسی ڕیفراندۆم و دەوڵەت دەکات، وەکو سەرۆکی حزب باسی ناکات، بەڵکو وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی دەکات، کە ئەرکی ئەوە ئەم ڕیفراندۆمە ئەنجام بدرێت. حزبە سیاسییەکان لەگەڵ ئەوەی هیچکامیان بە فەرمی نەیانگوتووە دژی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیین، بەڵام هەندێکیان دەڵێن کاتی نییە، یان وەك لە ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی هاتووە، دەڵێن با لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێت و پەرلەمان کارابکرێت. ئەم قسەیە کۆسپێکە لە بەردەم ڕیفراندۆم و دەوڵەتی کوردستان، لەبەر ئەوەی بەو ئاسانییە پەرلەمان کاراناکرێتەوە، دەبێت پرسی ڕاگەیاندنی دەوڵەت وەك پرسێکی نیشتمانیی سەیربکرێت و ببێتە پرسێکی نیشتمانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە هێزە سیاسییەکانی کورد و غەیرەکوردیش وەك لایەنەکانی تورکمانی و کلد و ئاشووری بەشداری تێدا بکەن. بۆیە نابێت ئاستەنگی بخرێتە بەردەم، چەند ئاستەنگیشی بۆ دروست بکرێت، لە دوماهیدا هەر دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنێت، یان دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژەیە بهێنێتە پەرلەمان و لە پەرلەمان بڵێت من ئەم دەوڵەتە ڕادەگەیەنم، بەڵام پرسەکە بگاتە ئەوەی بەوجۆرە سەیربکرێت، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەنابی کاك مسعود بارزانی-یە و لە هەمانکاتدا سەرۆکی پارتییە، ئیتر ئەو فرسەتە مێژووییە لە دەست بدەین، تەنیا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی مسعود بارزانی ڕانەگەیەندرێت، بە بۆچوونی من ئەمە قەت هەستی نەتەوەیی نییە و من شاهیدی ئەوە دەدەم گوتاری نەتەوەیی پارتی بە ڕێگەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕوونترە لە گوتاری لایەنەکانی دیکە.

*** ئێستا بەپێی هەموو مەزندەکان کوردستان بەرەو فیتنەیەك دەچێت. ئایا دەبێت خەڵکی کوردستان چی بکات بۆ ئەوەی ئەو فیتنەیە بکوژێنێتەوە؟**

- بەڕاستی بۆنی فیتنەیەك دێت کە یەخەی کوردستان دەگرێت، ئێستا هەموومان دەزانین ئەو دروشمی لامەرکەزییەتەی لە سلێمانییەوە لای هەندێك کەس بەرزکراوەتەوە، بانگەشەیە بۆ گەڕانەوەی دووئیدارەیی، ئەو لایەنەشی ئێستا باسی لامەرکەزیەت دەکات، پێشتر دروشمیان ئەوە بوو کە نابێ ئاسەواری دووئیدارەی لە کوردستان بمێنێت. ڕاستە هەموومان لەگەڵ جۆرێك لە دەسەڵاتی لامەرکەزین، بەڵام بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە لەم کاتەدا، واتە دابەشکردنی کوردستان و دروستکردنی ڕێگری لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، هەموو دەزانین لامەرکەزییەت پێشکەوتنێکی ئیدارییە و هەموومان لەگەڵیداین، بەڵام دەبێت ئەمە لە دەرفەتێکی باشتر و لە ژینگەیەکی سیاسی و دوور لە ناکۆکی سیاسی ڕابگەیەندرێت، لە ژینگەیەکی سیاسیدا کە پەرلەمان هەبێت، پێوەندی نێوان حزبەکان ئاسایی بێت بۆ ئەوەی ئەو لامەرکەزییەتە لە خزمەتی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا بێت، نەك بڵێن لەبەر ئەوەی حکومەت لە هەولێر بە دەستی پارتییە، دەبێت بانگەشەی لامەرکەزییەت بکەین و هیچ پێوەندیەکمان بە هەولێرەوە نەمێنێت، ئەوە دابەشکردنی کوردستانە و ئەمە دروستکردنی هەرێمێکی دیکەیە لە کوردستان، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەمە جۆرێکە لە هەڕەشە بەوەی هەڵدەستن بە دروستکردنی هەرێمی دیکە، ئەمەش زیاتر بۆنی جیابوونەوەی لێدێت، نەك لامەرکەزییەتی ئیداری، چونکە ئەمە بەرەنجامی ململانێی سیاسییە لەگەڵ برادەرانی پارتی کە ئەمەش باس دەکەن. لەگەڵیدا باس لەوەش دەکرێت غەدر لە سلێمانی کراوە.

*** مەبەستیان لە غەدرکردن لە سلێمانی چییە؟**

- با بڵێین غەدر لە سلێمانی کراوە، بەڵام هەمووان دەزانین هەرێمی کوردستان لە رووی داراییەوە دوو ئیدارە بووە و بودجەی هەردوولاش جیاواز بووە و برادەرانی گۆڕانیش باش ئەمە دەزانن کە دەڤەری سلێمانی لە ٤٧٪ی بودجەیان وەرگرتووە. هەر بۆیە زۆر سەیرە من بڵێم لە دهۆك شەقامەکان قیرتاو نەکراون و ئاو نییە، یەکێتی لێی بەرپرسیارە، یەکێتی لێرە هیچ دەسەڵاتی نەبووە، تا بەرپرسیار بن، ئەوە بەرپرسیارێتی پارتییە و پارە بەدەستی پارتییە لەم دەڤەرە، لەدەڤەری سلێمانیش پارتی دەسەڵاتی نییە، بۆیە ئەگەر غەدر لە سلێمانی کراوە، دەبێت بزانرێت ئەو غەدرە چۆن کراوە و کێ غەدرەکەی کردووە؟ با تەحقیقاتی تێدا بکرێت. من ئێستا ڕاموایە لە نێوان هەولێر و دهۆك، برادەرانی پارتی غەدریان لە دهۆك کردووە و هەندێك لە بەشی دهۆك بۆ هەولێر براوە، ئێ باشە، با پایتەختەکەمان جوان و ڕازاو بێت و شانازی پێوە بکەین. بۆ نموونە دهۆك تەنیا پارێزگایە فڕۆکەخانەی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی فڕۆکەخانەی تێدا نییە، دەبێت بڵێین پەراوێز بووە و غەدری لێکراوە، یان بیکەینە بیانوو بڵێین با دهۆك ببێتە هەرێمێك و جیا ببێتەوە؟ بێگومان ئەمە نابێت. ڕاستە ئێمە پێمان خۆشە هەموو کوردستان بچێتەپێش، بەڵام تەوزیفی سیاسی خراپ نەکرێت، ئێستا کە باس لەوە دەکەن سلێمانی لامەرکەزیەتی دەوێت لەبەر ئەوەی غەدری لێکراوە، ڕاستە هەموومان دەزانین کە غەدری لێکراوە، بەڵام چۆن غەدری لێکراوە و کێ ئەو غەدرەی کردووە، دەبێت دیاری بکرێت. بەڵام لەسەر ئەمە شووشتنەوەی مێشك بۆ خەڵکی دروست بکرێت بەوەی بەڕاستی غەدرت لێکراوە و ئەوەی وا غەدریشی کردووە، ناوی نەبرێت، ئەمە کارێکی خراپە، تەنانەت ئێستا جەماوەری سلێمانی وادەزانێت بەراستی لەسەر دەستی پارتی غەدری لێکراوە، لەکاتێکدا ئەوەی غەدری لە سلێمانی کردووە، دیارە کێیە، لەبەر ئەوەی لە سلێمانی پارتی دەسەڵاتی نییە هەتا غەدر لە سلێمانی بکات. لەبەرئەوە دەبێت بە حیکمەت و عەقڵانییەت مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکە بکەین، دەبێت بیری نەتەوەییمان لەپێش بیری حزبیمان و بەرژەوەندی نەتەوەییمان لە پێش بەرژەوەندییە حزبی و شەخسییەکان بێت، ڕەنگە ئەوە کێشەکان چارەسەر بکات. هەروەها جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت بۆ چارەسەری کێشەکان ڕۆڵی باش بگێڕێت.

*** دواپەیامتان بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان چییە؟**


- هیوادارم برادەرانی یەکێتی لەسەر ڕۆڵی ناوبژیی خۆیان بەردەوام بن لە نێوان پارتی و گۆڕان، نەك ببنە لایەن لە کێشەکە، یەکێتی لەم قۆناخەدا ئەرکی قورسی لەسەر سەرشانە و دەبێت ڕۆڵی بۆ چارەسەر بێت، نەك تەنیا گواستنەوەی داواکارییەکانی پارتی و گۆڕان، دەبێت لە هەموو لایەکەوە هەوڵبدرێت پارتی و گۆڕان پێکەوە دانیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەمەش خزمەت بەم قۆناغەی ئێستای کوردستان دەکات، لە دەوروبەرمان دوژمن زۆرە و هەوڵی زۆر هەیە کە کورد سوود لەم دەرفەتە وەرنەگرێت، دەبێت ئێمەش ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین، ئەم دەرفەتە دەستکەوتەکانی زۆر زۆرترن لە دەستکەوتێکی حزبی، یا حاڵەتێکی دەروونی کە بڵێی من سەرکەوتووم و سەرنەکەوتووم، وەکو بڵێی ئەمە ململانێی ئیرادەکانە.

**ڕاستە یوسف محەممەد بە دەنگی خەڵک بۆتە ئەندامی پەرلەمان، ئێستاش هەر ئەندامی پەرلەمانە و کەس ناتوانێت ئەندامیەتی پەرلەمانی لێوەر بگرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە جیابکرێتەوە، لەبەر ئەوەی یوسف محەممەد بە دەنگی خەڵک نەبۆتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵکو سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران و هەموو وەزیرەکانیش بە ڕێککەوتنی سیاسی ئەو پۆستەیان وەرگرتووە و ئاساییە بە ڕێککەوتنی سیاسیش جێگۆڕکێیان پێ بکرێت**

**پارتی ڕێککەوتنی دووقۆڵی لەگەڵ هەموو لایەنەکان (یەکێتی، کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆڕان) کردووە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی پێکەوە لەگەڵ هەموو حزبەکان دانەنیشتووە، بۆیە ئەگەر ئێستا بڵێت چاو بە ڕێککەوتنەکەدا دەخشێنمەوە، مافی خۆیەتی، گۆڕانیش مافی خۆی بوو کە پێشتر دەیگوت من لە حکومەت دەکشێمەوە، ئەویش هەر مانای ئەوەیە ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بری ئەوەی ببوایە بە بەشێک لە کێشەی نێوان پارتی و گۆڕان، دەبوو لە سەر ڕۆڵی خۆی بەردەوام بوایە و ناوبژیوانی لە نێوان پارتی و گۆڕان بکردایە بۆ ئەوەی لێکیان نزیک بکاتەوە**

# نە قەندیل ناوچەی ئازادکراوە نە قامشلۆ



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو کەسانەی چ پێیانوایە، یان بە هەڵە تێگەیشتوون کە کوردستانی سووریا یان ناوچە کوردنشینەکانی سووریا، یاخود بەشێکی رۆژئاوا (هەر ناوێکی لێ بنێیت) وەکو هەرێمی کوردستانی عێراق ئازادکراون، ئەوا پێیان دەڵێین: سەرتاپای وڵاتی سووریا لە حاڵەتێکی ئیستیسنائی ناسەقامگیردایە، دوایین ئاماریش کە لەم رووەوە بڵاوبۆتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتی رژێم بۆ ١١٪ی رووبەری خاکی وڵات پاشەکشەی کردووە، دەسەڵاتی داعشیش گەیشتۆتە ٤٠٪ و دەسەڵاتی پەیەدە بۆ ١٤٪ و ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەویی سوپای ئازاد و هێزە شۆڕشگێڕەکانیش وەك ناوچەی ئازادکراو نزیکەی ١٢٪یە و دەسەڵاتی ئەمری واقعیش لەلایەن میلیشیاکانی حزبولا و عێراقی بەسەر بەشێکی فراوانی هاوبەش لەگەڵ دەسەڵاتی رژێمدا سەپێندراوە، بەڵام ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پەیەدەدان داگیرکراون، جا من نازانم لەژێر دەستی کێ ئازادکراون؟ ئەگەر مەبەست رژێم بێت، ئەوا دەسەڵاتی رژێم لە زۆربەی ئەو شوێنانە کۆتایی هاتووە و دەسەڵاتدارانی پەیەدەش لە ئاسایش و بەڕێوەبردندا لەگەڵیدا بەشدارن و بە شێوازو ئامرازەکانی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەو دەستگیرکردنی سەرپێچیکارانی رێبازو ئایدیۆلۆژیەتیی ئەو بەڕێوەدەبرێن. بۆیە دەبینین کە ناوچە کوردنشینەکان لە نزیکەی ٦٥٪ی هاووڵاتیانی کورد چۆڵکراون کە زۆربەیان ئەو گەنجانەن کە ئاوارەبوونە یان راگوازراون، هاوکات رۆژانە رەشبگیری و راوەدوونان لەریزی ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتی ئەمری واقیع نابن، هەروەها بە هەموو رێگەیەك دوژمنایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکرێت لەوانە پیلانگێڕان بۆ سەر شنگال، هاوکات هاوپەیمانیکردن لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی و لایەنە کوردییە سەرکێشەکانی دژ بە دیموکراسی و پرۆسەی سیاسی.

هەندێ هەن داوای ستراتیژییەتێکی هاوبەشی نێوان (هەردوو بەشی ئازادکراو!)ی کوردستان دەکەن، مەبەستیان هەرێمی کوردستانی ئازادی فیدراڵیی عێراقە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمری واقع لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریا، بەڵێ پێویستییەکی زۆر هەیە نەك بۆ دیالۆگی ئاشتیانەو برایانەی نێوان هەردوو بەشی عێراق و سووریا، بەڵکو لە نێوان هەر چوار بەشدا، بەڵام چۆن و لەنێوان کێ و کێدا؟ بە چ شێوەیەك و لەسەر چ بنەمایەك؟ لە پێناو چ ئامانجێکدا؟ ئەگەر مەبەست ئەو دیالۆگە بێت لەنێوان سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە گەلەوە هەڵبژێردراوە و لەگەڵ سەرکردایەتیی پەپەدە وەك دەسەڵاتێکی ئەمری واقع کە ئیدارەکانی لە دەسەڵاتدارانی رژێمی ئەسەد وەرگرتووەو بەزەبری هێزی چەك و سەرکوتکردن و هەڕەشەکاری خۆی سەپاندووە، ئەوا هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە، سەرکردایەتیی هەرێم بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی سەرۆك مسعود بارزانی ئەمەی لە رێگەی رێکەوتننامەکانی هەولێرو دهۆکدا تاقی کردەوە، بەڵام لایەنەکەی دیکە پابەند نەبوو و رێزی لەو رێکەوتننامانە نەگرت، بۆیە پێویستە

بەدوای لایەنێکی دیکەی کوردی سووریادا بگەڕێین کە شەرعی بێت و جێگەی متمانە بێت، کە لەئێستادا ئەو لایەنە نە ئامادەیەو نە بوونیشی هەیە، دەکرێ ئەو لایەنە لە ڕێی کۆنگرەیەکی نیشتمانیی کوردیی سووریاوە دەربکەوێت کە نوێنەرانی هەماهەنگیکردنەکانی لاوان و بێلایەنەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەندێ لایەنگرانی حزبەکان لە بنکەکانیان بەشداریی تێدا بکەن، ئەو کۆنگرەیە سەرکردایەتییەکی هەڵبژێردراو و بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوونی لێ بکەوێتەوە دەربارەی کورد و شۆڕش و چارەنووسی وڵات و ستراتیژییەتێکی دروست کە بنەماکەی بریتی بێت لە یەکڕیزیی کوردو پشتیوانیکردن لە شۆڕشی سووریاو شەراکەتی کوردو عەرەب و هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ برایانی کورد بە تایبەتیش لەگەڵ سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق.

زۆر بە کورتی، ئەگەر ناوچەکانی قەندیل و هەفتاوین و زاب لە کوردستانی عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پەکەکەدان ئازادکراوبن، ئەوا دەکرێ بگوترێت کە قامشلۆش ئازادکراوە!!

دەربارەی شەڕ دژی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، ئەوا هەر باسکردنێکی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە کەموکوڕو نابابەتیی دەبێت بەدەر لە دیدگای زانستی و بابەتیانەی سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوەو ئەو ژینگەیەی لێی پەیدابووەو ئەوانەیشی کە دروستیان کردووە لە ڕژێمە سەرکوتکەرو تاریکپەرستە مەزهەبییەکان، هەروەها هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەو داگیرکردنی خاك، ئەو بزاڤە شۆڕشگێڕییەی کە چەند ساڵێك پێش داعش دژی ڕژێمی ئەسەدو دەوڵەتە تیرۆریستییەکەی ڕاپەڕی و دواتر ئەو ڕژێمە کە لەبەردەم گورزی شۆڕشگێڕانی سووریاو سوپای ئازاد هەرەس دەهێنێت ناچار پەنای بردە بەر ئێرانی هاوپەیمانی و ناوەندەکانی هێزە مەزهەبییەکان لە بەغدا، ئەوانە هەموویان لە دروستکردنی داعشدا بەشدارن، بۆیە شەڕکردن دژی داعش کە بۆتە مۆدیلێکی ئاسایی بەبێ بەرپەرچدانەوەی تیرۆرو تۆقاندنی دەوڵەتی دیکتاتۆری سووریا، بە پرۆسەیەکی بێ ناوەڕۆکی نیشتمانی و شۆڕشگێڕیی دیموکراسی لەقەڵەم دەدرێت.

شەڕکردن لەگەڵ داعش تەنیا لەسەر پێشمەرگەی کوردستانی عێراق و هێزەکانی پەیەدە لە سووریا نەوەستاوە، بەڵکو شۆڕشی سووریا و هێزە چالاکەکانی ئەو شۆڕشە لەوەتەی زیاتر لە پێنج ساڵە ڕووبەڕووی تیرۆری دەوڵەتی سووریا دەبنەوە، ئەوانە لە هەمان کاتدا بەرەنگاری داعش و نوسرە دەبنەوە لەوەتەی لەسەر خاکی سووریا سەریانهەڵداوە، دوای ئەوەی سەرانی ئەو دوو ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە بەندیخانەکانی سووریاو عێراق و ئێران هێنران وەك ئەلتەرناتیڤێکی ڕژێمی ئەسەد و دژ بە گۆڕانکاریی دیموکراسی لە سووریا.

هەڵسەنگاندنی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق و بەراوردکردنی بە هێزەکانی پەیەدە کارێکی دادپەروەرانە نییە، بەڵکو ستەمێکی گەورەیشە دەرحەق بە پێشمەرگە کە بە دروشمی ( کوردستان یان شەهیدبوون) و لەوەتەی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمرو لەسایەی سەرکردایەتییەکی نیشتمانی و دیموکراسی پەروەردەکراون، ئەو پێشمەرگانە لەسەر ڕێبازی داکۆکیکردن لە گەل و نیشتمان دەڕۆن بە پێچەوانەی کەسانی دیکە کە پرەنسیپی مافی چارەنووس ڕەت دەکەنەوەو خزمەتی ئەجێندای بیانی و ئیقلیمی دەکەن و پاشکۆی هێڵی سیاسیی پەیمانی دژایەتیی ئیقلیمین بە سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕژێمی سەرکوتکاریی ئەسەد، پێشمەرگە ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە تاکو پارێزگاریی لە دەستکەوتەکانی گەلی هەرێمی کوردستان و فیدراڵییەت بکەن و کاربکەن بۆ ئازادکردنی ناوچە کوردستانییەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوانی دیکە ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە بۆ بەرژەوەندیی حزبەکانیان و بێ ئەوەی هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیان هەبێت، هەروەها خزمەتی ڕژێمی ئەسەد دەکەن و دژی شۆڕشی سووریان و بۆ ئەوەش شەڕدەکەن تا زیاتر ببنە مەترسی بۆ سەر دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ناوەوە یان لە ڕێی شنگالەوە بە هاوکاریی لایەنە سەرکێشەکانی دیکە.

جۆرێك لە هاوکاریی ڕوونی ستراتیژی لە شەڕ دژبە داعش بوونی هەیە لەنێوان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەك و لەنێوان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر بنەمای زانراو کە هەموو عێراقی فیدراڵ دەگرێتەوە، لەم ڕووەوەش ڕۆڵی بەرچاوی نیشتمانی و نەتەوەیی سەرۆك بارزانی جێگەی ڕێزو پێزانینە و ڕێزێکی زۆریش لە سەرکردایەتییە باوەڕپێکراوەکەی دەگیرێت، لەکاتێکدا تا ئێستا ناوی (حزبی دایك)ی پەیەدە هەر لە لیستی تیرۆردایە، بەڵام شێوەی هاوکاریی سەربازیی نێوان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و پەیەدە تەنیا لە ڕووی ئەمنییەوەیە، چونکە ئەو هاوپەیمانییە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان پێویستی بە هێزی زەمینییە، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەو هێزە مەشقپێکراوەی باشتر نەدۆزیوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێکی سیاسی دەربارەی ڕەوشی کورد و چارەنووسی سووریا و ڕژێمی ئەسەد لەئارادا بێت، هەروەها بێ ئەوەی داخوازییەکانی پەیەدە بەجێ بێنێت، تەنانەت بەشداریکردنیشی لە وتووێژەکانی ژنێڤدا.

**ناوچە کوردنشینەکان لە نزیکەی ٦٥٪ی هاووڵاتیانی کورد چۆڵکراون کە زۆربەیان ئەو گەنجانەن کە ئاوارەبوون، یان ڕاگوازراون، ڕۆژانەش ڕەشبگیری و ڕاوەدوونان لە ڕیز ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتی ئەمری واقیع نابن**

**هەڵسەنگاندنی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق و بەراوردکردنی بە هێزەکانی پەیەدە کارێکی دادپەروەرانە نییە، بەڵکو ستەمێکی گەورەیشە دەرحەق بە پێشمەرگە و لەوەتەی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر و لە سایەی سەرکردایەتییەکی نیشتمانی و دیموکراسی پەروەردەکراون**

**ڕۆڵی بەرچاوی نیشتمانی و نەتەوەیی سەرۆک بارزانی جێگەی ڕێز و پێزانینە، هەروەها ڕێزێکی زۆریش لە سەرکردایەتییە باوەڕپێکراوەکەی دەگیرێت، لە کاتێکدا تا ئێستا ناوی (حزبی دایک)ی پەیەدە هەر لە لیستی تیرۆردایە**

دەیڤید پوڵوک
شارەزا لە سەر هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ گوڵان:

# تائێستاش ئەمریکا هیچ پلانێکی بۆ دوای داعش نییە، بۆیە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دوادەکەوێت



**دەیڤید پوڵوك توێژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، كە تەركیز لەسەر داینامیكیەتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەكات، پێشتریش راوێژكاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا بووە بۆ پرسەكانی پەیوەست بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. بۆ تاوتوێكردنی هەوڵ و كۆششەكانی لاوازكردن و لەناوبردنی داعش و پلانی دوای تێكشكاندنی ئەم رێكخراوە تیرۆریستییە و كاریگەریی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمەریكا لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

*** ئایا چۆن لە هەوڵەكانی ئەمەریكا دەڕوانیت بۆ لاوازكردنی و لەناوبردنی داعش و پێتانوایە ئیدارەی ئەمەریكا بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی بارودۆخەكە لە دوای تێكشكاندنی داعش پلانی هەبێت؟**

- بەڵێ ئیدارەی ئەمەریكا پلانی هەیە بۆ رزگاركردنی ئەو ناوچانەی لەلایەن داعشەوە كۆنترۆڵ كراون، هەم لە سووریا و هەم لە عێراق، بەڵام ئێمە باسی پلانێكی كورتمەودا ناكەین، بەڵكو ئەم پرۆسەیە چەند مانگێك دەخایەنێت و رەنگە تا كۆتایی ئەمساڵ و بگرە زیاتریش بخایەنێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە پلانی دوای داعشەوە- كە لێرەدا پرسیارەكەتان لە جێی خۆیەتی- ئەوا ئەمە بەشێكە لە كێشەكە، لەبەر ئەوەی ئێمە پلانێكمان نییە بۆ دوای تێكشكاندن و دەرپەڕاندنی داعش، واتە پلانێكی لەم چەشنەمان نییە و هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە كاتێكی زیاتر بەو پرۆسەیە دەدەین، لەبەر ئەوە نامانەوێت داعش لە موسڵ، یان لە رەقە دەرپەڕێنین و نەزانین دواتر چی روودەدات.

*** ئایا لە پرۆسەی رزگاركردنەوەی موسڵدا پێشمەرگە چ رۆڵێكی دەبێت؟**

- پێموایە هەموو كەسێك هاوڕایە لەسەر ئەوەی كە پێشمەرگە رۆڵێكی گرنگی دەبێت لە رزگاكردنەوەی موسڵدا، بەڵام هەموو كەسیش هاوڕایە كە نابێت تەنها هێزێك بێت لەم پرۆسەیەدا، بەڵكو پێویستە هاوكاری هەبێت لەگەڵ عەرەبەكان، لە خەڵكی ناوچەكە و هەروەها لەگەڵ هێزەكانی حكومەتی عێراقیدا. ئەمە پرسێكە كە خەڵكی دەیەوێت تێگەیشتنێكی وردی هەبێت لە بارەیەوە كە چ هێزێك چ رۆڵێكی هەبێت. شتێكی لۆژیكیژە كە پێشمەرگە تەركیز لەسەر باكووری شارەكە بكات كە لەو ناوچانەدا زۆربەی دانیشتووانەكەی كوردن، بە هەمان شێوە هێزەكانی دیكە تەركیز لەسەر بەشەكانی دیكەی بكەنەوە كە دانیشتووانەكەیان لە كورد پێكنەهاتووە. بەڵام ئەوەش گرنگە كە تێگەیشتنێك هەبێت بۆ بارودۆخی دواتر، ئەوەی پێوەندی بە دانیشتووانە مەدەنییەكەوە هەبێت، ئەوا مەترسیی ئەوە هەیە بكەونە نێوان شەڕی داعش و پێشمەرگە، یان داعش و میلیشیا عەرەبەكان- كە رەنگە میلیشیا شیعەكانیشی تێدابێت-، كەواتە بۆ ئەوەی ژمارەیەكی زۆری مەدەنی نەبنە قوربانی و بۆ ئەوەی ژمارەیەكی زۆر خەڵك ئاوارە نەبن، ئەوا دەبێت سەرجەم لایەنەكان كار و كۆششێكی زۆر بكەن بۆ ئەوەی خۆیان لەم دەرئەنجامە لابدەن.

**باوەڕم وانییە جارێكی دیكە ئەمەریكا رۆڵی پێشەنگ ببینێتەوە لەسەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا. لەبەر ئەوە بە راستی مەسەلەكە بەندە بە عێراقییەكانەوە بە كورد و عەرەب و شیعە و سوننەوە، كە بگەنە تێگەیشتنێك ئەگەر بتوانن، كە هیوادارم بتوانن**

*** شارەزایان لە ئەنجامی شەڕی رزگاركردنی موسڵ پێشبینی هاتنی شەپۆلێكی گەورەی ئاوارە دەكەن بۆ هەرێمی كوردستان، لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە ئایا تا چەند كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە بۆ لەخۆگرتن و وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەكان هاوكاری هەرێم بكات ؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر زۆر گرنگە، پێموایە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رەنگە ئامادەبێت بۆ دەستەبەركردنی هاوكاری بۆ ئاوارەكانی موسڵ، بەڵام پرسەكە پەیوەست نییە بە دەستەبەركردنی دارایی، یان هاوكارییەوە، بەڵكو زیاتر پێوەندیدارە بە تێگەیشتنە سیاسییەكەوە، ئایا پێویستە ئەو خەڵكانە بۆ كوێ بچن و لە كوێدا نیشتەجێ بكرێن، لە نزیك شارەكە، یان لە ناو شارەكە، لە هەرێمی كوردستاندا نیشتەجێ بكرێن، یان لە دەرەوەی هەرێم. زۆرێك لەم پرسیارانە وەڵامیان نەدراوەتەوە. دڵنیام كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوكاریەكی زۆر دەستەبەر دەكەن، بەڵام هێزە نێودەوڵەتییەكان ناتوانن پرسە سیاسییەكە چارەسەر بكەن، بەڵكو دەبێت ئەمە لەو خەڵكانەوە سەرچاوە بگرێت كە نزیكن لە بەرەكانی شەڕەوە، ئەمە پێویستی بە هاوكارییەك هەیە لە نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراق و سەركردە مەحەلییەكان و دەوڵەتانی دراوسێدا بۆ یەكلاكردنەوەی ئەم پرسانە، چونكە ئێمە باسی ژمارەیەكی زۆری خەڵك دەكەین كە دەكرێت ئەمەش كێشەیەكی گەورەی لێبكەوێتەوە.

*** بۆچوونی ئێوە لەبارەی پێداگیریی سەرۆكی**

**هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەڵگرتنی هەنگاو بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ چییە؟**

- ئەوەندەی من ئاگادارم و بە پێی ئەوەی لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخەکە دەکەم، تێڕوانینی من ئەوەیە کە یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە هەڵگیراوە بۆ دوای تێکشکاندنی داعش، بەلای کەمەوە بۆ ساڵی ئایندە و رەنگە زیاتریش. بۆ نموونە، لە دوایین چاوپێکەوتن لەگەڵ مسرور بارزانی، ئەو ساتەوەختێك، یان وادەیەکی دیاری نەکرد و باسی لە گەیشتن بە تێگەیشتنێك کرد لە بارەی ئایندەی سیاسیی کوردستانەوە لە دوای تێکشکانی داعشەوە، کە دەکرێت ئەمە لە کۆتایی ئەمساڵدا بێت و دەکرێت زیاتریش بخایەنێت. لەبەر ئەم هۆکارە و بە راشکاوی دەیڵێم کە رەنگە ئەم ریفراندۆمە لە ئەمساڵدا نەکرێت، رەنگە دواتر ئەنجام بدرێت، ئەمەش بەندە بەوەی لە مانگەکانی داهاتوودا شەڕی دژ بە داعش چۆن دەکەوێتەوە.

*** ئایا چۆن لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەڕوانیت -کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا ئەنجام بدرێت- لەسەر پرسی تێکشکاندنی داعش و ئەنجامدانی ریفراندۆمی پەیوەست بە سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان و لەسەر تێکڕای هاوکێشەکانی ناوچەکە؟**

- باشترین مەزەندەی من ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا جیاوازییەکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ناهێنێتەئاراوە. من ئەمە دەڵێم، لەبەر ئەوەی زۆر متمانەم بەوە هەیە کە ترامپ هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێنێت و هیلاری کلینتۆن سەرکەوتوو دەبێت، بەو پێیە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا رەنگە تا رادەیەك جیاواز بێت، بەڵام جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا نابێت، من دەڵێم ئیدارەی ئێستا لەبەر ئەوەی سەرۆك ئۆباما ویستی کۆتایی بە دەستێوەردانی سەربازیی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بهێنێت، بەڵام لە ماوەی دوو ساڵی رابردودا داعش و هەڕەشەکانی دیکەی تاڵیبان- لە ئەفغانستانەوە- و رەنگە لە ئێران و کەنداوەوە ناچاریان کرد تا رادەیەك دەستێوەردانی سەربازی بکات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوە پێموایە کەم تا زۆر سیاسەتی ئەمەریکا بەم شێوەیەی ئێستا دەمێنێتەوە لە دوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکا.

*** لە ئێستادا حکومەتێکی شیعی دیکتاتۆری حوکمی عێراق دەکات و نە کورد و نە سوننەش نایانەوێت ببنە بەشێك لەو حکومەتە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تێڕوانین و سیاسەتی ئەمەریکا لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە لە ئاست عێراقدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و وەڵامەکەش بەند نییە بە ئێمە و بە ئەمەریکا و بە واشنتۆنەوە، بەڵکو بەندە بە خەڵکی ناوچەکەوە، مەبەستم لە عێراقییەکانە، وەك کورد و شیعە و سوننە و هەروەها دەوڵەتە دراوسێکانیش، چونکە رەنگە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق، وەك تورکیا و ئێران و سعودیە کاریگەریی زیاتریان هەبێت لەسەر ئەم وڵاتە وەك لە ئەمەریکا لە ئێستادا و رەنگە لە ئایندەشدا، واتە پێموانییە لە بنەما بنەڕەتییەکاندا سیاسەتی ئەمەریکا بگۆڕێت، واتە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا روونادات و هەر لەگەڵ ئەوەدا دەبێت کە پێویستە عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتووی فیدڕاڵی کە هەرێمەکان خاوەن خۆبەڕێوبەری بن، بمێنێتەوە. هەرچەندە پێموانییە ئەمەریکا گەمەکاری سەرەکی بێت لەم پرسەدا، چونکە ئەگەر زۆر بە روونی و راشکاوی بدوێین ئێمە لە ئەمەریکا شەکەت بووین لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی هەموو شتێك کە لە عێراقدا روودەدات.

*** ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بە عێراقەوە، چونکە ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد، هەر داعش دروست بوو، دەستێوەردانیشی لە سووریا نەکرد، کەچی بارودۆخێکی هاوشێوە هاتەئاراوە؟**

- ئەمە راستە، پێدەچێت ئێمە هەرچییەك بکەین ئەوا کێشەگەلێکی زۆر دروست ببن، لەبەر ئەوە پێموایە ئەمەریکا وەك یەکێك لە گەمەکارەکانی دەمێنێتەوە، نەك تەنیا گەمەکارێك و رەنگە گرنگترین گەمەکاریش نەبێت.

*** ئایا کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق هۆکارێك نەبوو بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەم شێوەیە ئاڵۆز بێت؟**

ئەوە راستە، چونکە ئەگەر ئاوڕ لەم پرسە بدەینەوە، ئەوا دەزانین کە هەڵە بووە، بەڵام ئیدی ئێمە ئێستا لەم بارودۆخەداین و ناکرێت میلی کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێنینەوە. ئەگەر لە ئایندەش بڕوانین، ئەوا باوەڕم وانییە جارێکی دیکە ئەمەریکا رۆڵی پێشەنگ ببینێتەوە لەسەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا. لەبەر ئەوە بە راستی مەسەلەکە بەندە بە عێراقییەکانەوە بە کورد و عەرەب و شیعە و سوننەوە، کە بگەنە تێگەیشتنێك ئەگەر بتوانن، کە هیوادارم بتوانن.

**هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا جیاوازییەکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ناهێنێتەئاراوە. من ئەمە دەڵێم، لەبەر ئەوەی زۆر متمانەم بەوە هەیە کە ترامپ هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێنێت و هیلاری کلینتۆن سەرکەوتوو دەبێت، بەو پێیە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا رەنگە تا رادەیەک جیاواز بێت، بەڵام جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا نابێت**

**پلانێکمان نییە بۆ دوای تێکشکاندن و دەرپەڕاندنی داعش، واتە پلانێکی لەم چەشنەمان نییە و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە کاتێکی زیاتر بەو پرۆسەیە دەدەین، لەبەر ئەوە نامانەوێت داعش لە موسڵ، یان لە رەقە دەرپەڕێنین و نەزانین دواتر چی روودەدات**

**ئیدارەی ئەمەریکا پلانی هەیە بۆ رزگارکردنی ئەو ناوچانەی لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کراون، هەم لە سووریا و هەم لە عێراق، بەڵام ئێمە باسی پلانێکی کورتمەودا ناکەین، بەڵکو ئەم پرۆسەیە چەند مانگێک دەخایەنێت و رەنگە تا کۆتایی ئەمساڵ و بگرە زیاتریش بخایەنێت**

# Sykes–Picot Agreement

# ڕێککەوتننامەی (سایکس ـ پیکۆ)



د. حوسێن موحەممەد عەزیز

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆژی (١٥. ٠٥. ١٩١٦)، ڕێککەوتننامەیەکی سێ قۆڵی لە نیوان (بریتانیای گەورە، فڕەنسە و ڕووسیای تساری)دا مۆرکرا. سەرەتا ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە نێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا، نهێنیی بوو، بۆ ئەوەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و دەست بە سەر سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوییاندا بگرن.

نوێنەری هەردوو دەوڵەتی زلهێزی (فڕەنسە) و (بریتانیا)، هەردوو دیپلۆمات (جۆرج پیکۆ) و (مارك سایکس) بوون. بەڵام کاتێ شۆڕشی (١٧. ١٠. ١٩١٧)ی بەلشەفیکەکانی (ڕووسیا) سەرکەوت و دەسەڵاتیان وەرگرت، دژی ئەو ڕێککەوتننامەیە وەستانەوە و پاشەکشەیان کرد، خاڵەکانیان ئاشکراکرد و لەقاویان دا. ڕێککەوتننامەکە، لە (١٢) خاڵ پیکهاتووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بە ئاشکرا باسی نەتەوەی کورد ناکا، بەڵکوو پتر باسی دەوڵەتەکانی (سووریا، ئوردون، عێراق، سعودیە و فلەستین) دەکا.

لە ڕاستییدا، ئەو کەسەی ڕۆڵی سەرەکی لە نەخشەکێشان و پلاندانانی ڕێککەوتننامەکەدا هەبوو، ئافرەتێکی ئینگلیزی بوو، بە ناوی (Gertrude Bell ١٨٦٨-١٩٢٦) کە بە (Miss Bell) ناسراوە. ئەم ئافرەتە نووسەر، ڕۆژنامەنووس، گەشتیار، ئەفسەری ڕامیاری، بەڕیوەبەر، ئارکیۆلۆجیست و سیخوڕێکی دڵسۆز و بەئەمەکی، ڕژێمی پاشایەتی بریتانیای گەورە بوو، ڕاژەیەکی زۆری کردن و دەستێکی باڵاشی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەدا هەبوو. هەر ئەویش، بەشداری لە دامەزراندنی هەردوو دەوڵەتی (ئوردون) و (عێراق)دا کرد. هەڵبەتە کارمەندێکی زۆر بلیمەت و وریا بوو، بۆیە توانیویێتی، ئەو ڕۆڵە گرنگە وازی بکا!

لە کۆنگرەی (قاهیرە - ١٩٢١) داوایکرد، (فەیسەڵی کوڕی حوسێنی هاشمیی) بکەن بە شای (عێراق). زۆر لەگەڵ ئەوەشدا بوو، باشووری (کوردستان) بە (عێراق)ی عەرەبییەوە بلکێندرێ، چونکە هەم نەوتێکی زۆری هەبوو، هەم لەگەڵ دەوڵەتەکانی (توورکیا، ئێران و سووریا) هاوسنوورە و قووڵاییەکی ستراتیژیی گرنگ، بۆ دەوڵەتی

تـازە هەڵتۆقیـوی (عێـراق) دابینـدەکا.

هەڵبەتـە ئیمپریالیزمـی جیهانـی بـە ئـەو دابەشـکردنە کۆنـەی نێوچەکـە قایـل نیـن، بـەڵام هـەروا بـە ئاسانییش دوای یـەك سـەدە، سنووری ئـەو هەمـوو دەوڵەتانـە هەڵناوەشـێنەوە. بۆیـە بـە نهێنیـی و بـە ئاشـکرا، هـەر خەریکـن و پـلان دادەڕێـژن، تـا هەلێ بدۆزنـەوە و ئـەو گۆڕانکارییانـەی مەبەستیانە، لـە نێوچەکـەدا بیانکـەن و سـەرلەنوێ نەخشـەی ڕامیاریـی نێوچەکـە بکێشـنەوە.

لەبـەر ئـەوە، هێنـدێ پـڕۆژەی گـەورە و گچکـە، نهێنیی و ئاشکرا، بۆ ئـەو مەبەستە دانـراون. بـەڵام پڕۆژەکـەی خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگـی جـوو (Dr. Bernard Lewis)، بـە یەکـێ لـە گرنگترینـی ئـەو پڕۆژانـە دەژمێـررێ. ئـەم ڕامیـارە ناسـراوە، هێشـتا مـاوە و تەمەنـی نزیکـەی (١٠٠) سـاڵ دەبـێ، نووسـەرێکی ناسـراوە و (٢٠) پەرتووکیشـی سـەبارەت بـە ئـەو بابەتانـە نووسـیوە. لـە کێشـەکانی خۆرهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ئیسـلامی ڕامیاریـدا زۆر شـارەزایە، تەنانـەت لـە داگیرکردنـی (عێراق)یشـدا، دەسـتی هەبـوو. هـەر لـە کۆنیشـەوە لـە نێوەنـدی بڕیاردانـی دەسـەڵاتە یـەك لـە دوایەکەکانـی (ئەمەریـکا)وە نزیکبـووە. لەبـەر ئـەوە جێـی بـاوەڕ و متمانـەی سـەرکردەکانی (ئەمەریکا)یـە.

پڕۆژەکـەی (برنـارد)، بـۆ سـەرلەنوێ دابەشـکردنەوەی نێوچەکـە، خـۆی لـە چـەن خاڵێکـدا دەبینـێ و (ئەمەریـکا)ش کاری لەسـەر دەکا. یەکـێ لـە ئـەو خاڵـە گرنگانـە ئەوەیـە: چـۆن دەوڵەتەکانـی بـەرەی خـۆراوا بتوانـن، چـەن جەنگێکـی درێژخایـەن، لەنێـوان لایەنـە ناکۆکەکانـی نێوچـەی (کەنـداو)دا هەڵگیرسـێنن، وەك جەنگـی (عێراق-ئێـران ١٩٨٠-١٩٨٨)، تـا بـە بیانـووی ئـەو جەنگانـەوە، هێزەکانیـان دەسـت بەسـەر نێوچەکـەدا بگـرن، هەمـوو ئـەو هەڵـە و کەموکوورییانـەی لـە ڕێککەوتننامەکـەی (سـایکس – پیکـۆ)دا هەیـە، چارەسـەری بکـەن. ئـەوە بـوو، سـاڵی (١٩٨٣)، کۆنگرێسـی (ئەمەریـکا) بـە تێکـڕای دەنـگ، پڕۆژەکەیـان پەسـەندکرد و وەك بەرنامەیەکـی سـتراتیژی هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ دەکـەن.

ئـەو دەوڵەتانـەی بەپێـی ئـەو پڕۆژەیـە، تووشـی زیـان دەبـن، ئەمانـەن: (میسـر، سـۆدان، لیبیـا، جەزایـر، مەغریـب، نیوەدوورگـەی عـەرەب، عێـراق، سـووریا، ئـوردون، لوبنـان، فەلەسـتین، ئێـران، پاکسـتان، ئەفغانسـتان و تورکیـا). چونکـە ئـەم دەوڵەتانـە، چەندیـن گرفتـی نەتەوەیـی، ڕامیـاری، ئایینـی، ئایینزایـی، ئابـووری و کۆمەڵایەتییـان هەیـە، دوژمنایەتییەکـی کۆنـی مێژوویـش لـە نێوان زۆربەیانـدا هەیـە. لەبەرئـەوە کارێکـی ئاسـانە بەگژ یەکیانـدا بکـەن.

بـەڵام ئـەو لایەنانـەی کەڵـك لـە پڕۆژەکـە وەردەگـرن، ئەمانـەن: (دەوڵەتـی عەرەبیـی شـیعە، ئەرمەنسـتان، ئازەربایجـان، بەلووچسـتان، کوردسـتان و دەوڵەتی ئیسـلامیی پیـرۆز). ئـەوەی گرنگـە، لـە ئـەو پـڕۆژە سـتراتیژییەی گۆڕانـکاری لـە خۆرهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا دەکا، دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی (کوردسـتان)ی گـەورەی تێـدا هەیـە!

ڕەنگـە لـە داهاتـوودا جەنگێکـی درێژخایەنـی گـەورەی سەرتاسـەری جیهانیـی، لـە نێوچـەی خۆرهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا بەرپابـێ، دەوڵەتەکانـی هاوپەیمانـی (ناتـۆ) بـە گشـتی و (ئەمەریـکا، بریتانیـا، فەڕەنسـە، ئیتالیـا، ئەڵمـان و ئیسـرائیل) بەتایبەتـی، تێیـدا بەشـداربن، بـۆ ئـەوەی ڕێککەوتننامەیەکـی (سـایکس – پیکـۆ)ی دیکـەی نـوێ، لـە نێوچەکـەدا جێبەجێکـەن. دوور نییـە، لـە ئـەم جەنگـە مرۆڤکوژانەیـەدا، پێڕەوکارانـی هەمـوو ئایینـەکان بەگشـتی و هـەردوو ئایینـی فەلـە و جـوو بەتایبەتـی، دژی پێڕەوکارانـی ئایینـی ئیسـلام یەکبگـرن، بـۆ ئـەوەی لـە دەسـت گەشـەکردنی فاشـیزمی ئیسـلامی و تیرۆریـزم ڕزگاریـان ببـێ و دەسـەڵاتەکانیان لەنێوبـەرن، تـا جەنگەکـەش تـەواو دەبـێ و نێوچەکـە بەتـەواوی ئـارام دەبێتـەوە، نزیکـەی (١٠٠) ملیـۆن کەسـی تێـدا دەکـوژرێ!

لـە کۆتاییشدا دەڵێم: ئـەوڕۆ پتـر لـە (١٠٠) سـاڵ، بـە سـەر ئـەو ڕێککەوتننامـە ڕەشـە پڕبەڵایـەدا تێپەڕدەبـێ، کەچـی هێشـتا خاکـی (کوردسـتان) داگیـر و دابـەش کـراوە. هێشـتا نەتـەوەی کـورد، هـەر دیـل و ژێردەسـتە. هێشـتا ڕۆڵەکانـی کـورد، خاوەنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی خۆیـان نیـن و وەك مـرۆ ناژیـن! بۆیـە کاتـی ئـەوە هاتـووە، هەمـوو هەوڵـەکان ڕێکبخرێـن، هەمـوو تواناکان یەکبگـرن، بـۆ ئـەوەی کۆتایـی بـە ژێردەسـتی و چەوسـاندنەوەی نەتەوەیـی بێنـن، داوای سـەربەخۆیی خاکـی (کوردسـتان) و سەربەسـتیی نەتـەوەی کـورد بکـەن، دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی لەسـەر خاکـی نیشـتمانەکەمان دامەزرێنـن.

***

*** نووسەر و مامۆستای زانکۆ**

**ڕەنگە لە داهاتوودا جەنگێکی درێژخایەنی گەورەی سەرتاسەری جیهانیی، لە نێوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بەرپابێ، دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی (ناتۆ) بە گشتی و (ئەمەریکا، بریتانیا، فەڕەنسە، ئیتالیا، ئەڵمان و ئیسرائیل) بەتایبەتی، تێیدا بەشداربن، بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەیەکی (سایکس – پیکۆ)ی دیکەی نوێ، لە نێوچەکەدا جێبەجێکەن**

**ئەو دەوڵەتانەی بەپێی ئەو پڕۆژەیە، تووشی زیان دەبن، ئەمانەن: (میسر، سۆدان، لیبیا، جەزایر، مەغریب، نیوەدوورگەی عەرەب، عێراق، سووریا، ئوردن، لوبنان، فلەستین، ئێران، پاکستان، ئەفغانستان و تورکیا). چونکە ئەم دەوڵەتانە، چەندین گرفتی نەتەوەیی، ڕامیاری، ئایینی، ئایینزایی، ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە، دوژمنایەتییەکی کۆنی مێژوویش لە نێوان زۆربەیاندا هەیە. لەبەرئەوە کارێکی ئاسانە بەگژ یەکیاندا بکەن**

# هەنگاونان بەرەو راگەیاندنی سەربەخۆیی



د. ڤیان سلیمان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بەم وتەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی دەست پێدەکەم «ئەگەر گەلی کوردستان چاوەڕێی ئەوە بێت، خەڵکی تر مافی سەربەخۆیی وەك دیاری پێشکەشی بکات، ئەوە هیچ کات سەربەخۆیی بەدەست ناهێنێت.»

بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەر گەل و نەتەوەیەك لە چوارچێوەی ئەو سنوورە جوگرافییەی کە تێیدا ژیان دەکات، مافی ڕێپێدراوی خۆیەتی کە چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات، لە کاتی هەبوونی رەگەزە بنەڕەتییەکانی وەك خاك و دانیشتوان و زمان و دامودەزگا بۆ هەڵسووڕاندنی پرۆسەی سیاسی و ئیدارەدانی وڵات. گەلی کوردستانیش وەك گەلێکی خاوەن هەموو ئەو رەگەزانە، گەلێك کە سەدان ساڵە قوربانی دەدات و جینۆساید دەکرێت، گەلێك کە خاوەن تایبەتمەندییەکانی وەك جۆراجۆری نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و پێکەوەژیانی هاوسەنگانەی کەلتوورە جیاوازەکانە، مافێکی رەهای خۆیەتی کە سەربەخۆ بێت و خۆی خۆی بەڕێوەببات.

راگەیاندنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان لەسەر بنەمای دروستبوونی دەوڵەتێك بۆ نەتەوەی کورد و هەموو ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرانەی کە لەگەڵ نەتەوەی کورددا بە درێژایی مێژوو لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، وەك لە وتەکەی سەرۆك بارزانیدا هاتووە؛ دەگەڕێتەوە بۆ خودی گەلی کوردستان و ئەگەر گەلی کوردستان خۆی بریار لەو مافە نەدات، ئەوا نابێت چاوەڕێ بێت خەڵکی دیکە ئەو مافەی پێشکەش بکەن، چونکە ماف دەسەندرێت و نادرێت.

ئێستا لە ئەنجامی رووداوە یەك لە دوای یەکەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکەدا هاتوونەتە کایەوە، رووبەڕووی هەڵوێستێك بووینەتەوە؛ کەوا هەنگاونان بەرەو دواوە لەسەر ئاستی هاونیشتمانیان قبوڵ ناکرێت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بە شکست هەژمار دەکرێت. بۆیە ئەو رێگەیەی کە هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ ناوە، ئەویش لە ئەنجامی بارودۆخێك بووە کە هەرێمی کوردستان ناچارکرا بە گرتنەبەری چەند رێوشوێنێکی پێویست کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەم:

### ١. شاڵاوی داگیرکاری تیرۆریستان

رووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و ئازادکردنەوەی ناوچەکانی سنووری مادەی «١٤٠» ئەویش لە کاتێکدا بوو، کە سوپای عێراق بە شێوەیەکی بەرفراوان تووشی شکست بوو؛ بۆیە هێزی پێشمەرگە بۆ پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیانی کوردستان بەرپەرچی تیرۆریستانی دایەوە و بۆ هەموو دنیای سەلماند، کە تاکە هێزە لە ناوچەکەدا بتوانێ بەرەنگاری داعش ببێتەوە.

### ٢. گەمارۆی ئابووری بەغدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان

لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان هەموو کارێکی کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەی بەناو (دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ)، حکومەتی ناوەند بڕیاری بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانی دا، بۆیە هەرێمی کوردستان ناچاربوو بڕیاری سەربەخۆیی ئابووری بدات، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر گرنگترین کەرتی ئابووری کە نەوتە، بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا لەگەڵ چەندین کۆمپانیا گرێبەستی ئەنجام دا و، توانی تا ڕادەیەك بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان جێگیر بکات .

### ٣. لەسەر ئاستی پێوەندییە دەرەکییەکان

لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا کە دەربارەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبەسترا، حکومەتی عێراق گرنگی بە بەشداری نوێنەرانی هەرێم لەو کۆبوونەوانەدا نەدەدا؛ بۆیە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەناڵ و دامودەزگاکانی خۆیەوە پەرەی بەو پێوەندییانە دا. لە جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش، وڵاتانی دنیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەست، بانگهێشتی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان دەکەن و سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان لەسەر ناوچەکە و هەموو جیهان پرس و ڕاوێژ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مسعود بارزانی دەکەن.

### ٤. پێگەشتنی بیر و هەستی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی

ئەوەی تێبینی دەکرێت جەماوەری کوردستان ئامادەییەکی بێسنووریان تێدایە بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسی لەسەر چارەنووسی کوردستان و دەنگدان بە «بەڵێ» بۆ جیابوونەوە لە عێراق و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەمەش لە ماوەی ڕابردوودا لە چەندین چالاکی و کەرنەڤاڵی جەماوەری بەرفراوان دەرکەوت، کە سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی کە بۆ ئەم پرۆسەیە و ساردکردنەوەی جەماوەر لەم ماوە دروست دەکرێت، بەڵام جەماوەری کوردستان ئینتیمای هەیە بۆ بوون بە دەوڵەت و ئامادەییەکی ڕۆحی و ڕۆشنبیری و ئاگایی لە سەر ئاستی تاك هەیە، بە شێوەیەك کە هاووڵاتیان لە پێناو ئەم ئامانجە مەزنە بەرگەی سەختترین بارودۆخیان گرتووە.

### ٥. سەقامگیریی باری ئەمنی

سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕقەیران و ناجێگیردایە لە ڕووی ئەمنییەوە، هەروەها بارودۆخێکی ناجێگیری ئەمنی وڵاتانی دراوسێی گرتۆتەوە، بەڵام بە هۆی بوونی دامودەزگای ئەمنی نیشتمانی و بەهێز، بەتایبەت ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هەموو دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ هەرێمی کوردستان لەو پەڕی سەقامگیری ئەمنیدایە و هاونیشتمانیان بە تەواوی متمانەوە لە سەروماڵی خۆیان دڵنیان و لە ئاستێکی بەرزی ئارامیدا دەژین، تەنانەت هەرێمی کوردستان بووە بە جێی حەوانەوەی ئاوارە و پەنابەران، ئەمەش کارایییەکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان کە دڵنیایی بداتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەی کە دامودەزگاکانی توانای پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتیانیان هەیە و هۆکاری سەقامگیریی ناوچەکەشن.

ئەم خاڵانە و چەندین فاکتەری دیکەش بوون بە هۆی هاتنەپێشەوەی بارودۆخێك کەوا سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی سەربازی، دیاریکردنی سنوور، ئابووری، پێوەندییە دەرەکییەکان، سەقامگیری بێتەدی. ئەمەش وایکردووە، کەوا لە دوایین هەنگاو نزیك ببینەوە، کە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناو دانیشتووانی کوردستان.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: بە بێ قوربانیدانی پێشمەرگەی کوردستان نەماندەتوانی ئەم هەموو قۆناغە ببڕین. خۆڕاگری سەرجەم کوردستانییان، بڕیار و ڕوانگە دروستەکانی سەرۆك بارزانی و کارامەیی و دانایی لە بەڕێوەبردنی دۆسیێی چارەنووسسازەکان وەك نوێنەری ئیرادەی گشتی خەڵکی کوردستان و ئاراستەی خواست و داواکاری گەلی کوردستان و مرۆڤی کوردستانی بۆ گرتنەئەستۆی چارەنووسی خۆیان، بڕیاردان لەو چارەنووسە و کاریگەری ڕاوبۆچوونەکانی لەسەر وڵاتانی خاوەن بڕیار و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؛ هەر بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە؛ بەبێ ترس لە کەس و بەبێ دوودڵی لە داهاتوو بگەینە ئەو بڕوایەی کە زەمینەیەکی لەبار لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و نێودەوڵەتییەوە هەیە بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و بوون بە دەوڵەت.

**گەلێک کە سەدان ساڵە قوربانی دەدات و جینۆساید دەکرێت، گەلێک کە خاوەن تایبەتمەندییەکانی وەک جۆراجۆری نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و پێکەوەژیانی هاوسەنگانەی کەلتوورە جیاوازەکانە، مافێکی ڕەوای خۆیەتی کە سەربەخۆ بێت و خۆی خۆی بەڕێوەببات**

**وڵاتانی دنیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بەست، بانگهێشتی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان دەکەن و سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان لەسەر ناوچەکە و هەموو جیهان پرس و ڕاوێژ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز (مسعود بارزانی) دەکەن**

# هەنگاوەكانی چاكسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

## لە ژێر ڕۆشنایی پەیامەكەی سەرۆك بارزانی



د.فەرسەت سۆفی

بۆ گوڵانی نووسیوە

چاكسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئەو پێداویستییە سەرەكییانەن كە بە قەد شەڕی تیرۆر بۆ ئایندەی هەرێمی كوردستان گرنگ و پڕبایەخن، دواخستنی شەڕی گەندەڵی ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕەكە سەختتر و قورستر دەكات، بۆیە نابێت لە ژێر هیچ پاساوێك پرۆسەی چاكسازی بوەستێت، یان دوابخرێت. ئێمە پێمانوایە هەموو كات لە بارە بۆ چاكسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

ئەوەی لێرە گرنگە ئاماژەی پێبدەین و تیشكی بخەینەسەر، ئەو پرۆسەیەیە كە سەرۆك بارزانی دەستی پێكردووە، كە هەڵقووڵاوی ئیرادەیەكی ڕاستەقینە و جددی جەنابیانە. لە دوایین پەیامی خۆی لە سەر چاكسازی زۆر بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو كە پرۆسەكە بەردەوام دەبێت و هیچ كەسێكیش پارێزبەندی نییە و ناشبێت تێكەڵ بە ململانێی سیاسی بكرێت و دەبێ گشتگیر بێت و قەتیس نەكرێت لە جوگرافیایەكی دیاریكراو، لە هەمووشی گرنگتر لەو پەیامەی سەرۆك بارزانی ئەوە بوو كە دەبێ پرۆسەكە لە چوارچێوەیەكی دامەزراوەیی بەڕێوەبچێت، واتە هەر یەكە لە دامەزراوە پێوەندیدارەكان بە ئەركی یاسایی خۆیان هەڵبستن و هەموو دامەزراوەكان بەشدار بن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم بابەتە تێكەڵ بە دەستكەوتی حزبی و كەسی نەكرێت و وەك پرۆسەیەكی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بكرێت.

ئەوەی تا ئێستا لە چوارچێوەی پرۆسەی چاكسازی ئەنجامدراوە، یان گرنگە كە كاری لەسەر بكرێت، دەتوانرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە كورتی بكەینەوە:

١. جەنابی سەرۆك زنجیرەیەك كۆبوونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری و دەستەی نەزاهە و داواكاری گشتی و دیوانی چاودێریی دارایی ئەنجام داوە و ئەم كۆبوونەوانەش بە شێوەیەكی دەوری بەردەوامییان هەیە، ئەمەش بۆ ئەوەی پرۆسەكە بە شێوەیەكی یاسایی و دامەزراوەیی بەڕێوەبچێت و هەر یەك لەو دەزگا گرنگانە بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبستن.

٢. تا ئێستا **٩٣** دۆسیەی گەندەڵی ئاراستەی دەستەی نەزاهە و داواكاری گشتی كراون، كە ئەم دۆسیانە بە پلەی یەكەم پێوەندیدارن بە نەوت، وەزارەتی پێشمەرگە، زێدەڕۆیی لەسەر زەویی میری، وەبەرهێنان، موساتەحات، دەرمان، بانكەكان و گۆڕینەوەی چەكی بانكی، تەندەر و مقاوەلات لە سەرجەم وەزارەت و پارێزگاكان، شوێنەكانی دەعارە و قومار. ئەم دۆسیانە بەپێی پسپۆڕی لە نێوان دەستەی نەزاهە و داواكاریی گشتی دابەشكراون و

دەستکراوە بە پرۆسەی لێکۆڵینەوە و گرتنە بەری رێکاری یاسایی و دادوەری لە سەر ئەم دۆسیانە.

٣. سێ لیژنە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و بەدواداچوون تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە و دەرمان و زێدەڕۆیی لە سەر زەویی میری پێکهاتوون و لیژنەکان دەستبەکار بوون و وەك سەرەتا کاری باشیان ئەنجام داوە. ئەندامانی لیژنەکان کەسی شارەزان و لە سەرجەم پارێزگاکانن و دوور لە حزبایەتی دانراون.

٤. پرۆسەیەکی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە سەر موڵك و ماڵ و پرۆژەکان دەستی پێکردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە داهاتوو بە جددی ئەم پرسیارە بخرێتە بەردەم بەرپرسەکان کە ئەمەت لە کوێ بوو (من این لك هذا)؟ بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی ئاسان نییە و پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەکە، چونکە مەرج نییە ئەو کەسە کە پۆستێکی باڵای هەیە، پرۆژەکەی بە ناوی خۆی کردبێت.

٥. حکومەتی هەرێمی کودستان لە ماوەی رابردوو لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات و شەفافییەت لە نەوت نزیکەی ٤٠ بڕیاری دەرکردووە و چەند لیژنەشی پێکهێناوە، ئەوەی گرنگە ئەنجامی بڕیارەکانە و زۆر پێویستە حکومەت لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ خەڵکی کوردستان روونی بکاتەوە، کە ئەم بڕیارانە چەندی جێبەجێکراون، لە ئەنجامی ئەو بڕیارانە چەند پارە بۆ حکومەت گەڕاوەتەوە و، لە نەوت چیکراوە؟، ئایا ئێستا چۆن وردبینی بۆ داهاتەکانی نەوت دەکرێت؟

٦. حکومەتی هەرێم پێشتر پلانی چاکسازی لە وەزارەتی دارایی راگەیاند، دواتریش بە پشتیوانی بانکی نێودەوڵەتی پلانی ریفۆرمی ئابووری راگەیاند، ئەمانە دوو بابەتی زۆر گرنگن و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە قۆناغ بە قۆناغ خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی کاری ئەم نەخشەڕێیە ئاگادار بکرێتەوە. جەنابی سەرۆك لە پەیامەکەیدا تایبەت بە چاکسازی پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ پلانی ریفۆرمی حکومەت راگەیاند.

٧. لە بواری وەزیفەی گشتی تایبەت بە خانەنشینی و دووموچەیی و بندیوار و چاودێری کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك لیژنە پێکهێنراون و بڕیاریشە سیستەمی مووچە بە ئەلیکترۆنی بکرێت، زۆر گرنگە ئەم بابەت پەلەی تێدا بکرێت، چونکە بە دڵنیایی بە هەزاران کەس هەن دوومۆچە وەردەگرن، یان مووچە وەردەگرن و دەوام ناکەن، یان بە نایاسایی خانەنشین کراون، یان بە ناحەق خراونەتە لیستی چاودێری کۆمەڵایەتی.

٨. دەستکراوە بە دیراسەتکردنی گۆڕانکاری ئیداری لە پۆستە کارگێڕییەکان، کە پێمانوایە ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت و گرنگە خەڵکی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکارییەکان ببینن، چونکە هەندێ بەرپرسی ئیداری ساڵانێکی زۆر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە، جا ئەگەر کەسی سەرکەوتوون، با پاداشت بکرێن و ببردرێنە شوێنی باشتر، ئەگەر فاشلیش بوون و لە گەندەڵی گلاون، کاتی هاتووە کە سزا بدرێن و دووربخرێنەوە. زۆر زۆر گرنگە پرەنسیپی سزا و پاداشت لە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە کاری پێبکرێت.

٩. ئەوەی پەیوەستە بە تەرشیقی هەیکەلیەتی حکومەت و چاکسازی لە باج و بە دامەزراوەییکردنی سێکتەری نەوت و زۆر پرسی دیکەی گرنگ، پێویستی بە پەرلەمانە، چونکە ئەم بابەتانە لە رێگای هەمواركردنی یاساکان چاکسازییان تێدا ئەنجام دەدرێت، بۆیە لەم قۆناغە بۆ ئەوەی پرۆسەی چاکسازی بکەوێتە سەر راستەڕێگای خۆی پێویستە پەرلەمانیش بکەوێتەوە کار و لەم پرۆسەیە بەشدار بێت.

١٠. زۆر گرنگە کە پرۆسەی چاکسازی لە چوارچێوەی ستراتیژێکی گشتگیر دابڕێژرێت. هەروەها گرنگیشە کە دەزگاکانی راگەیاندن و میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رای گشتیش هاوکار و پشتیوان بن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە.

١١. سەرۆك بارزانی پرۆسەیەکی چاکسازی لە ناوخۆی پارتی راگەیاندووە و بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك لیژنە پێکهێنراون و لە ئایندەیکی نزیکدا هەنگاوی کرداری لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیە دەبینین. ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر بمانەوێت چاکسازی لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم بکەین، دەبێ سەرەتا لە حزبەکانی خۆمانەوە دەست پێبکەین. بە بێ چاکسازی لە حزبەکان زۆر ئاستەمە باسی چاکسازی لە حکومەت بکرێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئاماژەی پێبدەین، ئەوەیە کە گەندەڵی سەرجەم دامەزراوەکانی ئەم هەرێمەی گرتۆتەوە و خەریکە دەگاتە سنووری هێڵی سوور، دواخستنی رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، یان نواندنی خەمساردی بۆ ئایندە دەبێتە بەڵایەکی گەورە، بۆیە زۆر باشترە ئەمڕۆ دەستی پێبکەین نەك بیخەینە بەیانی، چونکە لەوانەیە ئەوکات درەنگ بێت و گەندەڵی ببێتە شێرپەنجە و نەتوانین بنبڕی بکەین.

**لە هەمووشی گرنگتر لەو پەیامەی سەرۆک بارزانی ئەوە بوو کە دەبێ پرۆسەکە لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بەڕێوەبچێت، واتە هەر یەکە لە دامەزراوە پێوەندیدارەکان بە ئەرکی یاسایی خۆیان هەڵبستن و هەموو دامەزراوەکان بەشدار بن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم بابەتە تێکەڵ بە دەستکەوتی حزبی و کەسی نەکرێت و وەک پرۆسەیەکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

**تا ئێستا ٩٣ دۆسیەی گەندەڵی ئاراستەی دەستەی نەزاهە و داواکاری گشتی کراون، کە ئەم دۆسیانە بە پلەی یەکەم پێوەندیدارن بە نەوت، وەزارەتی پێشمەرگە، زێدەڕۆیی لە سەر زەویی میری، وەبەرهێنان، موساتەحات، دەرمان، بانکەکان و گۆڕینەوەی چەکی بانکی، تەندەر و مقاولات لە سەرجەم وەزارەت و پارێزگاکان، شوێنەکانی دەعارە و قومار**





### عەمید عەبدولڕەحمان ئیسماعیل بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر:

# کارتی نیشتمانی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و حکومەتی ئەلەکترۆنی دەگونجێت

**کارتی نیشتمانی وەکو بەڵگەنامەیەکی نوێ بۆ جێگرەوەی ناسنامەی (باری شارستانی، ڕەگەزنامەی عێراقی، کارتی زانیاری) قسەو باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی کە پێوەندی بە پێدانی هەموو زانیاری و داتای وردی هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە، ئەم پرسە و چەندین پرسیاری دیکەمان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ عەمید عەبدولڕەحمان ئیسماعیل بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی هەولێر ورووژاند و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان دەستکراوە بە دەرکردنی کارتی نیشتمانی، ئایا گرنگی ئەم کارتە نیشتمانیە چییە کە ئێستا حکومەتی عێراق بڕیاری جێبەجێکردنی داوە، لەکاتێکدا چەندین ساڵە ئەم پرۆژەیە بە هۆی باری ناسەقامگیری و نائارامیی عێراق جێبەجێ نەکراوە؟**

- مێژووی پرۆژەی کارتی نیشتمانی عێراق بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام پرۆژەکە بە هۆی شەڕی ئێران- عێراق و دواتر شەڕی دووەمی کەنداو و گەمارۆی ئابووری نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، چونکە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە پارە و دۆخێکی سەقامگیری پێویستە. لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ٢٠٠٣

دووبارە بیرۆکەی کارتی نیشتمانی دەستی پێکردەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کارتی نیشتمانی هەیە وەکو ئەڵمانیا و ئەمەریکا و وڵاتانی کەنداو و تەنانەت لە وڵاتی ئیمارات هەر کەسێك موقیمیش بێت ئەو کارتەی هەیە، ئەمە شێوازێکی مۆدێرن و پێشکەوتووترە لە نفووس و رەگەزنامەی شارستانی و بەڵگەنامەکانی دیکە کە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە دانران، کە بە هیچ شێوەیەك ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆژیای سەردەم ناگونجێت، لەلایەکی دیکەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان باس لە حکومەتی ئەلەکترۆنی و زیرەك و چەندین بواری پێشکەوتووی دیکە دەکەین، هەوێن و دەستپێکی ئەو حکومەتە پێشکەوتووانەش کارتی نیشتمانییە، ئەم کارتەش شتێکی زۆر باشە، بەتایبەتی بۆ بواری ئاسایش و ئابووری و پلان و بەرنامەی وەزارەتەکانی حکومتی هەرێمی کوردستان.

*** بەڵام وەکو لە قسەکاندا دەرکەوت، سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە دۆخێکی سەقامگیر و ژینگەیەکی لەباری پێویستە، ئایا لە ناو تەب و تۆزی شەڕ داعش و شەڕی دژ بە کورد و تائیفی و بوونی حکومەتێکی تائیفی لە عێراقدا، حکومەتی مەرکەزی پرۆژەکە بۆ مەرام و کارتێکی سیاسی دژ بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەکار ناهێنێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئێوە سەرجەم زانیاری وردی هاووڵاتیانی کوردستان بۆ بەغدا دەنێرن؟**

- پێشتر زۆر لەو داتایانە و زانیارییانە لە ڕێگەی ئەوانەی کە پاساپۆرت دەردەهێنن، چووە بۆ بەغدا، ئەم پرسیارەت سیاسییە زیاتر، من وەکو کەسێکی سیاسی ناتوانم لێدوان بدەم، بەڵام وەکو کەسێکی شارەزا و ئەزموونی خۆم لە بواری یاسادا دەتوانم بڵێم ئەم پرۆسەی کارتی نیشتمانییە لە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم و راپرسی لەسەر سەربەخۆیی، هیچ زیانی بۆ ئەو هەنگاوە مێژووییە نابێت، ئێستا لە هەرێمی کوردستان سەرکردایەتی سیاسی و چەند دامەزراوەیەکی شەرعیمان هەیە، وەکو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و چەندین دامەزراوەی دادگایی و یاساییمان هەیە کە هەر پێشهاتێك بێتە پێشەوە، ئەوان خاوەنی بڕیارن. وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە خزمەتی ئەو پرۆژەیەدا دەبین کە ئەوان رایدەگەیەنن، تا ئەو کاتە بابەتی پاساپۆرت و رەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی و چەندین بواری دیکە چارەسەری گونجاوی بۆ دەدۆزرێتەوە، ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامە و رەگەزنامەی هەولێر گرفتمان لەسەر داتا و زانیاریەکان نییە هەر داتا و زانیاری و سجلێك بنێرینە بەغدا، کۆپییەکی لای خۆمان هەیە و پارێزراوە.

*** لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا تاچەند رەچاوی ئاوارە و ئەو هاووڵاتیانە کراوە کە لە دەرەوەی وڵاتن؟**

- پێویستە رەچاوی ئەو حاڵەتە بکرێت، بۆ نموونە هاووڵاتیەك لە هەولێر نیشتەجێیە و نفووسەکەی بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی و رەگەزنامەی رەسافەیە لە بەغدا کە رەنگە نەتوانێت بەو بارودۆخە خراپە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، هەر بۆیە پێشنیارمان کردووە کە وەکو هەرێمی کوردستان هاوکارییان بکەین و لە شارەکانی کوردستان نووسینگەیان بۆ بکرێتەوە، سەبارەت بە هاووڵاتیانی کوردستانیش لە دەرەوەی وڵات بە هەمان شێوە داوامان کردووە لە کونسوڵخانەکانی عێراق بتوانن کارەکانیان بۆ بکرێت.

*** ئایا لە کاتی دەرکردنی کارتی نیشتمانی تا چەند ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان کراوە بۆ ئەوەی دووچاری قەڵەباڵغی و رۆتین نەبن؟ ئایا پێشبینی ئەوە کراوە هاووڵاتیان بەهۆی ئەو بارودۆخەی بە سەر کوردستان و عێراقدا هاتووە، گرفتی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە؟**

- کارتی نیشتمانی نوێترین شێوازی خزمەتکردنی هاووڵاتیانی تێدا رەچاو کراوە، کارمەندەکانمان بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن، بە هیچ شێوەیەك کاغەز و قەڵەم بەکار ناهێنن، تەنانەت مۆر و واژووەکانیش ئەلەکترۆنییە ناسنامەکە کە یوزەر و پاسوۆردی تایبەت بە خۆی هەیە شێوازێکی پێشکەوتووە و چیتر پێویستیمان بە فایل و دۆڵاپ بۆ ئەرشیفکردن نامێنێت، من سوپاسی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم کە پاڵپشتی و هەماهەنگییەکی باشی بوو، ئەمڕۆ کارمەندی باشمان هەیە و چەندین ئەندازیاری بواری ئای تی و تەکنەلۆژیامان دامەزراندووە و چەندین خول و راهێنان بۆ فەرمانگەکانی دیکە لە بەرنامەدایە، ئەمەش هەمووی بۆ خزمەتی باشتر و بەڕێوەچوونی پرۆسەکەیە بۆ هاووڵاتیان، ٤٣ فەرمانگەشمان لە سنووری پارێزگای هەولێر هەیە. ئەمڕۆ لە فەرمانگەی رۆژهەڵاتی هەولێر کە تایبەتە بەو هاووڵاتیانەی لە ناسنامەی باری شارستانییەکەیان نووسراوە بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی شارستانی رۆژهەڵات ٢٥٠ هاووڵاتی لە سەرووی تەمەنی ١٠ساڵ کە پرۆژەکە دەیانگرێتەوە، کارەکانیان جێبەجێ دەکرێت، لە ٢٨ی ئادارەوە تا ئەمڕۆ زیاد لە ٧٠٠٠ هاووڵاتی کارتی نیشتمانیمان پێداون، بەپێی ئەزموونی خۆیشم پێشبینی دەکەم ئەم پرۆژەیە زیاتر لە پێنج ساڵ بخایەنێت.

*** بۆ دەرکردنی کارتی نیشتمانی هاووڵاتیان پشت بە چ بەڵگەنامەیەکی فەرمی دەبەستن، بە واتایەکی دی دەبێت پەیوەندی بە چ فەرمانگەیەکی شارستانی و رەگەزنامەیەکەوە بکەن؟**

بۆ دەرکردنی کارتی نیشتمانی پشت بە ناسنامەی باری شارستانی (نفووس) دەبەسترێت، بۆ نموونە هاووڵاتیەك ئەو بەڵگەنامەیەی لە سلێمانی دەرچوویێت و لە هەولێر نیشتەجێ بووە، دەبێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو شارە بکات، واتا سجل و سەحیفەکەی بەڵگەنامەکەی لەکوێ بێت، دەبێت لەو فەرمانگەیە کارتی نیشتمانی بۆ دەربهێندرێت.

**کارتی نیشتمانی نوێترین شێوازی خزمەتکردنی هاووڵاتیانی تێدا رەچاو کراوە، کارمەندەکانمان بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن، بە هیچ شێوەیەک کاغەز و قەڵەم بەکار ناهێنن، تەنانەت مۆر و واژووەکانیش ئەلەکترۆنییە ناسنامەکە کە یوزەر و پاسۆردی تایبەت بە خۆی هەیە**

**سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا و شێوازی نوێی کارکردن سوودێکی گەورەی بۆ پرۆژەکانی داوارۆژی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، کە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان دەیەوێت پەیڕەوی بکات**

**لە ٢٨ی ئادارەوە تا ئەمڕۆ زیاد لە ٧٠٠٠ هاووڵاتی کارتی نیشتمانیمان پێداون، بەپێی ئەزموونی خۆیشم پێشبینی دەکەم ئەم پرۆژەیە زیاتر لە پێنج ساڵ بخایەنێت، بەڵام بەو پێیەی پرۆسەکە درێژخایەنە و چەندین فەرمانگەمان هەیە، بۆیە قەڵەباڵغی روونادات**